
# نوکتەکانی
# مەلا مەشهوور

و / موحسین چینی



پانزەهەمین چاپ
2014

Scanned by CamScanner

# نوکتەکانی

# مەلا مەشهوور

و: موحسین چینی




یانزە هەمین چاپ

٢٠١٤ ز

Scanned by CamScanner

# نوکتەکانی مەلا مەشهوور

ناوی کتێب : نوکتەکانی مەلا مەشهوور
کۆمپیوتەر : ئارام دلشاد – جێمس چینی
چاپ : چاپخانەی شەهاب – هەولێر
نۆرەی چاپ : یانزە هەمین چاپ – ٢٠١٤
تیراژ : ٢٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان
ژمارە سپاردنی ( ٢٧٤ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ی دراوەتێ

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە

نرخی ( 2500 ) دینارە

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

## « قوربان تووڕە مەبە، نۆ دینارەكە بێنەو بەسە ! »

شەوێك مەلا مەشهوور نوستووەو خەون دەبینێ، سەیر دەكا كابرایەك گوایە قەرزاریەتی و دەیەوێ لە جیاتی دە دینار نۆ دیناری بداتەوە . مەلا قایل نابێ و مشتومڕیان لێپەیدا دەبێ، پەلاماری بێخەی یەكدی دەدەن و خەریك دەبن سەرو گوێلاكی یەكدی بكوتنەوە .

لەو كاتە هوشیار دەبێتەوە . سەر لە نوێ سەری بە بالیفەكەی خۆی دەكاتەوە و لێفەكەی بە سەر خۆی دادەداتەوە . لەژێرەوە دەستی بۆ كابرای قەرزار درێژ دەكا و، پێی دەڵێ :

- قوربان تووڕە مەبە، نۆ دینارەكە بێنە و بەسە !

## « دەمەوێ كەمێك بحەسێمەوە »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە ڕێگاوبانێكی دەرەوەی شاردا، سەیر دەكا چەند سوارێك بەغار بۆ لای ئەو دێن . سەیری دەوروبەری خۆی دەكا و دەترسێ . گۆرستانێكی لێ نزیك دەبێ، جلوبەرگەكانی خۆی لە بەر دەكاتەوە، بە رووتی خۆی لە چاڵێك دەنێ . سوارەكان لێی نزیك دەبنەوە، دەبینن مەلا بە رووتی لە نێو چاڵێك قیت ڕاوەستاوە .

سوارەكان لێی دەترسێن و لە دوورەوە پێی دەڵێن :

- تۆ كێی ؟
- من مردووم ... لەو گۆڕە تەسكە بێزار بووم، لای خوا چەند ڕۆژێك مۆڵەتم وەرگرتووە بچمە دەرەوە .

سوارەكان كە گوێیان لەو قسانە دەبێ زەندەقیان دەچێ و یەكسەر هەڵدێن .

Scanned by CamScanner

# ﴿ منیش بیر لەو وەڵامە دەکەمەوە ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور دەست دەداتــە زەمیلەیــەك و دەچــێتە نێــو باخــچەیەك خاوەنەکەی لەوێ نابێ، بە هەوەستی خۆی هەرمێ و سێو لێدەکاتەوە زەمیلەکە پڕ میوە دەکا . کاتێ دەیەوێ بچێتە دەرەوە، خــاوەنی باخــچەکە لێــی پەیــدا دەبێ، مەلا دەترسێ، کابرا دەپرسێ :

- ئەوە چ دەکەی لێرە ؟
- قوڕبان لە لای ئێمە بایەکی توند هەڵیکردبوو، منی فڕاند و ناچار بــووم خۆم بەم لقە دارانە بگرمەوە .
- باشە . ئەی ئەو سێو و هەرمێیانە کێ لێی کردوونەتەوە ؟
- بۆ تۆ نازانی ئەوەی خۆی بــەو لــق و دارانــە بگرێتــەوە هەڵبەتــە ســێوو هەرمێش بەر دەبنەوە !
- ئەی کێ لە نێو ئەو زەمیلەی ناون ؟

مەلا خۆی نەشێواندو گوتی :

ئەوە ڕاستە ! منیش لەوەتەی تۆم بینیوە بیر لەو وەڵامە دەکەمەوە !



Scanned by CamScanner

## ﴿ بەلێدان حەلوا دەرخواردی میوان دەدەن ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور دەچێتە شاری قۆنیە، لە دوکانی حەلوا فرۆشێك لە سینییەکی حەلوا نزیك دەبێتەوە، ناوی خوای لێدێنێ و دەست بە خواردنی حەلوا دەکا .

کابرا تورە دەبێ، دەڵێ :

- بە چ حەقێك ماڵی خەڵك دەخۆی ؟

مەلا گوێ ناداتێ و لە خواردنی خۆی بەردەوام دەبێ .

دوکاندارەکە زۆر تووڕە دەبێ و، لە دواوە دەکەوێتە سەر سەرو گوێلاکی مەلا .

مەلا واز ناهێنێ و حەلواکان خێراتر دەخوا .

کاتێ تێر حەلوا دەبێ، دەڵێ :

- خەڵکی قۆنیە، خوا هەڵناگرێ ئێوە پیاوی زۆر چاکن، بەلێدان حەلوا دەرخواردی میوانی خۆتان دەدەن !

## ﴿ مانگی رەمەزان بە حسێبی گۆسکە ! ﴾

رۆژێك رەمەزان دەبێ، مەلا مەشهوور بۆ ئەوەی حسێبی رۆژەکانی بە رۆژووبوونی لێ تێکنەچێ و لە بینەو بەردەی خەڵك رزگار بێ گۆسکەیەك دەکڕێ، هەموو رۆژێك دوای رۆژوو شکاندن بەردێك دەخاتە نێو گۆسکەکەوە.

چەند رۆژێکی پێدەچێ کچە بچووکەکەی حەز دەکا لاسایی باوکی بکاتەوە، کۆمەڵە بەردێك دێنێ و گۆسکەکە پڕ بەرد دەکا . ئەو رۆژە دوو سێ میوانیان

دێ، بۆ ئێوارێ لە سەر ئەوەی کە ئیمڕۆ چەندی ڕەمەزانە لێیان دەبێتە مشتومڕ
مەلا دەڵێ : براینە شەڕی پێناوێ، ئێستا ئەوەتان بۆ یەکلا دەکەمەوە !
مەلا دەچێتە ئەو ژوورەی گۆسکەکەی لێدەبێ، لەوێ بەردەکان روو دەکاتە سەر زەوی ... بەردەکان دەژمێرێ و، سەیر دەکا ۱۲۰ بەردن . لە دڵی خۆیدا دەڵێ، لەوانەیە ئەگەر بڵێم ئیمڕۆ (۱۲۰)ەمین ڕۆژی ڕەمەزانە بڕوام پێ نەکەن و بەشێتم بزانن، بە ناچاری بەردەکان دەکاتە دوو بەش و یەکسەر دەگەڕێتەوە لای میوانەکان و، دەڵێ :

- براینە . ئیمڕۆ شێستی ڕەمەزانە !

میوانەکان پێدەکەنن و، دەڵێن :

- توخوا مەلا، کەی مانگی ڕەمەزان لە ۳۰ ڕۆژ پتر بووە ؟
- برا، چیتان پێ بڵێم، ڕۆژەکانم نیوە کردو هێشتا ئێوە قایل نین ! ئەگەر بە حسێبی گۆسکەتان لەگەڵ بکەم ئێستا دەبێ ڕۆژی سەدو بیستەمی ڕەمەزان بێ . بەخوا هەر بەوە قایل بن چاکترە !

## « ئەستێرەی نوێ »

ڕۆژێک هەندێ هاوڕێی مەلا مەشهوور، لێی دەپرسن :

- مەلا ئەگەر مانگی نوێ دەربچێ، کۆنەکە چی بەسەر دێ ؟
- وردی دەکەن و ئەستێرەی نوێی لێ دروست دەکەن !



Scanned by CamScanner

## « هەر شتێك بەحسێبی خۆی »

رۆژێك مەلا مەشهوور لە قەراغ ڕووبارێك دانیشتووە، دە پیاوی کوێری لێپەیدا دەبێ . داوای لێدەکەن بە پشتێ لە ئاوەکە بیانپەڕێنێتەوە . بۆ ئەمەش لە جیاتی هەر یەکێکیان دەرهەمێکی بدەنێ .

ئیتر مەلا نۆ کەسیان بە پشتی خۆی بۆ ئەو بەری ڕووبارەکە دەپەڕێنێتەوە .

بەڵام لە دەیەمین کەس زۆر ماندوو دەبێ، لە چەقی ڕووبارەکە دەوەستێ و چی دی ناتوانێ بڕوا، کابرای کوێر هەڵدەداتە نێو ئاوەکە و شەپۆلی خێرای ڕووبارەکە کوێرەکە لوول دەدا و دەیبا .

ئەوانی دیکە کە دەزانن مەلا کارێکی وای کردووە دەست بە قیژە و هاوار دەکەن .

پێیان دەڵێ :

- برایان، ئەو قیژە و هاوارەی پێ ناوێ، هەر شتێك بە حسێبی خۆی نۆ دەرهەمم بدەنێ و تەواو !

## « بازرگانی رۆژ و مانگ »

رۆژێك یەکێك لە ناکاو لە مەلا مەشهوور دەپرسێ :

- مەلا ئیمڕۆ چەندی مانگە ؟
- بۆ لەمن دەپرسی ؟ وا دەزانی بازرگانی رۆژ و مانگم !



Scanned by CamScanner

# «پلیکـــان فـــرۆش»

رۆژێك مەلا مەشهوور دەیەوێ بچێتە نێـو باخـچەیەکەوە، پلیکانێـك دێـنێ و بەسـەر دیوارەکـە دەکـەوێ ... پەیژەکـە هەڵیدەکێـشێ و لـەو دیـوی شۆڕی دەکاتەوە خوارەوە .

لە ناکاو خاوەن باخچەکە لێی پەیدا دەبێ، پێی دەڵێ :

- مەلا ئەوە لێرە چ دەکەی ؟
- بەخوا دەمەوێ ئەو پلیکانە بفرۆشم !

کابرا دەزانی بۆ دزی هاتووەو، بەتوورەیی پێی دەڵێ :

- باشە پێم ناڵێی کەی پلیکان لێرە فرۆشراوە ؟
- قوربان مەیکە بە هەرا، پلیکان بازاڕی تایبەتی نیە، لە هەموو شـوێنێك دەفرۆشرێ !

# « لێی گەڕێ ! خۆی دەزانێ چی کردووە ! »

رۆژێك مانگایەك دەچێتە نێـو باخـچەی مـاڵی مـەلا مەشـهوور، ئـەویش تـا دەچێتەوە ژوورەوە و دارێك دێـنێ، مانگایەکـە دەردەپـەڕێ و دەڕوا، لـە دوای حەفتەیەك سەیر دەکا مانگایەکە گالیسکەی جوتیارێك رادەکێشێ، ئیتر خـۆی پێ ناگیرێ و پەلاماری دەدا . سەرو گوێلاکی بەداران دەکوتێتـەوە ... کـابرای خاوەن مانگایەکە واقی وڕ دەمێنێ و، پێ دەڵێ :

- ئای مەلا، بۆ لێی دەدەی چی کردووە ؟
- لێێ گەڕێ ! خۆی دەزانێ چی کردووە !



Scanned by CamScanner

# « کاتێ مردم لە کۆنە گۆڕێك بمنێژن »

رۆژێك مەلا مەشهوور خزم و کەسی خۆی ئامۆژگاری دەکا و پێیان دەڵێ کاتێ مردم لە کۆنەگۆڕێك بمنێژن . پێی دەڵێن، لەبەچی ؟

- چونکە لە پرسیاری هەردوو فریشتەی مردن رزگار دەبم پێیان دەڵێم من کۆنە مردووم، کە سەیری کۆنەگۆڕەکە دەکەن بڕوا دەکەن و وازم لێ دێنن، بڕوا بکەن پرسیاری نێو گۆڕ زۆر گرانە و خەڵك بە ئاسانی لێی دەرباز نابێ .



بەلێدان حەلوا دەرخواردی میوان دەدەن

## « پێڵاوەکەم بدەوە، دەستنوێژی خۆت ببەوە ! »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە دەم ڕووبارێکدا دەستنوێژ هەڵدەگرێ، کاتێ تەواو دەبێ تاکە پێڵاوێك لە پێی دەخزێ و ئاو دەیبا . پشت لە ڕووبارەکە دەکا و قیژەیەکی لێوە دێ، ئینجا دووبارە ڕوو لە ڕووبارەکە دەکاتەوە و، پێی دەڵێ :

- پێڵاوەکەم بدەوە، دەستنوێژەکەی خۆت ببەوە !

## « پرسەی باوکی کوڕمە »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور بە خۆی و بە جوبەی ڕەش دێتە نێو دۆست و ناسیاوەکانی خۆی، لێی نزیك دەبنەوە و، پێی دەڵێن :

- قوربان . جلوبەرگی ڕەشت پۆشیوە، وا دیارە شتێك ڕووی داوە ئێمە نەمان زانیوە !
- بەڵێ، باوکی کوڕم مردووە !

## « ئەگەر شێت نەبوای ئەو سینگەیان تێ نەدەبڕی »

لە ڕۆژێکی گەرمی هاوین، مەلا مەشهوور لە ڕێگایەکی دەرەوەی شاردا دەبێ، لەدەم باخچەیەك چاوی بە بۆرییەکی ئاو دەکەوێ، بۆرییەکە شکاوە و پارچە دارێکیان لە دەم چەقاندووە . مەلا زۆر تێنیوو دەبێ . پارچە دارەکە دەگرێ و رایدەکێشێ ... دارەکە دەرناچێ، دووبارە دەیلەقێنێتەوە و ئینجا رایدەکێشێ



Scanned by CamScanner

... لە ناکاو سینگە دارەکە دەردەچیّ و ئـاو بـە خـۆرژم دەردەپـەڕیّ ... مـەلا هەموو گیانی تەڕ دەبیّ ... سەیری بۆڕییەکە دەکا و، دەڵیّ :

- ئەگەر شێت نەبووای ئەو سینگەیان تیّ نەدەبڕی .

## ﴿ هـــەناوم پـــڕ ئاگـــرە ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور برسی دەبیّ و داوای خواردن دەکا . خێزانەکەی شۆربایەکی گەرمی لە پێش دادەنیّ . کەوچکێك لە شۆربایەکە دەدا و یەکسەر قووتی دەدا . زمانی دەسووتیّ، قورگی داغ دەبیّ و نێو گەدەی گەرم دادیّ . لە تاوان غـار دەدا و هاواری خەڵك دەکا، دەڵیّ :

- خەڵکینە لێم نزیك نەکەونەوە، هەناوم پڕ ئاگرە !

## ﴿ئەگەر ڕۆژی حەشرە جلوبەرگ بۆ چییە﴾

ڕۆژێکیان مەلا مەشهوور مەڕێك دەکڕیّ، بە چاکی بە خێوی دەکا و دەیـەویّ لـە سەرەتای زستان گۆشتەکەی بکاتە قاورمە و هەروا لە فڕوفێڵی گۆشت فرۆشیش ڕزگار ببیّ .. هاوڕییەکانی پێی دەزانن، هەموو ڕۆژیّ پێـی دەڵـێن مـەلا دنیـا هێندی نەماوە دەبێتە ڕۆژی حەشر .. ئیتر ڕۆژێك لە حەوشەی مزگـەوت هـەموو هاوڕێییەکانی لێی کۆ دەبنەوە، هەوڵ دەدن فێڵێکی لیّ بکەن و بۆ ئەمەش پێـی دەڵێن :

- مەلا، سبەی دنیا کۆتایی پیّ دیّ و دەبێتە ڕۆژی حەشر، وا چـاکە مەڕەکـە سەر ببڕی و بیخۆێن

مەلا بڕوا دەکا . دەچنە سەر ڕووبارێك و مەڕەکە دەکوژنەوە .



Scanned by CamScanner

هاوڕێیەکانی بەمەلە خەریك دەبن و کەس نامینێ هاریکاری بکا . مەلا دەگەڕێ و سووتەمەنی چنگ ناکەوێ، جلوبەرگی هاورێیەکانی هەموو دەخاتە ژێر مەنجەڵی چێشت و ئاگریان تێبەردەدا . هاورێیەکان دێنەوە، سەیر دەکەن هەموو جلوبەرگیان سووتاوە . واقی وڕ دەمینێن و بە مەلا دەڵێن :

- ئەوە چیت کردووە ؟
- ئەی نێوە نالێن بەیانی رۆژی حەشرە و هەموومان دەمرین ! ئەی ئەگەر راستە جلوبەرگتان بۆ چیە ؟

## « ئەوەی بزێ دەشمرێ »

رۆژێك مەلا مەشهوور لە یەکێك لە دراوسێیەکانی خۆی مەنجەڵێك دەخوازێ. پاش چەند رۆژێك مەنجەڵێکی بچووك لە نێو مەنجەڵەکە دەنێ و هەردوو مەنجەڵەکە بۆماڵەکە دەباتەوە. دراوسێیەکەی پێی دەڵێ :

- مەلا ئەو مەنجەڵە بچووکە چیە ؟
- قوربان ئەوە زایە !

دراوسێیەکە سەیری بە قسەی مەلا دێ و هەردوو مەنجەڵەکانی لێوەر دەگرێ. پاش ماوەیەکی دیکە .. دیسان دەچێتەوە و داوای مەنجەڵێك دەکاتەوە .. ژنە دراوسێیەکەش بە پەلە دەچێتە ژوورەوە و مەنجەڵێکی زەبەڵاحی بۆ دێنێ بەو ئومێدەی ئەویش دەزێ و مەنجەڵێکی گەورە دێنێ .

ئیتر چەند رۆژی پێدەچێ مەنجەڵ ناگەڕێتەوە، ژنە دراوسێیەکە ناچار دەبێ بە خۆی دەچێتە ماڵی مەلا و، لە دەرگا دەدا ... مەلا دێتە دەرەوە، سەیر دەکا خاوەن مەنجەڵەکەیە ... مەلا یەکسەر دەڵێ :

- مەنجەڵەکەتان ئێوە خۆش !

ژنە بڕوا ناکا .. مەلا پێی دەڵێتەوە !

- دڵنیابە مردووە ... ئەوەی بزێ دەشمرێ !

## ﴿ ئەگەر گۆشتت لە دەست چوو گۆشتاوەکەی بخۆ ﴾

ڕۆژێك ڕموە مراوییەك لە سەر گومێکی نزیك ماڵی مەلا مەشهوور دەنیشنەوە . ئەویش بە نیازی ئەوەی چەند مراوییەکیان بگرێ، بەغار بۆیان دەچێ . مراوییەکان هەڵدەفڕن و مەلا نائومێد دەبێ .. پارچە نانێکی پێ دەبێ و لە قەراغ ئاوەکە دادەنیشێ .. لەتە نانێك دەردێنێ و لە ئاوەکەی هەڵدێنێ و دەیخوا ... ڕێبوارێك دەیگاتێ و پێی دەڵێ :

- ئەوەی دەیخۆی لە گیانت خۆش بێ ! ئەوە چ دەخۆی ؟
- ئەوە شۆربای مراوییە، ئەوەی گۆشت مراوی لە دەست بچێ پێویستە گۆشتاوەکەی بخوا !

## ﴿ ئەو گوریسەی ئاردی لە سەر هەڵدەخرێ ﴾

ڕۆژێك دراوسێیەکی ماڵی مەلا مەشهوور لە دەرگایان دەدا و داوای گوریسێك دەکا . ئەویش دەچێتە ژوورێ و یەکسەر دەگەڕێتەوە، پێی دەڵێ :

- قوربان گوریسەکەمان ئاردیان لە سەر هەڵخستووە .

کابرا سەری سوڕ دەمینێ، دەڵێ :

- مەلا ئینجا چۆن گوریس ئاردی لە سەر هەڵدەخرێ ؟
- کاکە دەمەوێ گوریسەکەت نەدەمێ بۆ تێناگەی ؟ ناچارم بڵێم ئاردیان لە سەر هەڵخستووە !



Scanned by CamScanner

## « وامـــزانی تـــۆ منـــی »

رۆژێك مەلا مەشهوور لەگەڵ کابرایەك دادەنیشێ کە پێشتر هـیچ نـەیبینیوە و نەیناسیوە . مەلا زۆر بە گەرمی قسەی بۆ دەکا ، هەموو قـسەیەکی بـۆ دەکـا و دەگاتە ئەو رادەیەی باسی نهێنییەکانی نێو مـاڵی خۆیـشی بـۆ دەکـا . کـابرا هەڵدەستێ و دەیەوێ بڕوا ... مەلا پێی دەڵێ :

- دەبێ ببووری من ناتناسم ! تۆ کێی ؟
- باشە ئەگەر نامناسی بۆ باسی هەموو شتێکی نێو ماڵی خۆتم بۆ دەکەی ؟

مەلا پێی دەڵێ :

- قوربان کڵاوت لە کڵاوم دەچێ، بەرگت لە بەرگم دەچێ ... باڵات لە بـاڵام دەچێ پێڵاوت لە پێڵاوم دەچێ .. گلەییم لێ مەکە وامزانی تۆ منی !

## « بـــەڵام تـــۆ چ دەکـــەی »

رۆژێك لە بازار پیاوێك دەگاتە مەلا مەشهوور، پێی دەڵێ :

- مەلا مزگێنیت بدەمێ کوڕێکتان بووە !

ئەویش دەڵێ :

- ئەگەر کوڕمان ببێ من پتر ناوی خوا دێنم ! ئەی تۆ چ دەکەی ؟



Scanned by CamScanner

# « هەنارت تەواو بوو، برۆ »

رۆژێك قوتابییەك هەندێ پرسیاری زانستی بۆ شی نابێتەوە، دەچێتە لای هەندێ کەسانێك و ئەوانیش سەریان لە پرسیارەکان دەرناچێ . ئیتر ئامۆژگاری دەکەن کە بچێتە شاری ئاق شەهر، لەوێ مەلا مەشهوور وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە . ئەویش روو لە شارەکە دەکا و لە رێگا جوتیارێك بە جوبەو عەمامەی سپی دەبینێ زەوی دەکێڵێ ... قوتابییەکە نازانێ ئەوە مەلا مەشهوورە . دەچێتە لای و دوای ماندوو نەبوون لێکردن دادەنیشێ و یەکسەر دەست بە پرسیارەکانی خۆی دەکا . مەلا سەیر دەکا قوتابییەکە توورەکەیەك هەناری پێیە . مەلا بەر لەوەی وەڵامی پرسیاری یەکەم بداتەوە دەڵێ، هەر وەڵامێك بە هەنارێك ... قوتابییەکە قایل دەبێ . پرسیار و وەڵام دەستپێدەکا تاکو هەنارەکان تەواو دەبن . قوتابییەکە دەیەوێ بڕوا، دەڵێ :

- مەلا یەك پرسیارم ماوە ؟
- چی دی وەڵام نادەمەوە ... هەنارت تەواو بوو، برۆ ؟

قوتابییەکە دەڕوا، لە دڵی خۆیدا دەڵێ :

- ئەم شارە ئەگەر جوتیاریان وا زۆرزان بێ، دەبێ زانایان چۆن بێ ؟



Scanned by CamScanner

## ﴿ كەڵەشێر ڕێگای خۆی پێنازانێ ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور چەند مریشك و كەڵەشێر دەخاتە نێو قەفەسێكەوەو دەیەوێ بیانباتە شارو بیانفرۆشێ . لە ڕێگا هەست بە ماندووبوون دەكا . لە دڵی خۆیدا دەڵێ وا چاكە ئەو مریشك و كەڵەشێرانە بەرەڵلا بكەم تاكو بە خۆیان زوو بگەنە شاری و منیش لەوێ دەیانفرۆشم . كاتێ دەرگای قەفەسیان بۆ دەكاتەوە هەر مریشك و كەڵەشێرێك بۆ لایەك غاردەدەن . مەلا دەست دەداتە دارەكی و بەدوای كەڵەشێرێك دەكەوێ و، دەڵێ :

- هەی مردووت بمرێ، تۆ دەزانێ بەیانی و نیوە شەو لە یەكدی جیابكەیتەوە كەچی بەو ڕۆژە ڕووناكە ڕێگای خۆت پێنازانی !

## ﴿ مریشك بێ كەڵەشێر نابێ ﴾

ڕۆژێك هەندێ لە جحێڵەكانی شاری ( ئاق شەهر ) لەگەڵ مەلا مەشهوور بۆ گەرما و دەچن . جحێڵەكان لە نێو خۆیاندا وا ڕێكدەكەون هەر یەكێك و هێلكەیەك لەگەڵ خۆی بهێنێ، كاتێ ڕووت دەبنەوە بە مەلا دەڵێن دەبێ هەر یەكێك لە ئێمە ئێستا هێلكەیەك بكا . ئەوەی هێلكەشی پێناكرێ دەبێ پارەی هەموومان بدا . ئیتر هێندەی پێناچێ هەموویان وەكو مریشكی بە هێلكە دەست بە قارەقار دەكەن و لە ژێر خۆیان هێلكە دەردەهێنن و بۆ مەلا بەرزی دەكەنەوە، مەلا كە ئەو حاڵەتە دەبینێ خۆی قیت دەكاتەوە و پڕ بە دەنگی خۆی وەكو كەڵەشێر دەقووقێنێ . جحێڵەكان پێی دەڵێن :

- مەلا ئەوە چ دەكەی ؟
- منیش كەڵەشێری ئێوەم .. مریشك بێ كەڵەشێر نابێ !



Scanned by CamScanner

## ﴿ مانگـــــی ولاتی ئێمـــــە ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور دەچێتە شاری ( سیوری حەسار ) لەوێ سەیر دەکـا خـەڵك کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ مـانگی یـەك شـەوی رەمـەزان ببیـنن .. گاڵتـەیان پێدەکا و، پێیان دەڵێ :

- بەخوا ئێوە زۆر سەیرن . لە ولاتی ئێمە مانگ وەکو تایەی گالیسکە دیـارە و کەس سەیری ناکا کەچی ئێوە بە دوای مانگ کەوتوون کە هێشتا هێندەی تاڵە موویەك دیار نیە !

## ﴿ خۆزگە هەموو رۆژێك جەژن دەبوو ﴾

ساڵێك لە شارەکەی مەلا مەشهوور گرانی دەبێ . ئەویش دەچێتە شارێکی دیکـە و سەیر دەکا هەموو خەڵکەکە جلوبەرگی جوانیان پۆشیوە و بەگەرمی سـەردانی یەکدی دەکەن و گەورە وبچووك تۆقەی لەگـەڵ یەکـدی دەکـەن .. لـە ماڵێـك میوان دەبێ .. خواردن و حەلوای چاکی دەدەنێ، لە بەر خۆیەوە دەڵێ :

- دەبێ لەم شارە چ رووی دابێ وا بەخۆشی دەژین و خەڵکی ولاتی ئێمەش لـە برسان مردوون !

یەکێك لە دەوروبەری مەلا گوێی لە قسەکەی دەبێ، پێی دەڵێ :

- مەلا نازانی ئیمرۆ جەژنـە .. خـەڵك لـەم رۆژە حـەلوا و خـواردنی چـاك دەخۆن.

مەلا نەختێ بیر دەکاتەوە و دەڵێ :

- خۆزگە لە لای ئێمەش هەموو رۆژێ دەبووە جەژن بەڵکو لـەو گرانییـە رزگـار دەبوون !



Scanned by CamScanner

# ﴿ سك پڕ بوونی کچ و مانگا ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور مانگایەك دەباتە بازار و دەیەوێ بیفرۆشێ، لە بەیانیەوە تاکو نیوەڕۆ بە دیاریەوە دەبێ کەس درهەمێکی پێنادا . ئیتر چەرچییەك لێی نزیك دەبێتەوە، پێی دەڵێ مەلا مانگاکەت دەفرۆشی ؟

ئەویش تووڕە دەبێ و دەڵێ نا . پێی دەڵێ، لە بەرچی ؟ مەلا دەڵێ، لە بەیانیەوە لێرەم راگرتووە بە جوانی و قەڵەویدا هەڵدەڵێم کەس ناورم لێناداتەوە . چەرچییەکە دەڵێ : سەیرکە ئێستا چۆن دەیفرۆشم . گوریسەکە لە دەست مەلا وەردەگرێ و دوو کەڕەت لە سەر یەکدی هاوار دەکاو، دەڵێ :

- ئەم مانگایە لە سەر زانە، سکی شەش مانگانە، ئەوەی بیکڕێ قازانج دەکا .. مانگایەکە زوو دەفرۆشێ و پارەیەکی چاك دەکا ... مەلا بە پارەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە . لەو کاتە چەند ئافرەتێك لەوێ دەبن و نیازیان وا دەبێ کچەکەی مەلا بخوازن . مەلا بە ژنەکەی خۆی دەڵێ
- ئافرەت لێم گەڕێ سەیرەکە ئێستا چۆن کچەکەم بە مێرد دەدەم ... مەلا روو لە ئافرەتەکان دەکا، دەڵێ :
- کچەکەم بەراستی لە سەر زانە، سکی شەش مانگانە، ژنەکان لە شەرمان رووی خۆیان دادەپۆشن و بەبێ دەنگی دەڕۆن .



Scanned by CamScanner

## « گوێدرێژەکە قـــایل نیـــە »

رۆژێك کابرایەك لە دەرگای ماڵی مەلا مەشـهوور دەدا و داوای گوێدرێژەکـەیان لێ دەکا کە باراشی پێ بباتە ئاش ... مەلا دەڵێ :

- باشە . بەڵام دەبێ بە گوێدرێژەکە بڵێم بەڵکو قایل بێ !

دەچێتە ژووری و هێندەی پێناچێ دێتەوە دەرێ، بە پیاوەکە دەڵێ :

- بەداخەوە، بەگوێدرێژەکەم گوت قایل نەبوو ! چونکە دەڵێ چاك برۆم یـا خراپ هەر لێم دەدرێ و جوێنی ناشیرینیش بەخۆم و خاوەنەکەم دەدرێ .

## « ئەگەر زیندوو دەبووم ! »

رۆژێك مەلا مەشهوور لە ژنەکەی خۆی پرسی :

- ئافرەت دەبێ جیاوازی نێوان زیندوو و مردوو چ بێ ؟
- ئەگەر کەسێك بمرێ پێشتر دەست و قاچەکانی سارد دەبنەوە !

ئیتر لە رۆژێکی ساردی کڕی زستاندا بۆ داربڕین دەچێتە چیا . هەست بە ساردی دەست و قاچەکانی دەکا و قسەی ژنەکەی خۆی بە بیر دێتەوە، دەڵـێ، کەواتـە مردم .. ئینجا لە ژێر دارێکی گـەورە لێـی پاڵدەداتـەوە، گوێدرێژەکـەی لـێ بەرەڵلا دەبێ .. چەند گورگێك پەیدا دەبن و تـاو دەدەنە گوێدرێژی بەسـەزمان ، پەل پەلی دەکەن و خەریکی خواردنی دەبن . لەو کاتە سەری بەرز دەکاتەوە، دەڵێ :

- بەخوا دەزانن خاوەنەکەی مردووە .. ئەگـەر زینـدوو دەبـووم دەمزانـی چ بەزمم پێ دەکردن !



Scanned by CamScanner

## ﴿ بەگوێدرێژ بڕوا دەکەی بەو ردێنە سپییەی من بڕوا ناکەی ؟ ﴾

ڕۆژێک دراوسێیەکی ماڵی مەلا مەشهوور لە دەرگایان دەدا و داوای گوێدرێژەکەیان لێ دەکا .. ئەویش دەڵێ :

- لە ماڵەوە نیە ؟ بۆ بازار چووە .

مەلا هێشتا قسەکەی تەواو ناکا کە گوێدرێژەکە لە ژوورەوە دەست بەزەڕین دەکا .

- مەلا، زەڕەزەڕی گوێدرێژەکەت خەریکە گوێمان کەڕ دەکا و تۆش دەڵێی بۆ بازار چووە ؟

مەلا سەری بۆ دەلەقێنێتەوە، دەڵێ :

- بەخوا کابرایەکی سەیری بە گوێدرێژ بڕوا دەکەی بەو ڕدێنە سپییەی من بڕوا ناکەی ؟

## ﴿ کلکەکەی لە بەردەستە ﴾

ڕۆژێک مەلا مەشهوور پێویستی بە پارە دەبێ، گوێدرێژەکەی دەباتە بازار تاکو بیفرۆشی .. لە ڕێگا سەیر دەکا کلکی گوێدرێژەکەی پیسە، وا لێکدەداتەوە کە ئەگەر کلکەکەی ببڕێتەوە لەوانەیە گوێدرێژەکە پارەی چاکتر بکا . ئیتر کێردێک دەردێنێ و کلکەکە دەبڕێتەوە و دەیخاتەوە نێو پاشووی گوێدرێژەکەوە . هێندەی پێناچێ دەگاتە بازار و کڕیار لێی کۆ دەبنەوە . کاتی گوێدرێژەکە بەم شێوەیە دەبینن لێی دەکشێنەوە ... مەلا دەڵێ :

- ئەگەر مەبەستتان کلکەکەیە، کلکەکە ماوە و لە شوێنێکی نزیکە، بەڵام دەبێ پێشتر لە سەر نرخەکەی ڕێکبکەوین ؟



Scanned by CamScanner

# « فەرموو ئەی پاڵەوانی ئازا »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور بە نزیك گۆڕستانێکدا دەڕوا . سەیر دەکا سەگێك کلك و قاچێکی خۆی بەرز کردووەتەوە و میز بە سەر گۆڕێکدا دەکا .. مەلا دەست دەداتە دارێك و بەتاو بۆی دەچێ .. سەگەکە لە شوێنی خۆی دەچەقێ و وەکو گورگ دەمی خۆی بۆ دەکاتەوە .. مەلا پاشەکشێ دەکا، دەڵێ :

- فەرموو ئەی پاڵەوانی ئازا .



بڵێ نیوەی ڕێگامان بڕیوە ..!



Scanned by CamScanner

# ﴿ ئەوەی خێرخوازبێ لەشتی کەم چاو چنۆکی ناکا ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لەماڵەوە نوێــژ دەکــا و لــە دوای نــوێژ کــردن لــە خــوا دەپاڕێتەوە، دەڵێ :

- خوایە حاڵم پەرێشانە .. هەزار لیرەم بۆ بنێرە، بەڵام ٩٩٩ بێت نامــەوێ . جوولەکەیەکی دراوسێی گوێی لێ دەبێ و دەیەوێ تاقی بکاتەوە کــە ئایــا لەگەڵ خوا وەندی خۆی راست دەکا یا نا .

جووەکە ٩٩٩ لیرە دەخاتە نێو گرێیەسکەیەك و بەیانییــەك لــە کــونی بــۆڕیی سۆبە بۆی فڕێ دەداتە ژوورەوە .. جووەکە لە سەرەوە هەستی خۆی بۆ رادەگرێ . مەلا لە نوێژ کردن دەبێتەوە ،یەکسەر پڕ دەداتە گرێیەسکەکە و دیکاتــەوە .. پارەکە دەژمێرێ سەیر دەکا ٩٩٩ لیرەیە . یەکەمین جار پارەکان توورِ هەڵــدەدا و دەڵێ نامەوێ ! جووەکە لە سەرەوە دڵخــۆش دەبــێ، هێنــدەی پێناچــێ مــەلا لیرەکان کۆ دەکاتەوە و، دەڵێ .. راستە من هەڵەم، ئەم پەرۆکەیان بە لیرەیەك حسێب کردووە، پارەکان لە گیرفانی خۆی دەنێ . جووەکە دێتە خــوارەوە و بــەر دەرگای لێدەگرێ و دەڵێ :

- مەلا . ئەو پارەیە من بۆم . هەڵدای و ویــستم تــاقیــت بکەمــەوە .. تــاکو بزانم لەگەڵ خواوەندی خۆت راستگۆی یا نا .. لە دوای بینەو بەردەیەکی زۆر، جووە داوای لێدەکا بچنە پێش قازی .. مەلا دەڵێ، من بەو جلوبەرگە شڕو وڕانە چۆن بێمە پێش قازی ؟ .. دەبێ جلوبەرگی نــوێم بــۆ بهــێنێ .. جووە قایل دەبێ وجلی نوێی بۆ دێنێ ... مــەلا جلــەکان لــە بــەر دەکــا و دەڵێ، مام جوو من بەو جلوبەرگە نوێیە مخابن نیــە بــە پا بــڕۆم ! دەبــێ گوێدرێژێکم بۆ بهێنی .. ئەویشی بۆ دێنێ ... ئینجا سواری گوێدرێژەکــە دەبێ و، دەڵێ، داردەستێکیشم بۆ بێنە .. ئیتر داردەستێکیشی بــۆ دێــنێ . دەچنە پێش قازی و جووە مەسەلەکە بە گشتی بۆ قازی دەگێڕێتەوە . مەلا دەڵێ :



Scanned by CamScanner

- گەورەم . ئەم جووە درۆ دەکا . ئەو کابرایە بە درێژایی تەمەنی پـوولێکی بەخێر نەداوە چۆن بڕوا دەکەی ٩٩٩ لیرە بـەمن ببەخـشێ گوایـە تـاقیم دەکاتەوە ... فەرموو قازی ئەو کابرایە ئێستا لێی دوور نیە ئەگـەر بلـێ ئەو گوێدرێژەش هی منە . جووەکە پڕ بەزاری هاوار دەکا ... ئـەی هـاوار ئێستا ئەم گوێدرێژەم بۆ نەهێناوی ... دیسان مەلا دەڵێ، قازی لێی دوور نیە بڵێ ئەو جلوبەرگەشت ... دیسان جووەکە هاوار دەکا و دەڵێ، ئەی ئەم جلوبەرگانە ئێستا من بۆم نەهێناوی ... مەلا دەڵێ، قازی واز لەمە بێنـە ! سەیرکە ئەو داردەستەی دەستم چەند بێ بەهایە ... ئەمە لێی دوور نیە بڵێ ئەوەش هی منە ... جووەکە شێت وهار دەبێ و دەیەوێ هاوار بکـا ...

قازی دەستی خۆی بۆ بەرز دەکاتەوە و ناهێڵێ جووە قسە بکا، دەڵێ:

- ئەی درۆزن بڕۆ دەرێ ...

کاتێ مەلا دەگەڕێتەوە، یەکسەر دەچێتەوە بەر دەرگای ماڵی جووەکـە و پـارەو گوێدرێژو جل و داردەستەکەی دەداتەوە و پێ دەڵێ :

- جارێکی دی دەست لە ئیش و کاری خەڵك مەدە !

## ﴿ هەموو دنیا لە گوێدرێژی مەلایە .. ! ﴾

ڕۆژێك سێ قەشە دەگەنە وڵاتی ڕۆم، دەیانەوێ لەگەڵ زانـا بەناوبانگـەکانی ئەو وڵاتە یەکدی ببینن و وتوێژ بکەن . سوڵتانی ڕۆم خواردنێکی چـاکیان بـۆ ئامادە دەکا و بۆ ئەو مەسەلەیش یەکسەر بە دوای مـەلا مەشـهووردا دەنێـرێ . مەلا بە سواری گوێدرێژ دەگاتە سەر داوەتەکە، لە سەر گوێدرێژەکە دادەبـەزێ و، دەڵێ :

- براینە . من حەز دەکەم بەر لـەوەی دەسـت بـە نـانخواردن بکـەین وەڵامـی پرسیارەکانتان بدەمەوە !

قەشەیەکیان لێی پرسی : ناوەندی دنیا لە کوێیە ؟
مەلا گوتی : ژێر پێی راستی گوێدرێژەکەمە .
گوتی چۆن ؟ گوتی، ئەگەر بڕوا ناکەی فەرموو بیپێوە !
قەشەیەکی دیکەیان گوتی : باشە، چەند ئەستێرە لە ئاسماندا هەیە ؟
مەلا یەکسەر گوتی : هێندەی مووی لەشی گوێدرێژەکەم ئەستێرە لە ئاسماندا هەیە !
گوتی چۆن ؟ گوتی، ئەگەر بڕوا ناکەی فەرموو بیانژمێرە !
سێیەمیان گوتی : باشە، ئەی چەند کەڵە موو لە ردێنمدا هەیە ؟ مەلا پێکەنی و گوتی، ئەم پرسیارە لە هەموویان ئاسانترە، فەرموو مووی کلکی گوێدرێژەکەم بژمێرە و مووی ردێنی خۆشت بژمێرە ! ئەگەر وانەبوو بڵێ درۆیە .
نیتر هەموویان لەقاقای پێکەنینیان دا و دەستیان بە نانخواردن کرد .

## ﴿ ترس شتی سەیر دەخولقێنێ ! ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور قازێك سەر دەبڕێ، پاش ئەوەی دەیکوڵێنێ دیخاتە نێو مەنجەڵێك و بۆ تەیمورلەنگ پاشای دەبا . لە ڕێگا برسی دەبێ، دادەنیشێ و رانێکی لێ دەخوا . کە دەگاتە ئەوێ، تەیمورلەنگ سەیر دەکا مەنجەڵەکە یەك رانی تێدایە .. بە مەلا دەڵێ، ئەوە بۆچی یەك رانە ؟
مەلا بێ ئەوەی بیر بکاتەوە یەکسەر دەڵێ: گەورەم قاز یەك قاچی هەیە، ئەگەر بڕواش ناکەی فەرموو سەیری ئەو قازانە بکە ( لەو کاتە لە بەرانبەر مەلا و تەیمورلەنگ چەند قازێك لەدەم گومێکدا لە سەر یەك قاچ وەستابوون و سەری خۆیان خستبووە نێو تووکی لەشی خۆیانەوە ) .



Scanned by CamScanner

تەیمورلەنگ بە دزی بانگی یەکێك لە پیاوەکانی خۆی دەکا و پێی دەڵێ بچیت لە نزیك قازەکان مۆسیقایەکی توند لێبدا . کابرا لە قازەکان نزیك دەبێتەوە و مۆسیقایەکی توندیان بۆ لێدەدا قازەکان لە ترسان هەڵدێن . لەو کاتە تەیمولەنگ بە مەلا دەڵێ :

- مەلا درۆت لەگەڵ من کرد، فەرموو بە چاوی خۆت ببینە کە قاز چەند قاچی هەیە ؟ مەلا لە وەڵامدا دەڵێ :
- قوربان ئەگەر تۆش وا بترسێنن بە چوار قاچ غار دەدەی .

## « بە خۆی گوێی خۆی گەستووە ؟ »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە شارێك قازی دەبێ، بۆ تۆژینەوە دوو کەس دێنە ژوورەوە . یەکێکیان دەڵێ، ئەم کابرایە گوێی گەستوومە ... ئەوی دیکە دەڵێ : گەورەم درۆ دەکا بە خۆی قەپی لە گوێی خۆی داوە ... مەلا لەمە سەری سوڕ دەمێنێ . پێیان دەڵێ، جارێ بڕۆنە دەرەوە، دەمێکی دی بانگتان دەکەمەوە . دەرگاکە دادەخا و لە ژوورەوە بە تەنیا دەمێنێتەوە .. پڕ دەداتە گوێی خۆی ... هەر چەند هەوڵ دەدا گوێی خۆی بۆ ناکەوێتە نێو دەمی تاکو قەپی لێبدا .. ماندوو دەبێ و بەردەبێتەوە، سەری دەشکێ ... سەری خۆی دەبەستێتەوەو یەکسەر بانگی ژوورەوەیان دەکاتەوە . ئەوەی گوایە قەپی لە گوێی ئەوی دیکە داوە دەڵێ :

- توخوا قازی وا نیە ؟ ئەو کابرایە بە خۆڕایی بوختانم پێ دەکا .. مەلا سەیری دەکا و، دەڵێ :
- بەڵێ، کوڕم . تۆ ڕاست دەکەی، مرۆڤ گوێی خۆی دەگەزێ و سەریشی دەشکێ!



Scanned by CamScanner

## ﴿ لێفەکە چوو مشتومڕەکەی کۆتـایی پێهێنا ! ﴾

شەوێك لە بەر دەرگای ماڵی مەلا مەشهوور دەنگی هـەراو هۆریایـەکی زۆر دێ . مەلا دەیەوێ بچێت و بزانێ چ رووی داوە . ژنەکەی پێی دەڵـێ، بنـوو مەچـووە دەرەوە ! خۆت لە کێشەی خەڵك هەڵمەقورتێنە ! بـەڵام مـەلا گـوێی نـاداتێ ،لێفەکـــەی لە خۆی دەپێچێ و دەچێتە دەرەوە . شەو زۆر سارد و تـاریك دەبێ، یەکێك لەوانەی لەوێ دەبن، ئەمە بە دەرفەت دەزانێ و پـڕ دەداتـە لێفەکـەی مەلا و دەیڕفێنێ .. مشتوومڕەکە تەواو دەبێ، خەڵکەکە دەچنەوە ماڵی خۆیـان .. مەلاش سەرمای دەبێ و دەگەڕێتەوە، ژنەکەی پێی دەڵـێ، مەسـەلە چ بـوو ؟ ئەویش دەڵێ :

- لێفەکە چوو شەڕەکەی کۆتـایی پێهێنا !

## ﴿ دزی نیـــوە شـــــەو ﴾

جارێك مەلا مەشهوور لە درەنگە شەوێکی مانگە شەودا، لـە خـەو بـەئاگادێ و سەیری دەرەوە دەکا. وا بە خەیاڵی دادێ کـە کابرایـەك لـە دەرەوە وەسـتاوە و بەنیازی شتێکی خراپە . ژنەکەی خۆی هوشیار دەکاتەوە .. پێـی دەڵـێ، ئـەو تیروکەوانەم بۆ بێنە . مەلا بە هەموو هێزێکیەوە تیرێك لە سکی کـابرا دەدا .. کاتێ بەیانی هەڵدەستنەوە .. مەلا سەیر دەکا تـیری لـە جوبـەی خـۆی داوە، دەست بە نوێژ کردن دەکا و لە بەر خوا دەپارێتەوە، دەڵێ : چاك نەبوو خـۆمی تێدا نەبوو !!



Scanned by CamScanner

## « دزی بەسەزمـــــان »

رۆژێك دزێك دێتە نێو ماڵی مەلا مەشهوور، بۆ پەروا لە نێو ژوورەکان دەخولێتە . ژنەکەی بە مەلا دەڵێ :

- جەناب، چاوت ئەم دزە نابینێ ؟
- ئینجا قوربان چ لە ماڵماندا هەیە تا ئەم بەسەزمانە بیدزێ ؟

## « دەتەوێ لەوە پتر بکشێمەوە ؟ »

شەوێك مەلا مەشهوور خەریك دەبێ بنوێ، ژنەکەی لە پاڵڕا پێی دەڵێ، نەختێ لێم دوورکەوە .. ئەویش هەڵدەستێ پێڵاوەکەی لە بەر دەکا و دوو سەعات رێ دەڕوا، لە ڕێگا ناسیاوێکی خۆی دەبینێ، پێی دەڵێ :

- توخوا، بە ژنەکەم بڵێ هێشتا لێی دوور بکەومەوە ؟



Scanned by CamScanner

# ﴿ پشیلـــــەی تـــــــەور درز ﴾

هەموو جارێك كە مەلا مەشهوور جگەری دەكڕی و دەیهێنایەوە ماڵەوە، ژنەكـەی لێی دەنا و دەرخواردی دەستەخوشكەكانی خۆی دەدا . بۆ ئێوارێش تـەنیا نـانی بەرووتیی لە بەردەم مەلا دادەنا

رۆژێك پێی گوت : ئافرەت من هەموو جارێك كە جگەر دەكڕم سـەیر دەكـەم بـۆ ئێوارێ نانی رووتم دەرخوارد دەدەی، توخوا پێم نالێی ئەم جگەرە چی بە سـەر دێ ؟

ژنەكە یەكسەر، دەڵێ :

- پشیلە دەیخوا ! بۆ نازانی پشیلە لە برسان وا خەریكن چاومان دەربێنن .

مەلا هەركە ئەمەی لە ژنەكەی خۆی بیست، یەكـسەر هەڵـساو تەورەكـەی لـە دیوار كردەوە، خستییە نێو سندوقێك و كلیلی دا .. ژنەكە دەڵێ :

- ئەمە چیە ؟

مەلا دەڵێ، لە بەر پشیلە .. ژنەكە واقی وڕ دەمینێ و، دەڵێ :

- بۆ چما پشیلە چ لە تەور دەكا ؟

گوتی :

- ئەو پشیلەیەی جگەرێكی دوو لیرەبایی دەبا، هەڵبەتە درێغی لـە بردنـی تەورێك ناكاتەوە كە نرخەكەی چل لیرە بێ !



Scanned by CamScanner

## ﴿ قەلەرەشکە لە ئێمە پێویست ترە ! ﴾

رۆژێـك مـەلا مەشـهوور و ژنەکـەی هەنـدێ جلوبـەرگ و پاتـاڵی ماڵەکـەیان هەڵدەگرن و دەچنە سەر گۆمە ئاوێك . ژنەکە دەسـت بـە شـۆرینی جلوبـەرگ و پاتاڵەکان دەکا . لە ناکاو قەلەرەشکەیەك دێ و سەلکە سابوونەکە دەرفـێنێ

.. ژنەکە هاواری لێهەڵدەستێ، دەڵێ :

- قەلەرەشکە سەلکە سابوونی رفاند !

مەلاش هێوری دەکاتەوە و، بە هێمنی دەڵێ :

- ئافرەت، توخوا سەیری سەرو سیماری ئەو بەسەزمانە بکـە چـەند چـڵکنە ... وا دیارە ئەو لە ئێمە پێویست ترە ... لێی گەرێ بـا بیبـا خـۆی پـێ بشۆرێ !!

## ﴿ کـــــوڕی بـاوکییـــــەتی ﴾

رۆژێك یەکێك لە کوڕی مەلا مەشهوور دەپرسێ:

- بـاینجان چیە ؟

ئەویش دەڵێ: بێچووی گامێشە، هێشتا چاوی نەکردووەتەوە .

کابرا روو لە مەلا مەشهوور دەکاو دەڵێ ، ئای، ئەمە چۆنی زانی ؟

مەلا دەڵێ:

-کوڕی بـاوکییەتی، بەخوا کەسیش فێری نەکردووە .



Scanned by CamScanner

# ﴿ نیـــــوەی ســـــەر ﴾

جارێك مەلا مەشهوور لـە لای سەرتاشـێك سـەری خـۆی دەتراشـی ودرهـەمێك دەتاتە كابرای شەرتاش..

پاش ماوەیەك دێتەوە جارێكی دی سەری خۆی دەتراشێتەوە .. بەر لەوەی كابرا بۆ كرێیەكە پێی بڵێ..

مەلا رووی تێدەكا، دەڵێ :

-كاكە من كەچەڵم، سەری من هێندە مووی پێوە نیە ،

بۆیە دەبێ بۆ من دوو جار بە یەك سەرتاشین حسێب بكرێ .. !

# ﴿ ژن بۆ ئەوانە بێنن كە گۆشتەكەیان خوارد ! ﴾

لەو رۆژەی مەلا مەشهوور ژن دێنێ ئاهەنگێكی گەورە ساز دەكرێ، مەلاش بۆ ئەو رۆژە ماوەی چەند مانگێك پێشتر مەڕێك بەخێودەكات و بەو ئومێـدە دەبـێ كـە لەو رۆژە خۆشەدا تێر گۆشتی مەڕ بخوا. لەبەر ئەوەی ئاهەنگەكە زۆر قەرەبالغ دەبـێ گۆشـت بـۆ مـەلا نامێنێتـەوە.. لـە خەلكەكـە تـووڕە دەبـێ و دەروا.. هاورێیەكانی بە دوایدا دەچن و لـە مـاڵی خزمێكـی مـەلا دەیبیننـەوە، پێـی دەڵێن :

- مەلا ، كەس بووە لەو ڕۆژە خۆشە بتۆرێ؟

مەلا پێیان دەڵێ:

- من ژن هێنەر نیم ، برۆن ژن بۆ ئەوانە بێنن كە گۆشتەكەیان خوارد!

## « ولاغەکە چە پانەیە ! »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە گەڵ کۆمەڵە کەسێك بە سواری ولاغ بە ڕێگـادا دەڕۆن . پـاش ماوەیـەك دەیانـەوێ پـشوویەك بـدەن، ئـیتر لـە ولاغـەکان دادەبەزن..دووبارە هەلدەستنەوە و خەریك دەبن سواوی ولاغەکان ببنەوە، مەلا پێ لەسەر قولاغی زینـی ولاغەکـە دادەنـێ و خـۆی هەڵدەداتـە سـەر پـشتی ولاغەکەی خۆی ، سەیر دەکەن سەرەوگێر سواری پشتی ولاغەکـە بـووە ، پێـی پێدەکەنن، مەلا دەڵێ :

- گوناهی من نیە خۆی ولاغەکە چە پانەیە !

## « ناو لە کوڕتان مەنێن –ئەیوب - »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە سەر سەکۆی مزگەوتدا دەبێ، دەڵێ، ئـەی موسـلمانان شتێك هەیە نامەوێ زۆر درێژەی بـدەمێ، نـاوی - ئـەیوب – لـە کوڕەکانتـان مەنێن، چونکە ناوی – ئەیوب – کە زۆر دووبارە دەکرێتەوە دەبێتـە – ئیـپ – ئەوەش لە زوبانی تورکیدا مانای گوریسە !!

## « قاچی چە پم بێ دەستنوێژە »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور دەستنوێژ هەڵدەگرێ، قاچی راستی دەشۆرێ و لـەو کاتـە ئاو دەبڕێ، قاچی چە پی بێ شۆرین دەمینێتەوە .. دەست بە نوێـژکردن دەکـا و قاچی چە پی وەکو قاز بەرز دەکاتەوە .. پێی دەڵێن :

- مەلا ئەوە چییە ؟
- قاچی چە پم بێ دەستنوێژە !



Scanned by CamScanner

## ﴿ چۆن بزانم کام لا راستەمە ! ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور میوانێکی دێ و شەوێ لەماڵیان دەمێنێتەوە . شەوێ چرا دەکوژێننەوە و دەخەون، نیوە شەوێ کابرای میوان بە ئاگادێ و دەیەوێ دەست بە ئاو بگەیێنێ ... بانگی مەلا دەکا، دەڵێ :

- مەلا، توخوا ئەو مۆمەی لای راستەی خۆتم بدێ !

مەلا بەنیمچە توورەبییەوە، پێی دەڵێ :

- کابرا، تۆ شێتی ! لەم شەوە تاریکە چۆن بزانم کام لا راستەمە !

## ﴿ کەلووی خۆڵەمێش .. ! ﴾

رۆژێك لە مەلا مەشهووریان پرسی، کەلووی تۆ چیە ؟

ئەویش گوتی، خۆڵەمێش . گوتیان ئینجا کەی کەلووی خۆڵەمێش هەیە ؟ گوتی من کاتێ منداڵ بووم دایکم سەیری بەختی منی دەکرد، دەیگوت کەلووی تۆ دا پیرەیە، ئێستاش دا پیرەم ماوەی چل ساڵە مردووە و بووەتە خۆڵەمێش، کەواتە کەلووی من خۆڵەمێشە !



Scanned by CamScanner

## ﴿ بە مەلایەکی دیکە بڵێن تەلقینی بۆ بدا ﴾

ڕۆژێك کاربەدەستێکی شاری – سێوری حەسار – دەمرێ . ئەو کابرایە پێشتر لەگەڵ مەلا مەشهووردا چەند ساڵ بوو قسەی نەبووە و ناحەزی یەکدی بوونە ... ئیتر دەیانەوێ بینێژن و داوا لە مەلا مەشهوور دەکەن کە تەلقینی بۆ بدا .

ئەویش پێیان دەڵێ :

- براینە، وا چاکە بە مەلایەکی دیکە بڵێن تەلقینی بۆ بدا، چونکە ئەو کابرایە پێشتر قسەی لەگەڵ مندا نەبووە و ناحەزم بووە . زۆر جار ئامۆژگاریم دەکرد گوێی لێنەدەگرتم، بۆیە ئێستاش ئەگەر تەلقینی بۆ بدەم هەرگیز گوێ لە قسەکانم ناگرێ !

-

## ﴿ ئەمە ئەرکی قازییە ﴾

ڕۆژێك سەگێك لە سەر شەقامی نزیك چەند ماڵێك دەتۆپێ . دوو دراوسێ لە سەر ئەوەی کامەیان دەبێ لاشەکە فڕێ بدا لێیان دەبێتە دەمەقاڵێ و ئیتر مەسەلەکە گەورە دەبێ و دەگاتە لای قازی . بەڕێکەوت ئەو ڕۆژەش مەلا مەشهوور لە لای قازی دانیشتووە و میوانیەتی .

هەر دوو دراوسێیەکە لە بەر دەمی مەلا قسە بۆ قازی دەکەن و سکاڵا لە یەکدی دەکەن .

قازی دەیەوێ مەلا بخاتە هەڵوێستێك، بۆ ئەمەش ڕووی تێدەکا و دەڵێ :

- فەرموو، چارەی ئەمانە چیە ؟

مەلا یەکسەر دەڵێ، لەبەر ئەوەی لاشەی سەگەکە لە سەر شەقامی گشتی بووە، ئەمە ئەرکی قازی بەڕێزە کە فڕێی بدا !!



Scanned by CamScanner

## ﴿ مـــانگای تاوانبـــار ﴾

ڕۆژێک مەلا مەشهوور قامکێک گیای بەدەستەوە دەبێ و بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە . لە ناکاو گولکێک پڕ دەداتە گیایەکە و هەمووی لێدەخوا، مەلا هەر چەند هەوڵ دەدا گیایەکەی پێ لە گۆلکەکە ناسێندرێتەوە ئیتر گۆلکەکە دەردەپەڕێ و قامکە گیاییەکە دەرفێنێ، مەلا بە دوای دەکەوێ و نایگاتێ ... سەیر دەکا دایکی گۆلکەکە بە ستراوەتەوە، دەست دەکاتە دارێک و تێر و پڕ لە مانگایەکە دەدا، خاوەنەکەی دێتە دەرەوە .. ڕووداوەکە دەبینێ و، دەڵێ :

- مەلا چ بووە ؟ چ قەوماوە ؟ گۆلکەکە گیای خواردووی ئەو بەسەزمانە چ بکا ؟

ئەویش دەڵێ :

- دایکی تاوانبارە . ئەوەی بێچووی خۆی بە چاکی پەروەردە نەکا ناکامی لێدان و کوتان دەبێ !

## ﴿ شلەی شلەی کەروێشـــک ﴾

ڕۆژێک جوتیارێک کەروێشکێک بە دیاری بۆ مەلا مەشهوور دێنێ .. لە پاش هەفتەیەک کابرای جوتیار لە دەرگای ماڵی مەلا دەدا، مەلا دەرگای لێدەکاتەوە و بە خێر هاتنی دەکا ... مەلا نایناسێتەوە ... جوتیارەکە بە خۆی قسە دەکا و دەڵێ ،من ئەو کەسەم کە کەروێشکەکەم بۆ هێنابووی، مەلا پێخۆشحاڵ دەبێ دووبارە بە خێر هاتنێکی گەرمی لێدەکاتەوە و ژەمەخواردنێکی چاکی دەداتێ .. لە پاش حەفتەیەکی دیکە دوو جوتیاری دی لە دەرگا دەدەن، بە خێر هاتنی ئەوانیش دەکا و، دەڵێن، ئێمە دراوسێی ئەو

ماڵە جوتیارەین کە کەروێشکەکەی بۆ تۆ هێنـابوو، ژەمـەخواردنێکی چـاکیان دەداتێ و ئەوانیش بە رووێیکی خـۆش بـەرێ دەکـا .. چـەند رۆژێکـی دیکـەی پێناچێ دیسان لە دەرگا دەدرێتەوە، کاتێ مەلا دەرگا دەکاتـەوە سـەیر دەکـا یەك حەشاماتە جوتیار بە خۆیان و ماڵ و منداڵیانەوە لە بەر دەرگا وەستاون، یەکسەر دەچنە ژوورەوە و دادەنیشن مەلا پێیان دەڵـێ، ئێـوە کـێن ؟ ئـەوانیش دەڵێن :

- ئێمە دراوسێی دراوسێی خاوەن کەروێشکەکەین ..

ئەویش بێ ئەوەی خۆی بشێوێنێ مەنجەڵێك ئاو گـەرم دەکـا، هـەر یـەکێك و قاپێك ئاوی گەرمیان لە پێش دادەنێ، دەڵێن :

- مەلا ئەوە چییە ؟ ئەویش دەڵێ :

- ئەوە شلەی شلەی کەروێشکە ئەی دراوسێیە بەڕێزەکانی دراوسـێی خـاوەن کەروێشك .






Scanned by CamScanner

## ﴿ بۆ منت هێنایە خوارەوە ! ﴾

رۆژێك لە دەرگای ماڵی مەلا مەشهوور دەدرێ، ئەویش لە بالکۆنی نهۆمی سەرەوە سەر هەڵدەکێشێ و دەڵێ، کێیە ؟

کابرا دەڵێ، وەرە خوارەوە دەمەوێ قسەیەکت لەگەڵ بکەم . مەلا دێتە خوارەوە و دەرگای لێدەکاتەوە، کابرا دەڵێ، هەژارم یارمەتییەکم بدە . مەلا زۆر تووڕە دەبێ، پێی دەڵێ، فەرموو وەرە ژوورەوە، بە دوای خۆی دەدا تاکو دیگەیێنێتە نهۆمی سەرەوە و لەوێ پێی دەڵێ :

- هیچمان نیە خوا بتداتێ .. کابرا پێی دەڵێ، بۆ لە خوارەوە ئەمەت پێ نەگوتم ؟ مەلاش دەڵێ:
- ئەی کاتێ من لە نهۆمی سەرەوە بووم، بۆ تۆ نەتگوت من سواڵکەرم !

## ﴿ جویەکەم بدەوە کورتانی خۆت ببەوە ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لە رێگادا دەبێ، دەگاتە شوێنێکی چۆل و دەیەوێ دەست بە ئاو بگەیێنێ ... ئیتر لە گوێدرێژەکەی خۆی دا دەبەزێ، جویەکەی لە بەر دەکاتەوە و لە سەر پشتی گوێدرێژەکە دادەنێ .. ماوەیەك لە گوێدرێژەکە دوور پێناچێ مەلا دێتەوە و سەیر دەکا جویەکە نەماوە، لەو کاتە دزێك بەوێدا دێ و جویەکە دەدزێ و دەڕوا . هێندەی گوێدرێژەکە دەداو و داوای جویەکەی لێدەکاتەوە .. لە سەروگوێلاکی نابێتەوە، ئەمجارە مەلا کورتانەکە لە پشتی گوێدرێژەکە دادەکەنێ و بە سەر پشتی خۆی دادەدا، دەڵێ :

- جویەکەم بدەوە کورتانی خۆت ببەوە !



Scanned by CamScanner

## « ڕێگـــای ســــەرەوە »

چەند هاوڕێیەکی مەلا مەشهوور لە نێوان خۆیاندا وا ڕێکدەکەون کە پێڵاوەکەی لێ بدزن .. ئیتر ڕۆژێك هەموویان پێکەوە بۆ ڕابواردن دەچـنە دەرەوەی شـار .. دارێکی بلند لەوێ دەبێ .. یەکێکیان دەڵێ، کێ دەتوانێ بە سەر ئەم دارە بەرزە بکەوێ ؟ یەکێکی دی دەڵێ، من . ئەوی دیکە دەڵێ، من . بەڵام هیچ یەکێکیان هەوڵ نادەن بە سەر دارەکە بکەون . مەلا لەم کەینوبەینە دەگا، ئەویش دەڵێ، من . دەڵێن باشە، فەرموو ئەگەر ئازای بە سەر کەوە ! مەلا جوبەو کڵاو و پێڵاوەکانی دادەکەنێ .. دەیا نخاتە نێو بوخچەیەك و لە پشتی خۆی قایمیان دەکا و یەکسەر بە سەر دارەکە دەکەوێ . دەڵێن، مەلا ئەوە چییە ؟ دەڵێ :

- ئەی بە سەر نەکەوم !

دەڵێن، باشە ئەی ئەم پێڵاوانەت بۆ کوێ دەبەی ؟

دەڵێ: لە وانەیە لە سەرەوە ڕێگایەك بدۆزمەوە و لە وێوە بچمەوە ماڵەوە .

## « لە باڵندە خێرا تر بوو »

ڕۆژێك تەیموورلەنگ داوا لە مەلا مەشهوور دەکا کە لە پێشبرکێی ئەسپدا بەشداری بکا . ئەویش دەچێتە نێو تەویلە و سواری گاجووتێکی پیر دەبێ و دەگاتە نێو گۆڕەپانی پێشبرکێیەکە .. هەموویان واقیان وڕ دەمێنێ و گاڵتەی پێ دەکەن .. تەیمولەنگ دەڵێ، مەلا بەم گاجووتە چۆن بەشداری پێشبرکێ دەکەی ؟

ئەویش دەڵێ :

- پێش دە ساڵ ئەم گاجووتەم تاق کردەوە لە باڵندە خێرا تر بوو دەمەوێ بزانم ئێستا چۆنە !

# ﴿ راوکـــــردن لە رۆژی بـــــاران ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لەگـەڵ تەیموورلـەنگ دەچـێتە راوکـردن . تووشـی بـە تووشی ولاغێکی لەڕو لاواز دەبێ .. هەندێك لە شار دوور دەکەونەوە .. هـەوری رەش بەری ئاسمان دەگرێ و بـاران بـە خـوڕم دەسـتپێدەکا .. تەیوولـەنگ و دەست و پێوەندەکانی بەغار دەگەنەوە ماڵەوە، مـەلا کـە ولاغەکـەی سـست و مردی دەبێ خێرا ئاڕوا و خەریکە تەڕ دەبێ .. جلوبەرگ و کڵاوەکەی دادەکەنێ و دەیانکاتە بوخچەیەك و لە سەر پشتی ولاغەکە دادەنێ و بە خۆیشی لـە سـەر بوخچەکە دادەنیشێ .. کاتێ لە دەوروبەری شار نزیك دەبێتەوە بارانەکە لێـی دەکاتـەوە .. جلە وشکەکانی لە بـەر دەکـا .. دەگاتــەوە لای تەیوولـەنگ .. تەیموولەنگ لێی دەپرسێ :

- مەلا ئەوە چۆن جلوبەرگت تەڕ نەبووە ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :
- گەورەم لە چاکەی ولاغەکەیە .

تەیموولەنگ باوەڕ دەکا و ولاغەکە دەخاتە نێو ولاغە تایبەتیەکان . هێندەی پێناچێ رۆژێکی دیکەش دەچنەوە راوکردن، دووبـارە بـاران دەسپێدەکاتەوە، ئەمجارە تەیموولەنگ هەموو گیانی تەڕ دەبێ .. روو لە مەلا دەکا، دەڵێ

- مەلا تۆ درۆت لەگەڵ من کرد !

ئەویش دەڵێ :

- قوربان ئەگەر وەکو من جلو بەرگەکانت بخستایەتە ژێر خۆتەوە هـەرگیز تەڕ نەدەبووی !



Scanned by CamScanner

## « بەڵکو بە دەنگی گوێزەکە بێتە دەرەوە »

ڕۆژێك ژنی مەلا مەشهوور سك پڕ دەبێ، کە کاتی منداڵبوونی نزیك دەبێتەوە ئێش و ئازارێکی زۆر دەبینێ و ژنە دراوسێیەکان لێی کۆ دەبنەوە .. بە مەلا دەڵێن، دەبێ شتێکی وا بکەی بەڵکو منداڵبوونەکەی ئاسان بێ ئەگینا یا بە خۆی دەمرێ یا منداڵەکە .. مەلا یەکسەر ڕادەکاتە بازاڕ و بڕێك لە گوێز دەکڕێ . لە بەردەم ئافرەتەکەی خۆی یاری بە گوێزەکان دەکا . پێی دەڵێن، مەلا ئەوە چییە ؟

ئەویش دەڵێ :

- بەڵکو منداڵەکە گوێی لە دەنگی ئەو گوێزانە دەبێ و زوو دێتە دەرەوە !

## « بۆ خوالێخۆشبووی دایکت دەگرییێم »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا پێکەوە دادەنیشن و دەست بە نانخواردن دەکەن . مەلاژن کەوچکێك شۆربا دەخاتە نێو دەمی خۆی .. چێشتەکە زۆر گەرم دەبێ .. نێو دەمی دەسووتێ، لە تاوان ئاو بە چاوانیدا دێتە خوارەوە .. مەلا سەیری دەکا، دەڵێ :

- بۆ چی دەگرییێ ؟

ئەویش دەڵێ، پیرە دایکتم بە بیر هاتەوە کە زۆر حەزی لەم شۆربایە دەرکرد !

مەلاش کەوچکێك لە شۆرباکە دەخاتە نێو دەمی خۆی ئەویش نێو دەمی دەسووتێ و ئاو بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە . مەلاژن دەڵێ، ئەی تۆ بۆچی دەگرییێ ؟

وەڵامی دەداتەوە، دەڵێ :

- بۆ خوالێخۆشبووی دایکت دەگرییێم کە مردوو و تۆی بۆ من بەجێ هێشت !

# ﴿ بۆ دیتنی ئێوە زۆر بە پەرۆش بووم ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور نووستووە و بەرەبەری بەیان دەبێ و هێشتا دنیا تاریکە، گوێی لە دنگی گالیسکەیەك دەبێ کە بۆ شاری – سێوری حەسار – دەچێ.. یەکسەر لە نێو بێخەفەکەی خۆی دەردەپەڕێ و دەچێ سواری گالیسکەکە دەبێ.. کە دەگاتە جێ.. دنیاش ڕووناك دەبێتەوە، خەڵکەکە سەیر دەکەن مەلا ڕووتە و هیچی لە بەردا نیە.. لە مە واقیان وڕدەمێنێ. دەڵێن، مەلا بۆوا ڕووتی و هیچت لە بەردا نییە ؟

ئەویش دەڵێ :

- بەراستی بۆ دیتنی ئێوە هێندە بە پەرۆش بووم بڕوا بکەن لە بەر پەلە پەلی جلەکانم لە بیر کرد !

-

# ﴿ بە ئاواتی خۆم گەیشتم ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور گاجووتێکی پیری دەبێ، گاجووتەکە جووتە قۆچێکی گەورە و تیژی پێوە دەبێ. مەلا بە دیاریەوە دانیشێ و لە قۆچە گەورەکانی رادەمینێ.. خەیاڵی ئەوە دەکا کە دانیشتنی نێوان ئەو دوو قۆچە خۆش بێ. مانگایەکە لە سەر زەوی پاڵی داوەتەوە و بە کاوێژ کردنەوە خەریکە.. بە ئەسپایی لێی نزیك دەکەوێتەوە.. لە ناکاو خۆی هەڵدەداتە سەر تەپلی سەری و لە نێوان هەردوو قۆچەکان دادەنیشێ. مانگایەکە لە ترسان هەڵدەستێتەوە و دەردەپەڕێ.. مەلا ماوەیەك لە سەر تەپلی سەری مانگاکە خۆی دەگرێ.. ئیتر مانگاکە خۆی بەملاو بەولادادەدا مەلا سکاوسك بەبەردەبێتەوە و لە سەر زەوی رادەکشێ، لە هۆش خۆی دەچێ.. کاتێ هوشیار دەبێتەوە سەیر دەکا ژن و

منداڵەکانی بەسەرسەرییەوە وەستاون و دەگریێن . روو لە ژنەکەی خۆی دەکـا، دەڵێ :

- خۆشەویستەکەم، مەگریێ . ئەگەر چی سـەرو گوێلاکیـشم هـەموو شـکاوە بەڵام من بە ئاواتی خۆم گەیشتم !

## ﴿ بەقسەی منت نەکرد دیسان دایکت تووڕە کردووە ! ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لە بـازار گوێدرێژێك دەکڕێ .. جلـەوی دەگـرێ و بـە دوای خۆی دەدا . بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، دوو جامباز بە دوای دەکەون .. یەکێکیان بە ئەسپایی جلەو لە سەر گوێردرێژەکە دەکاتەوەو لە ملی خۆی دەکا .. ئەوی دیکە گوێدرێژەکە دەدزێ .. مەلا دەگاتــەوە ماڵــەوە .. ئـاوڕ دەداتــەوە سـەیر دەکـا پەتکی دەستی بە ملی کابرایەکەوەیە .. واقی وڕ دەمـینێ، دەڵـێ، کـابرا تـۆ کێی؟ ئەویش دەڵێ :

- قوربـان، چیت لێ بشارمەوە، بەقسەی دایکم نەکردو دایکم دوعـای لێکردم ببمە گوێدرێژ، ئێستـاش لە سایەی سەری پیاوچاکێکی وەکو تۆ بوومەتەوە مرۆڤ .. مەلا بـاوڕی پێدەکا و یەکسەر ئازادی دەکا .. پێـی دەڵـێ، بـەڵام ئەکەی جارێکی دی دایکت تووڕە بکەی ! بۆ بەیانی مەلا دیسان دەچـێتەوە بـازار .. سەیر دەکا هەمان گوێدرێژەکەی دوێنێ بە دەسـت دوو زەلامەوەیـە .. لێی نزیك دەبێتەوە و سەر لە بناگوێی دەنێ و پێی دەڵێ :

- ئەی بێ رەوشـت . وا دیـارە دیـسان دایکـت تـووڕە کـردووە، بـەڵام مـن گوێدرێژی وەکو تۆی بێ عەقڵ ناکڕم !



Scanned by CamScanner

# ﴿ لە وانەیە خانووەکە دوو دەرگای هەبێ ! ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور بەڵێن بە کۆمەڵە فوتابییەك دەدا کە لە ماڵەوە داوەتیان بکا . فوتابییەکان بۆ رۆژی پاشتر دێن و مەلاش بە خۆی دەرگایان لێدەکاتەوە .. فوتابییەکان بێ سێ و دوو یەکسەر دەچنە ژوورەوە . مەلا بەغار بۆ لای ژنەکەی خۆی دەچێ و پێی دەڵێ، ئافرەت قوربانت بم بزانە ئەوانە بەفێڵێك دەرناکەیتە دەرەوە . ژنەکە بەری فوتابییەکان دەگرێ و پێیان دەڵێ، چیتان دەوێ ؟

ئەوانیش دەڵێن، ئێمە میوانی مەلاین . دەڵێ، مەلا لە ماڵەوە نییە ! فوتابییەکان لەمە سەریان سوڕ دەمینێ، یەکێکیان دەڵێ، مەلاژن ئەم قسانە چییە ؟ ئێستا مەلا بە خۆی دەرگای لە ئێمە کردەوە .. ئیتر، مشتومڕ پەیدا دەبێ و فوتابییەکان واز لە مەلاژن ناهێنن .. مەلا لە نهۆمی سەرەوە نەختێ دەنگی خۆی دەگۆڕێ و پێیان دەڵێ:

- بۆ هێندە لەگەڵ ئەو بەسەزمانە دەڵێن، ئەم خانووە لە وانەیە دوو دەرگای هەبێ و لەوی دیکە چووبێتە درەوە !



Scanned by CamScanner

## « بولبـــــولی ئاسایـــــی »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور دەچێتە نێو باخچەیەك، بەسەر دار هەنجیرێك دەکەوێ و دەست بە هەنجیر خواردن دەکا .. لە ناکاو خاوەن باخچەکە پەیدا دەبێ، مەلا دەبینێ و دەنگی دەدا : کابرا چ دەکەی لە سەر ئەم دارە ؟ مەلا دەشلەژێ، دەڵێ:

- من بولبولم بۆ خـۆم لێـرە دەخـوێنم ! کـابرا سـەری سـوڕ دەمـێنێ و بـە پێکەنینەوە پێی دەڵێ، دە باشە بخوێنە باگوێمان لێبێ ! مەلا دەست بـە لاسایی کردنەوەی بولبول دەکـا .. باخـچەوانەکە دیـسان پێدەکـەنێ و، دەڵێ، توخوا ئەمە کەی دەنگی بولبول وایە ؟

ئەویش دەڵێ :

- بولبولی ئاسایی لەمە چاکتر ناخوێنێ !

## « نیوەکەی دی کتانی لێ دەروێنم »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە لای سەرتـاشێکی زۆر بلێ سەری خۆی دەتـراشێ .. کـابرا قسان دەکا و سەری مەلا بە مووسی تیژ لووس دەکا .. ناوە ناوە جێ جێ سـەری بریندار دەکا و نەختێ پەمۆی پێوە دەنێ .. مەلا هێشتا نیوەی سـەری دەمـێنێ هەڵدەستێتەوە، سەرتـاشە زۆر بلێیەکە دەڵێ، مەلا دانیشە هێشتا نیوەی ماوە . ئەویش دەڵێ :

- تۆ لە نیوەی سەرم پەمۆت ڕرواند منیش لە نیوەکەی دی کتان دەروێنم !



سەرەو ژێربان کردۆتەوە تاکو ژێرەکەی وشک بێتەوە

## «مەلا گەورەیە یا کوڕەکەی»

رۆژێك كوڕە بچووكەكەی مەلا مەشهوور روو لە باوكی دەكا و پێی دەڵێ : بابە ئەو رۆژەم بە بیر دێ كەتۆ لە دایك بوویت ؟ دایكی چە پەلۆكێكی لێدەدا و بێ دەنگی دەكاتەوە . مەلا دەڵێ :

- ئافرەت بۆ لێی دەدەی بیری منداڵ تیژە بەڵكو بە بیریەتی !

## «سوپاس بۆخوا ئەو بەسەزمانەم لە بیر دەرهێنا»

شەوێك مەلا مەشهوور سەیری نێو بیری حەوشەی خۆیان دەكا . لە نێو ئاوەكە وێنەی - مانگ -ی بۆ بەدیار دەكەوێ .. دەڵێ، ئەی لەو مانگە بەسەزمانە چۆن كەوتووەتە نێو ئەم بیرەوە .. دەولكێك شۆڕدەكاتەوە، دەولك پڕ ئاو دەبێ و دیەوێ بەرزی بكاتەوە . لە ناكاو دەولكەكە لە بەردێكی لێواری بیرەكە گیر دەبێتەوە .. بە توندی رایدەكێشێ، گوریسەكە دەپسێ و مەلا پشتاوپشت بەر دەبێتەوە .. لە نێو چەقی ئاسماندا مانگی لێ بەدیار دەكەوێ، دەڵێ :

- ئۆخەی، خۆ مانگەكەم رزگار كرد !



Scanned by CamScanner

## « لە شوورەییان خۆم لە تۆ شاردووەتەوە ! »

شەوێك مەلا مەشهوور هەست بە چرپە چرپی دزێك دەكا كە لە نێوماڵەكەیان دەسوورێتەوە .. شەوەكە زۆر تاریك دەبێ، مەلا دەترسێ، هەڵدەستێ خۆی لە نێو دۆڵابی جلوبەرگ دەشارێتەوە .. دزەكە هەموو ماڵەكە دەپشكنێ و هیچ شتێكی چنگ ناكەوێ كە شایانی بردن بێ .. ئیتر بێزار دەبێ و پێش ئەوەی بڕوا دەڵێ با چاوێك بەو دۆڵابەش بخشێنم .. كاتێ دەرگای دۆڵابەكە دەكاتەوە سەیر دەكا مەلا بە جوبەو مێزەری سپییەوە لە نێو دۆڵابەكە قیت دانیشتووە . دزەكە شەرم لە خۆی دەكاتەوە، بە ناچاری بە مەلا دەڵێ، مەلا ئەوە چ دەكەی لێرە ؟ ئەویش دەڵێ :

- گەورەم، لێم مەگرە دەمزانی لەم ماڵە هیچت چنگ ناكەوێ بۆیە لە شەرمی جەنابت خۆم لێرە شاردووەتەوە !

## « بەڵكو هاتووەتە دەرەوە »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە ماڵەوە ئەنگوستیلەیەكی لێ گوم دەبێ . بە دوایدا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە .. دەچێتە دەرەوە سەیری بە دەرگا دەكا .. دراوسێیەكی پێی دەڵێ، مەلا ئەوە لە چ دەگەڕێی ؟ ئەویش دەڵێ، ئەنگوستیلەكەم لە ژوورەوە لێ وون بووە . دراوسێیەكە دیسان دەڵێ، باشە بۆچی لە ژوورەوە لێی ناگەڕێی ؟ مەلا دەڵێ :

-ژوورەوە زۆر تاریك بوو، دەڵێم بەڵكو هاتبێتە دەرەوە و ویستبێتی سەردانی ماڵە دراوسێیەكان بكا



Scanned by CamScanner

## ﴿ شاهێـــدی دمبـــــک ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لە شارێکدا قازی دەبێ، بەیانییەك کابرایەك لێی دێتە ژوورەوە و دەست بە هاتوهاوار دەکا دەڵێ، قوربان ئێستا کابرایەك لە نێو بازار دمبکێکی لێ دزیم، دزەکەش دەناسم ! مەلا کابرایەکە هێو دەکاتەوە و بە دوای دزەکە دەنێرێ .. دزەکە دەڵێ . گەورەم ئەو دمبکە موڵکی خۆمە، لە شارێکی دی کڕیومە .. مەلا دەڵێ، شاهێدت هەیە ! بەڵێ قوربان، دوو شاهێد دێنە ژوورەوە، هەردووکیان سوێند دەخۆن، دەڵێن ئەو دمبکە موڵکی ئەوەیە و بەو شاهێدییەی کە دمبکەکە پێشەوەی لە دواوەی ئەستوورترە، دەمی بە پێست گیراوە، کە پەنجەی پێوە دەنێی وەکو دمبك دەنگی لێوە دێ . مەلا دمبکەکە دەداتەوە دزەکە .. بەڵام داواکارەکە تووڕە دەبێ و بە مەلا دەڵێ، قوربان من بەم شاهێدانە قایل نیم چونکە یەکێکیان مەی فرۆشەو ئەو دیکەشیان پێ خواسە .. مەلا سەیریان دەکا و سەری خۆی دەلەقێنێتەوە، دەڵێ :

- توخوا بۆ دمبکچییەکی وەکو تۆ دەتەوێ چ جۆرە شاهێدێك ئامادەبێ !

## ﴿ سزایەکـــە بۆ خـــۆت وەربگـــرە ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لە نێو بازاڕدا دەڕوا، یەکێك لە دواوە زڵلەیەکی لە پشت ملی دەدا .. مەلا ئاوڕ دەداتەوە، کابرا شەرم لە خۆی دەکا و دەڵێ .. دەبێ ببووری وامزانی تۆ هاوڕێیەکی خۆمی .. مەلا بەوەندە قایل نابێ .. قوربان دەچنە لای قازی، وا رێکدەکەوێ کابرا هاوڕێی قازی دەبێ .. مەسەلەکە .. قازی دەڵێ مەلا تۆش زڵلەیەکی لێ بدەوە، دوای گێڕانەوەی دانامرکێتەوە و قایل نابێ .. قازی دەڵێ کەواتە دە درهەمی سزا دەکەین .. مەلا بەوە دڵی داوا لە کابرا دەکا بچێ پارەکە بێنێ .. دەمێکی پێدەچێ کابرا ناگەڕێتەوە، دەبێتە سەعاتێك و دوو سەعات کابرا ناگەڕێتەوە ... مەلا تووڕە دەبێ و

دەزانیٚ قازی فێڵی لێكردووەو كابرا یەكجاری ناگەڕێتەوە .. بە هێدی لە قازی نزیك دەبێتەوە .. قازی بە نووسین خەریك دەبیٚ، دەنگی دەداو، قازی سەری خۆی بەرز دەكاتەوە . زللەیەكی توند لە بن گوێی قازی قایم دەكا، پێی دەڵیٚ :

- كابرا كەی هاتەوە پارەكە بۆ خۆت وەربگرە چونكە من دەڕۆم !

## « ئەعوزو بـــــــاللە »

ڕۆژێك تەیموورلەنگ لە مەلا مەشهوور دەپرسیٚ دەڵیٚ، مەلا دەزانی خەلیفە عەباسییەكان هەر یەكە و نازناوێكیان هەبوو ! وەكو ( الموفق باللە ) و ( المتوكل باللە ) و ( المعتصم باللە ) . باشە ئەگەر منیش لەو خەلیفانە بوومایە دەبوایە چ نازناوێكم هەبووایە ؟

مەلا یەكسەر، وەڵامی دەداتەوە، دەڵیٚ :

- خاوەن شكۆ بە تۆیان دەگوت ( ئەعوزو باللە ) !

## « چـــی وون كـــــردووە ! »

ڕۆژێك یەكێك لە هاوڕێیەكانی مەلا مەشهوور پێی دەڵیٚ، مەلا ژنی تۆ عەقڵی خۆی وون كردووە ! مەلا سەیر دەكا و دەستی خۆی دەخاتە ژێر چەناگەی و بیر دەكاتەوە .. بیر كردنەوەكە درێژە دەكێشیٚ .. هاوڕێیەكە دەڵیٚ، لە چ رادەمێنیی ؟ بۆ وا داماوی !

مەلا دەڵیٚ :

- تۆ دەڵێی ژنەكەم عەقڵی خۆی گوم كردووە، بەڵام من دڵنیام كە ژنەكەم هیچ عەقڵی نییە ! لێم گەڕیٚ با بیر بكەمەوە بزانم چی وون كردووە !



Scanned by CamScanner

## « هیچ رۆژێك قسەمان لەگەڵ یەکدی نەکردووە ! »

رۆژێك مەلا مەشهوور دەچێتە دادگە، بە قازی دەڵێ، دەمەوێ دەست لە ژنەکەم بەر بدەم .

قازی دەڵێ، ناوی ژنەکەت و باوکی چییە ؟ مەلا دەڵێ، قوربان نازانم !

قازی دەڵێ، چەند ساڵە ژنت هێناوە ؟ ئەویش دەڵێ :

- گەورەم ماوەیەکی زۆرە ئەو ژنەم هێناوە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ رۆژێك نێوانمان خۆش نەبووە کە ناوی خۆی و باوکی لێ بپرسم !

## « لە من و مەڕەکە بپرسە »

شەوێك دەنگی پێی دزان مەلا مەشهوور و ژنەکەی هوشیار دەکاتەوە، لەو کاتە مەڕێکیان باعەباعێکی بە سۆزی لێوە دێ، دزێکیان بە هاورێیەکانی خۆی دەڵێ، ئەگەر هیچمان چنگ نەکەت مەلا دەکوژین و مەڕێك دەخۆین و ژنەکەشی بۆ خۆمان دەبەین، مەلا کە گوێی لەم قسەیە دەبێ دەست بە کۆخەکۆخێکی زۆر دەکا و وردە وردەش دەنگی خۆی لە گەڵ بەرزدەکاتەوە ، دەنگی مەلا خەریك دەبێ بگاتە دراوسێیەکان و هۆشیاریان بکاتەوە ، دزەکان دەترسێن و دەردەپەڕن، ژنەکەی پێی دەڵێ :

- مەلا تۆ ئێوارێ کە نووستی هیچ بەڵات لێ نەبوو، بەم نیوە شەوە چ بوو ئەو کۆخە توندە سنگی گرتی و بەرتی نەدا ؟

ئەویش دەڵێ :

- خانم شتێکی سروشتییە کە تۆ هیچ باکت نەبێ ..بەلام لە من و مەڕەکە بپرسە !

## « دراوسێـــــی چـــاك »

ڕۆژێك لە مەلا مەشهووریان پرسی، ئایا پیاو تەمـەنی سـەد سـاڵ بـێ کـوڕی دەبێ؟ ئەویش گوتی :

- بەڵێ، ئەگەر دراوسێیەکی لاوی تەمەن ( ٢٠ ) ساڵەی هەبێ !

## « ئێـــــرەش بۆ ئاودەســــــت »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور وەستایەك دێنێ و دەیەوێ خانوویەك دروست بکا .. وەستا دەڵێ، لێرە ژوورێك دروست دەکەین، ئێرەش دەکەینـە ژووری دانیـشتن .. ئێـرە هەیوان دەبێ و ئەلێرەش ژووری نا نخواردن دروست دەکەین . مەلا سـەیری کـرد لە زەوییەکە هیچ نامێنێتەوە تەنیا کونە بای شەماڵ نەبێ .. مەلاش گوتی :

- کەواتە لێرەش دەبێ ئاودەست دروست بکەین !

## « ئەو تەشتەی پێشتر فافۆنی ئاو خواردنەوە بوو! »

ڕۆژێك دراوسێیەکی ماڵی مەلا مەشهوور تەشتێکی گـەورەیان لێـدەدزێ ، پـاش چەند ڕۆژێك تەشتەکە لە لای کابرایـەك دەدۆزرێتـەوە، دزە و کـابرای گوایـە خاوەن تەشتەکە دێنە لای قازی، خاوەن تەشتەکە مەلا دراوسـێی دەبـێ و بـۆ شاهێد داوای دەکا.. قازی دەڵێ، مەلا ئەم تەشتە دەناسییەوە کە مـۆلکی ئـەم دراوسێیە موسوڵمانەت بێ؟ مەلا دەڵێ:

- بەڵێ ، دەیناسمەوە. ئەم تەشتە لە کاتی خۆی فافۆنی ئاو خواردنەوە بوو ، بەلام وا دیارە زۆر دەستیان پێدا هێناوە و گەورەو پان بوومەتەوە !.



Scanned by CamScanner

## ﴿ لە نێو دارەبازەكە مەبە لە هەر كوێیەك دەڕۆی بڕۆ! ﴾

ڕۆژێك لە مەلا مەشهوور دەپرسن، ئەگەر لەگەڵ دارەبازەی مردوودا بـڕۆی، لـە پێشەوە بیت خێرترە یا لە دواوە؟

مەلا دەڵێ:

- لە نێو دارەبازەكە مەبن لە هەر كوێیەك دەڕۆن بڕۆن !

## ﴿ شوورە بییە ئەگەر وەكو كوڕەكەی خۆت ئازا نەبیت ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور دێتە شاری ( بروسە ) و دەیەوێ لـە دەزگـەكانی دەوڵـەت كارێك ئەنجام بدا، ماوەیەكی زۆر لەوێ دەبێ و هیـچی بـۆ جێبـەجێ نـابێ. هەندێك پێی دەڵێن :

ماموّستا چل ڕۆژ بەیانیان لە مزگەوتی گەورە نوێژ بكە . ئـیتر ئیـشەكەت بـۆ ئاسان دەبێ . .چل بەیانی لەوێ نوێژ دەكـاو كەچـی هێـشتا ئیـشەكە نـاڕوا. بەیانیەك دەچێتە مزگەوتێكی بـچووك و نوێژەكـە لـەوێ دەكـا. . دەچـێتەوە دایرەی حكومەت سەیر دەكا ئیشەكە تەواو بووە... مەلا یەكسەر ڕادەكاتە بـەر دەرگای مزگەوتە گەورەكە و گۆپاڵی بۆ ڕائەوە شێنێ و، دەڵێ :

- شوورەییە ئەگەر وەكو كوڕەكەی خۆت ئازا نەبیت !



Scanned by CamScanner

## ﴿ سەیرکەن چۆن غار دەدا ... ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور دەچێتە قەراغ ڕووبارێك سەیر دەکا کەشتییەوانەکان قیر دەتوێننەوە ( جفت تواندنەوە ) پێیــان دەڵــێ، ئەمــە چ لێدەکــەن ؟ دەڵــێن، کەشتی نوێی پێ ڕووپۆش دەکەین چونکە بەمە خێراتر دەڕوا .

مەلا خێرا دەچێتە بـازار، توورەکە جفتێك دەکڕێ و یەکسەر دەگەڕێتەوە ماڵەوە .. گوێدرێژەکە بــە میخــز نجیر دەبەســتیتەوە . مەنجــەڵێك دێــنێ و قیرەکــە دەخاتە ناویەوە، ئـاگرێکی گەورە دەکاتەوە و قیرەکە دەست بە توانەوە دەکات، ماڵەکە هەموو دەبێتە چڕە دووکەڵی ڕەش . ئەو ناوە هەموو تـاریك دادێ .. بۆن قیری تواوە لووتی گوێدرێژەکــە دەکرووزێنێتــەوە، گوێدرێــژی بەســەزمان لــە ترسان زنجیرەکە دەپسێنێ و وەکو گوللە دەردەپەڕێ .. مەلا بە دوای دەکــەوێ و هاوار دەکا :

- خەڵکینە سەیرکەن ئەم گوێدرێژە هێشتا جفتم لێنەداوە وەکو گوللــە غــار دەدا !

## ﴿ ئەم پیاوە منم ئەی من کێـــــم ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە گەشتێکی دوورودرێژدا دەبێ، لە ڕێگا لە شارێکی قەرە باڵغ دادەبەزێ .. سەیر دەکا حەشاماتێکی زۆری لێیەو دەترسـێ لــە نێــو ئــەم هەموو خەڵکە گوم ببێ و خودی خۆی نەناسێتەوە، بــە خــۆی دەڵــێ، وا چــاکە لێچەگێکی سپیی گەورە بەسەر شانی خۆمدا بدەم .. ئیتر لە ماڵێك میوان دەبــێ



Scanned by CamScanner

.. شەو دەنوێ، بەیانی هەڵدەستێتەوە لێچەگ نەماوە و دزراوە .. دەچێتە بازار سەیر دەکا کابرایەك لێچەگێکی سپیی بە سەر شانیەوەیە، واقــی وڕ دەمێنێ، دەڵێ :

- باشە، ئەوە منم، ئەی من کێم ؟

## ﴿ چاویش وەکو کاکیلەیە ﴾

رۆژێك ئافرەتێك چاوی دێشێ، بۆ دەرمانی ئەو چاو ئێشەیە لە مەلا مەشـهوور دەپرسێت، ئەویش دەڵێ :

- دوێنێ کاکیلەم ژانی دەکرد چارەم نەبوو دەرمهێنا !

## ﴿ ئەوەی لە ئاسك خێراترە ... ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور ژنێك دێنێ و لە دوای پێنج رۆژ کورێکیان دەبێ . بـۆ رۆژی پاشتر مەلا دەفتەر و قەڵەم و جانتایەك دێنێتەوە . دەڵێن، مـەلا ئـەم شـتانە چییە ؟

لە وەڵامدا دەڵێ :

- ئەوەی ماوەی نۆ مانگ بە پێـنج رۆژ بـبڕێ، دەبـێ پـاش چـەند رۆژی دی بچێتە قوتابخانە !



Scanned by CamScanner

## ﴿ ئەگەر هەموو بەلایەکدا بڕۆن دنیا بەر دەبێتەوە ! ﴾

ڕۆژێك لە مەلا مەشهوور دەپرسن، مەلا لە بەر چی ئەو خەڵکە کاتێ بەیانیان لە ماڵەوە دێنە دەرەوە، هەر یەکێك و بەلایەکدا دەڕوا ؟
ئەویش دەڵێ :
- ئەی بێ عەقڵینە ئەگەر هەموویان بەلایەکدا بڕۆن دنیا بەردەبێتەوە !




## ﴿ بە خۆی پێی گوتم کە خۆی مردووە ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە دەرەوەی شاردا دەبێ ،ماوەیەك دەڕوا بێ هێز دەبێ ،هەست دەکا مردووە .. لە سەر زەوی ڕادەکشێ .. ماوەیەك چاوەڕێ دەکا. سەیر دەکا خەڵك نایێن لاشەکەی ببەنەوە ماڵەوە . هەڵدەستێتەوە و دەگەڕێتەوە ماڵەوە .. بە ژنەکەی خۆی دەڵێ :
من چوومە فڵانە لادێ لە ڕێگادا کەوتوومە و مردوومە .. لاشەکەشم لە فلانە شوێن کەوتووە، ئیتر مەلا دەچێتەوە هەمان شوێنی پێشوو و لەوێ لە سەر زەوی ڕادەکشێتەوە .. ژنەکەی دەست بە هاوار و فیغان دەکا و دراوسێیەکان لە خۆی کۆ دەکاتەوە و، دەڵێ، مەلا مردووە، لە فلانە ڕێگایە و لە فلانە شوێنیش لاشەکەی کەوتووە ! دەڵێن، چۆن زانیت ؟
لە وەڵامدا دەڵێ :
- بە خۆی پێی گوتم کە خۆی لە فلانە شوێن مردووە !



Scanned by CamScanner

# ﴿ کلکـــە گوێـــی کـــەر ﴾

ڕۆژێك دەروێشێك بە دەف لێدانەوە دێتە دێیەکەی مەلا مەشهوور و ئیتر خەڵك لێی کۆ دەبنەوە .. مەلا پێی دەڵێ، مام دەروێش چاکتر نیە بۆ خۆت کارێك بکەی ؟ دەروێش دەڵێ :

- ئیش و کاری من زۆرە .. شەوان دەفڕم .. لە حەوت چینی ئاسمان مەلە دەکەم .. بە سەر هەمووماڵێکدا دێ و دەچم .. لە سەر هەموو خواردنێکی خۆش ئامادەم و خاوەن ماڵەکانیش نامبینن . مەلا ناهێڵێ چی دی دەروێش قسە بکا .. پێی دەڵێ، باشە، لە بڵندایی ئاسمان لووتت بە شتێکی نەرم نەکەوت ؟ مام دەروێش بۆ ئەوەی پتر لەگەڵ خەڵکی دێیەکە ئاشنا بێ، وەڵامی مەلا دەداتەوە و دەڵێ، بەڵێ .. مەلاش یەکسەر دەڵێ :
- ئەوە کلکە گوێی کەری من بوو !

# ﴿ جوێەکە خۆمی تێدا بوو ! ﴾

ڕۆژێك دراوسێیەکی نزیك ماڵی مەلا مەشهوور لێی دەپرسێ، مەلا دوێنێ ئێوارە لە ماڵی ئێوە هەراو تەقە تەقێکی زۆرمان بیست، خوا نەخواستە شتێك ڕووی نەداوە ! دەڵێ، بەخوا لەگەڵ ژنەکەم هەندێ دەمەقاڵێمان بوو ئیتر جوێەکەم لە سەر پلیکانەکان خزی و کەوتە خوارەوە .. دراوسێیەکە بەمە ناوەستێ و دەڵێ، تۆخوا مەلا ئینجا جوبە کەی دەنگی لێوە دێ ؟ مەلاش دەڵێ :

- بۆ وا لە سەر ئەو دەنگە ڕشتی، مەگەر پێت بڵێم جوێەکە خۆمی تێدا بوو !



Scanned by CamScanner

# ﴿ خەوم لێ وون بووە ! ﴾

جارێکیان مەلا مەشهوور لە نیوە شەوێکی تاریکدا لە ماڵەوە بێزار دەبێ و دەچێتە دەرەوە، بە سەر شەقامەکاندا دەگەڕێ و دەسووڕێتەوە، بە رێکەوت تووشی چەند پاسەوانێکی شەوان دەبێ و لە ناکاو رایدەگرن، لێی دەپرسن، مەلا بەو نیوە شەوە لە چ دەگەڕێی ؟ ئەویش دەڵێ :

- قوربان، خەوم لێ وون بووە، دەمەوێ بیدۆزمەوە !

# ﴿ چەند بەڵێنت دەوێ بە قەرز دەتدەمێ ! ﴾

رۆژێك هاوڕێیەکی مەلا مەشهوور داوای بڕە پارەیەکی لێدەکا بە قەرز بیداتێ وبەڵێنیشی دەداتی کە لە کاتی خۆیدا بیداتەوە، مەلا وەڵامی دەداتەوە و، پێی دەڵێ :

- بە خوا پارەم نییە بە قەرز بتدەمێ، بەڵام بەڵێنم زۆرە ئەگەر بە قەرز دەتەوێ !

# ﴿ بەهای پەشتەماڵ ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور و تەیموورلەنگ پێکەوە دەچنە گەرماو، جلوبەرگیان دادەکەنن و هەر یەکە پەشتەماڵێك لە خۆیان لوول دەدەن و دەچنە ژوورەوە، تەیموورلەنگ سەیری قاچەشکاوەکەی خۆی دەکا، بە مەلا دەڵێ : مەلا ئەگەر کۆیلە بوومایە بە چەند دەفرۆشرام، یەکسەر دەڵێ، پەنجا لیرە.. تەیموورلەنگ تووڕە دەبێ و دەڵێ، ئەی بێ عەقل تەنیا ئەم پەشتەماڵەی بەرم پەنجا لیرە دێنێ .. ئەویش بە هێدی دەڵێ :

- گەورەم، بەهای پەشتەماڵەکەشم حسێب کردووە !



Scanned by CamScanner

# 《 با خەڵك بزانێ من چەند بە ئازارم ! 》

ڕۆژێك مەلا مەشهوور گوێدرێژەکەی خۆی دەباتــە بــازار و دەیــەوێ بیفرۆشێ. کڕیارێك لێی نزیك دەبێتەوە، لغاوی گوێدرێژەکە دەگرێ و دەیەوێ سەیری نێو دەمی بکا ( وەکو باوە لە کاتی کڕین و فرۆشتنی گوێدرێژدا سـەیری نێـو دەم و ددانی دەکرێ ) گوێدرێژەکە قــە پێك لــە کــابرا دەگــرێ و برینــداری دەکــا .. کڕیارێکی دی کلکی بادەدا، لەقەیەك لەویش دەدا و ئەویش سنگی دەشکێ و بەر دەبێتەوە، یەکێکی دی دێتە پێش مەلا و، دەڵێ، مەلا ئەم گوێدرێژەت قــە پێش دەگرێ و لەقەش لە خەڵك دەدا .. ئەمە نافرۆشێ، وا دیارە ئەمە گوێدرێژ نییە بەڵایەکی خوایە ... مەلاش دەڵێ :

- براینە، من ئەمەم نەهێناوە تاکو بیفرۆشم، تەنیا بۆ ئەوەم هێناوە بەڵکو موسوڵمانان بزانن کە من تووشی چ بوومە !

# 《 کەی دەبێتە قیامەت ! 》

ڕۆژێك لە مەلا مەشهوور دەپرسن، کەی دەبێتە قیامەت ؟ دەڵێ : مەبەستتان چ قیامەتێکە ؟ پێی دەڵێن : بۆ چەند قیامەت هەیە ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :

- بەڵێ، ئەگەر ژنم بمرێ ئەمە قیامـەتی بـچووکە، ئەگـەر خۆشـم بمـرم قیامەتی گەورەیە !



Scanned by CamScanner

# « ئەگەر کوڕم نەبووایە »

ڕۆژێك منداڵێکی ساوای مەلا مەشهوور مەلاژن زۆر بێزار دەکا، ئەویش پێی دەڵێ: مەلا تکات لێ دەکەم ئەو منداڵەم نەختێ بۆ بحەوێنەوە! مەلا منداڵەکە لە ئامێز دەگرێ و کەچی لە لای ئەویشدا ناحەوێتەوە، لێی بێزار دەبێ.. منداڵەکە دەست بە گریان دەکا و بەسەر گوێلاکی مەلا هەڵدەگەڕێ و پڕ دەداتە مێزەری.. مەلا تووڕە دەبێ و منداڵەکە دادەنێتە سەر زەوی و بە خۆی قیت دەبێتەوە و هەموو سەرو گوێلاکی منداڵەکە بە میز دەشواتەوە..

ژنەکە هاوار دەکا، دەڵێ: تۆخوا کابرا ئەوە تۆ چ دەکەی؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:

- بەخوا ئەگەر کوڕم نەبووایە لەوە پترم دەکرد!

# « بۆ پەنجەم ماندوو بکەم! »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە کۆڕێکی گۆرانیدا دەبێ، یەکێك لە گۆرانی بێژەکان عودێك دەداتە دەست مەلا، پێی دەڵێ، فەرموو مەلا نەختێ عودمان بۆ لێدە.. مەلا خۆی ناشێوێنێ و دەست لە ژێیەکان دەخشێنێ.. ماوەیەکی پێ دەچێ، مەلا لە دەست لێخشاندنە ژێیەکان بەردەوام دەبێ.. خەڵکەکە بێزار دەبن، پێی دەڵێن: مەلا بەم شێوەیە عود لێنادرێ پێویستە پەنجەت لە سەر ژێیەکان بجوولێنێتەوە، ئەویش دەڵێ:

- ئەگەر هیچ ئاوازێك نەبێ، پەنجەی خۆم بۆ ماندوو بکەم!



Scanned by CamScanner

## ﴿ ئەگەر لە سەر پشتی دەبووم ئێستا منیش گوم ببووم ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور گوێدرێژەکەی خۆی لێ وون دەبێ، بە دوایدا دەگەڕێ و دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و سوپاسی یەزدان دەکا، پێی دەڵێن : مەلا تۆ بە دوای گوێدرێژدا دەگەڕێی ئەی ئەو سوپاس سوپاسەت لە چییە ؟ ئەویش دەڵێ :

- سوپاسی یەزدان دەکەم چاك نەبوو من لە سەر پشتی نەبووم .. ئەگینا ئێستا منیش وون ببووم !

## ﴿ ئینجا ئەو کاتە وەکو یەکدیمان لێدێ ! ﴾

ڕۆژێك دەسەڵاتدارێکی شارێك بۆ هەندێ مەسەلەی ئایینی بە دوای مەلا مەشهووردا دەنێرێ . مەلا دەگاتە جێ و دەست بە خوێندنەوەی هەندێ شت دەکا.. کابراش شتەکان دەخوێنێتەوە ..مەلا هەندێ شتی دی دەنووسێت و ئەویش لە دوای ئەو شتەکان دەنووسێتەوە . دەسەڵاتدارەکە پێی دەڵێ : مەلا ئێستا پێویستیمان بەتۆ نەما چونکە ئەوەی گوتت گوتمەوە و .. ئەوەی نووسیشت نووسیمەوە .. کەواتە ئێستا وەکو یەکدیمان لێهات .. مەلا دڵگران دەبێ و دەڵێ : گەورەم وا نییە، چونکە جیاوازیەکی زۆر لە نێوا نماندا هەیە، من سێ ڕۆژە ڕێ بە پا هاتووم .. ئەگەر تۆش سێ ڕۆژە ڕێ بە پا بڕۆی و ئەوەی من گوتم بیلێیتەوە و وەکو من دڵسارد بیتەوە ئینجا وەکو یەکدیمان لێدێ !

## ﴿ سرکەی چل ساڵ ﴾

ڕۆژێك دراوسێیەکی مەلا مەشهوور لێی دەپرسی : سرکەی چل ساڵیتان هەیە؟
دەڵێ: بەڵێ، هەیتمان .
کابرا دەڵێ : نیو گۆسکەم بدێ .. دەڵێ : ناتوانم . کابرا دیسان دەڵێ : ئای مەلا ئینجا سرکە چییە ئێمە دراوسێین مەلا لە وەڵامدا پێی دەڵێ :
- قوربان ئەگەر هەر دراوسێیەك و نیو گۆسکەی بدەمێ، پێم نالێی ئەو سرکەیە چۆن چل ساڵ دەمینێ ؟

## ﴿ بە تۆ چــــــی ! ﴾

ڕۆژێك یەکێك لە هاوڕێیەکانی مەلا مەشهوور پێی دەڵێ : مەلا ئێستاا یەکێکم بینی مریشکی سوورەوەکراوی لە سەر سینییەك دانا بوو و بۆ ئەو لایەی دەبرد .
گوتی : بە من چی !
هاوڕێیەکە گوتی : بۆ ماڵی ئێوەیان برد .
پێی گوت : باشە، بە تۆ چی ؟

## ﴿ کرێی ئیمڕۆ بۆ جاری پێشتر، کرێی جاری پێشتریش بۆ ئەمجارە﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور دەچێتە گەرماو .. کەس گوێی ناداتێ .. باش خزمەتی ناکەن و پەشتەماڵی کۆنی دەدەنێ .. کاتێ تەواو دەبێ، دە لیرە لە بەردەم وستایەکە دادەنێ .. وستا و شاگردەکان لەو پارە زۆرە واقیان وڕ دەمینێ و شەمەزار دەبنەوە.. بۆ حەفتەیەکی دی مەلا دێتەوە گەرماو .. ئەمجارە وستاو شاگرەکان پێشوازییەکی چاکی لێدەکەن .. چاکترین شوێنی بۆ دیاری دەکەن و



Scanned by CamScanner

.. پەشتەماڵی نوێی بۆ دادەنێن .. مەلا پاش ئەوەی تەواو دەبێ، جلوبەرگ لـە بەر دەکا و نیو لیرە دەخاتە بەردەمی وەستایەکە .. هـەموویان سـەریان سوڕ دەمینێ و پێی دەڵێن : مەلا ئەوە چییە ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :

- کرێی ئیمڕۆ بۆ جاری پێشتر .. کرێی پێشتریش بۆ ئەمجارەی ئێستا !

## « ئێستا ناتوانم بچمە بەغـــــدا ! »

ڕۆژێک یەکێک لە هاوڕێیەکانی مەلا مەشهوور پێی دەڵـێ : مـەلا حـەز دەکـەم نامەیەکم بۆ بنووسیت ،دەمەوێ نامەکە ڕەوانەی بەغـدا بکـەم .. پێـی دەڵـێ: توخوا هاوڕێ لێمگەڕێ ئێستا توانای چوونە بەغدام نییە ! هاوڕێیەکە دەڵێ : باشە، تۆ نامەم بۆ دەنووست یا دەچیتە بەغدا .. مەلا دەڵێ :

- کاکی خۆم تۆ بـۆ وا نـەزان و نـەفامی .. دەسـتخەتی مـن کـەس نـازانێ بیخوێنێتەوە .. ئەگەر نامەت بۆ بنووسـم دەبـێ بـە خۆیـشم بـچم لـەوێ بیخوێنمەوە!

## « خۆر ســـــوودی پترە یا مانـــــگ »

ڕۆژێک لە مەلا مەشهوور دەپرسن : خۆر سوودی پترە یا مانگ ؟ ئەویش دەڵێ :

- لە بەر ئەوەی خۆر بە ڕۆژ دەردێ و ئەو کاتەش دنیا ڕووناکە و سوودی بۆ شەو نییە. مانگیش بە شەو دەردێ و شەوی تاریک ڕووناک دەکاتــەوە بۆیــە سـوودی مانگ لە سوودی خۆر پترە !



Scanned by CamScanner

# « من لە دەروە و تۆش لە ژوورەوە .. »

رۆژێك مەلا مەشهوور پیرە گوێدرێژەکەی خۆی دەباتە بازار و دەیەوێ بیفرۆشێ .. دەلاڵێك پەتی ملی گوێدرێژەکەی لە دەست وەردەگرێ و بە نێو کڕیارەکاندا دەیگێڕێ و دەڵێ : خەڵکینە ، ئەوە باشترین گوێدرێژ، دوو مانگە پشتی کراوە .. هێشتا گەنجە و بە هێزە، باری سێ هێستر هەڵدەگرێ، زۆر هێمن و لە سەر خۆیە، نە قەپ دەگرێ و نە لەقە داوێ، لە سەر پشتی قاوە بخۆرەوە و لێی مەترسێ ... مەلا کاتێ ئەم خاسیەتە چاکانەی گوێدرێژەکەی خۆی دەبیستێ سەری سوڕ دەمینێ و ئەویش لە مەزاد کردنی گوێدرێژەکە بەشدار دەبێ، نرخی زۆر بەرز دەبێتەوە .. مەلا دواترین نرخ دەڵێ و ئیتر مەزاد رادەوەستێ .. مەلا مەشهوور بە خۆی گوێدرێژی خۆی دەکڕێتەوە .. پارەیان بۆ دەژمێرێ و .. گوێدرێژەکە دێنێتەوە ماڵەوە .. لە ماڵەوە باسەکە بە درێژی بۆ مەلاژن دەگێڕێتەوە .. ژنەکە دەڵێ : بەخوا زۆر چاکە منیش ئیمڕۆ وەکو تۆم کرد .. پەنیر فرۆشێك هاتە گەڕەك و داوای چارێکە پەنیرێکم لێکرد .. ئاگای لە تەرازوو نەبوو بازنی زیوی دەستی خۆم خستە سەر بەردەکێشەکەو پەنیرێکی زۆری بۆ کێشام .. مەلا یەکسەر دەڵێ :

- بەخوا ژنێکی زۆر عاقڵی من لە دەرەوە و تۆش لە ژوورەوە ئینجا ماڵمان چاك ئاوەدان دەبێ !

## ﴿ ئەگەر مردم راستوراست بمنێـــــژن ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لە لایەن هاوڕێیەکانی خۆی وەسیەت دەکا، پێیان دەڵێ : ئەگەر مردم راستوراست بمنێژن .

پێی دەڵێن : لە بەرچی ؟ ئەویش دەڵێ :

- کاتێ دنیا تەواو دەبێ و مردووەکان بۆ دادگەیی هەڵدەستنەوە، من هەڵساوەمەتەوە و پێش هەموویان ئامادەم !

## ﴿ هاتووم ئاگادارت بکەمەوە ! ﴾

رۆژێك ژنەکەی مەلا مەشهوور ژانەسکێکی لێدەبێ، داوا لە مەلا دەکا بچێت دکتۆرێکی بۆ بێنێتە ماڵەوە . کاتێ مەلا دەچێتە دەرەوە، لە پەنجەرەوە گوێی لە قسەی ژنەکەی دەبێ کە دەڵێ : بە خوا چاکبوو ژانەکە بەرمی دا ! مەلا دەڕوا و دەگاتە لای دکتۆر، پێی دەڵێ :

- دکتۆر ژنەکەم پێی گوتم بە دوای تۆدا بێم بەڵام کاتی هاتمە دەرەوە بیستم ژنەکەم دەیگوت : بەخوا چاکبوو ژانەکە بەرمی دا .

ئێستاش تەنیا بۆ ئەمە هاتووم کە ئاگادارت بکەمەوە ئەو زەحمەتە نەکێشیت!

## ﴿ خــــوا یەکە و قســـەش یەکە ... ﴾

ڕۆژێك یەکێك لە مەلا مەشهوور دەپرسی : تەمەنت چەندە ؟ لە وەڵامدا پێی دەڵێ : چل ساڵ . کابرا دەڵێ : مەلا من پێش دە ساڵ لە تۆم پرسی گوتت چل ساڵ، کەچی ئێستاش هەر دەڵێی تەمەنم چل ساڵە .. ئەویش دەڵێ :

- پیاو ئەوەیە لە قسەی خۆی پاشگەز نەبێتەوە . من ئامادەم لە دوای بیست ساڵی دیکەش هەر بڵێم تەمەنم چل ساڵە !

## ﴿ ماشە بە سێ هـــەزار لیرە ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور دەچێتە بازار، سەیر دەکا دەلاڵەکان شمشێرێك دەفرۆشن، یەکێکیان هاوار دەکا و دەڵێ : ئەم شمشێرە بەسێ هەزار لیرە .. شمشێری چاکە .. تیغەکەی دەبانە و موو دەکا .. ئەویش دەپرسی نرخەکەی بۆ وا گرانە ؟ یەکێکیان پێی دەڵێ : ئەم شمشێرە لە کاتی شەڕدا بە خۆی پێنج بست درێژ دەبێتەوە .. مەلا قسەی کابرای دەچێتە عەقڵ و بۆ بەیانی ماشەیەك دێنێتە بازار، هاوار دەکا، دەڵێ : خەڵکینە ئەو ماشەیە بە سێ هەزار لیرە .. خەڵك لێی کۆ دەبنەوە، یەکێکیان پێی دەڵێ : مەلا ماشەی ئاسایی بە دوو لیرەیە پێم نالێی ئەوەی تۆ چ خاسیەتێکی چاکی هەیە ؟

ئەویش دەڵێ :

- ئێوە باسی ئەو شمشێرە کۆن و ڕزیوەتان کردو گوتتان لە کاتی شەڕدا پێنج بست درێژ دەبێتەوە، بەڵام ئەم ماشەیە کاتێ ژنەکەم توورە دەبێ، بەم ماشایە تاوم دەداتێ و ماشەکەش بە خۆی دە بست درێژ دەبێتەوە !



Scanned by CamScanner

# ﴿ تاکەی خەڵك دەژێن و دەمرن ﴾

رۆژێك تەیمورلەنگ لە مەلا مەشهوور دەپرسی : تاکەی خەڵك دەژێن و دەمرن؟
ئەویش دەڵێ :
- قوربان تا ئەو کاتەی بەهەشت و دۆزەخ پڕ خەڵك دەبێ !

# ﴿ میراتگری نییە ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور منداڵ دەبێ و گوایە بۆ قورئان خوێندن لە گوندێکی دووری خۆیان دەبێ .. لەوێ تووشی نەخۆشییەکی گران دەبێتەوە .. خەڵکی دێیەکە دێنە لای، پێی دەڵێن : مردن حەقە، لە وڵاتی خۆت میراتگرت هەیە؟
ئەویش دەڵێ :
- لە وڵاتی خۆم پیرە دایکێکم هەیە ئەویش باوکم تەلاقی داوە و نا وەڵلا هیچ میراتگرم نییە !

# ﴿ بلێ نیوەی رێگامان بڕیوە ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا دەیانەوێ بچنە دێیەك کە چوار رۆژە رێ بە پێیان دوور دەبێ .. لە گوندەکەی خۆیان هەندێك دوور دەکەونەوە .
مەلا ئاوڕ لە ژنەکەی خۆی دەداتەوە، پێی دەڵێ : ئافرەت رێگامان چەند بڕیوە ؟ ژنەکە دەڵێ : کەی ئیمڕۆ و بەیانیمان تەواو کرد ئینجا دەکاتە دوو رۆژە رێ .
مەلا دەڵێ :
- کەواتە بلێ نیوەی رێگامان بڕیوە !



Scanned by CamScanner

# « ئەگەر داوای کرێی دە ڕۆژی لێکردم چ بکەم ؟ »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە بازار دەبێ، سەوزە و میوەیەکی زۆر دەکڕێ، ناچار دەبێ حەماڵێك بە کرێ بگرێ و نیوەی شتوومەکەکان بە کۆڵ ئەودا بدا . بەرەو ماڵەوە بەڕێ دەکەون .. ڕێگا قەرەباڵغ دەبێ، حەماڵەکەش ئەمە بە دەرفەت دەزانێ و خۆی لە مەلا گوم دەکا .. مەلا بەدوایدا دەگەڕێ بەڵام نایدۆزێتەوە .. لە دوای دە ڕۆژ مەلا لە نێو بازاڕداحەماڵەکە دەبینێتەوە .. هاوڕێیەکانی پێی دەڵێن : مەلا ئەوەتا حەماڵەکەی ئەوێ ڕۆژێ کە شتومەکەکانی لە تۆ ڕفاند !

ئەویش دەڵێ :

- لێی گەڕێن، ئەو مەسەلەیە دە ڕۆژی بەسەر چووە، ئێستا ئەگەر داوای شتومەکەکانی لێبکەمەوە ئەویش داوای کرێی حەماڵیی ئەو دە ڕۆژەم لێدەکاتەوە !



کـــوڕی باوکییەتـــی



Scanned by CamScanner

## « شـــەڕی نیـــوە شـــەو »

شەوێك مەلا مەشهوور لەگەڵ ژنەكەی خۆی لە سەربانەدا نووستووە، كاتێ شەو تەواو رادەكشێ بە ئاگادێت و لەگەڵ ژنەكەی تووشی قسان دەبـێ .. قسەكان درێژە دەكێشن و لێیـان دەبێتـە مـشتومڕ .. مـەلا هەڵدەسـتێتەوە پـەلاماری ژنەكەی خۆی دەدا . ئەویش هەڵدێ و مەلاش وا دەزانـێ سـەر زەوییـە .. تـاوی دەداتێ و لە بانی بەر دەبێتەوە سەر ماڵ و منداڵی یەكێك لـە دراوسـێیەكان .. مەلا هەموو گیانی دەشكێ ... دراوسێیەكە پێـی دەڵـێ : مـەلا ئەمـە حاڵـە ؟ ئەویش دەڵێ :

- بەڵێ ئەوەی لە سەربانێ لەگەڵ ژنی خۆی بە شەر بێ دەزانێ ئەمە چ حاڵە!

## « مەلەوانیی بـــە رووتـــــی »

ڕۆژێك یەكێك لە هاوڕێیەكانی مەلا مەشهوور پێی دەڵێ : مەلا دەڵێن لە وڵاتـە گەرمەكاندا خەڵك بە رووتی مەلەوانی دەكەن ! ئەویش دەڵێ :

- بەخوا بێ عەقڵی، ئەی چۆن بزانن كامەیان پیاون و كامەیان ژنن !

## « ڕۆژی پاشـــتر »

ڕۆژێك یەكێك لە مەلا مەشهوور دەپرسێ : مـەلا بۆچـی ئەگـەر یـەكێك داوای شتێكت لێ بكا، یەكسەر نایدەیتێ و ڕۆژی پاشتر بۆی دێنی ؟

لە وەڵامدا دەڵێ :

- ڕۆڵە، تاكو بایەخی شتەكە بزانێ !



Scanned by CamScanner

## ﴿ ژنی دەمرێ و گوێدرێژیشی دەمـــرێ ﴾

رۆژێک مەلا مەشهوور ژنەکەی دەمرێ، ئەویش هێندە خۆی ناشێوێنێ و مردنەکە لە لایدا زۆر ئاسایی دەبێ .. پاش چەند رۆژێکی دی گوێدرێژەکەشـی دەمـرێ . مەلا تووشی غەم و پەژارەیەکی گەورە دەبێت و وا لە خۆی دەکا کە کەسێکی زۆر نزیکی مردووە . پێی دەڵێن : مەلا شتی لەمە سەیر تر نەبووە، ژنت مـرد هـیچ غەمت نەخوارد، بەڵام کە گوێدرێژەکەت مرد خەریکـە قـوڕ بـە سـەر خۆتـدا دەکەیت . لە وەڵامدا دەڵێ :

- قوربان کاتێ ژنەکەم مرد دراوسێیەکان دڵیان دامەوە و گوتیان هـیچ غـەم مـەخۆ ئـەو ژنــە رۆیــی ژنێکــی دی بێنــەوە، بــەڵام دەزانم بــە مردنــی گوێدرێژەکەم کەس شوێنی ناگرێتەوە !

## ﴿ کەس گلەیی لە بەهار دەکا ... ﴾

یەکێک گلەیی لە سەرما و سۆڵەی زستان دەکرد .. یەکێکی دی پێی گوت، بەخوا ئەو خەڵکە سەیرە نە بە گەرمای هاوین قایلن و نە بە سەرمای زستان .. مـەلا مەشهوور لەوێ دەبێ و بە کابرا دەڵێ :

- باشە ، گوێت لە کەس بووە گلەیی لە بەهار بکا !



Scanned by CamScanner

## ﴿ خۆ دەزانی بێیتـــە خـــوارەوە ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور بەسەر مینبـەری مزگـەوتی دێیەکـەی خۆیـان دەکـەوێ و دەیەوێ وتاری هەینییان بۆ بخوێنێتەوە، خەڵکەکە کۆ دەبنەوە و سەیری دەمی مەلا دەکـەن، مـەلا لـە بـەر ئـەوەی پێـشتر وتارەکـەی ئامـادە نـەکردبوو و نەینووسیبووەوە .. مەلا نازانێ چ بڵێ .. خەڵکەکە ماوەیەك بێ دەنگ دەبـن .. ئینجا بە ناچاری دەڵێ، ئەی بەندەکانی خوا دەزانن من ئیمـڕۆ نـاتوانم هـیچ بڵێم .. ویستم شتێکتان بۆ باس بکەم، بەڵام نازانم باسـی چـی بکـەم، لـەو کاتە کوڕەکەی لە ژێر مینبەردا دەبێ، هەڵدەستێتەوە و پێی دەڵێ :

- باوکە، ئەگەر نازانی هیچ بڵێی خۆ دەزانی لە سـەر ئـەم مینبـەرە بێیتـە خوارەوە !

## ﴿ نهێنی خۆم بە کەس نەگوتووە ﴾

ڕۆژێك لە مـەلا مەشـهوور دەپرسـن : کـەس لـەم دێیـە دەناسـی پارێزگـاری نهێنیەکانی خۆی کردبێ ؟ مەلا لەوەڵامدا دەڵێ :

- من دەزانم دەروونی کەس عەمار نییە تاکو نهـێنی خـەڵکی دیکـەی تێـدا بپارێزرێ .. بۆیە من نهێنیەکانی خۆم بە کەس نەگوتووە !



Scanned by CamScanner

## ﴿ میـــــزم تەواو نەبوو بوو... ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لە ئاودەستی مزگەتێكدا دەست بە ئـاو دەگـەیێنێ، لـەو كاتەش بە لووعەی ئاودەستەكە نیمچە شكاو دەبـێ، ئـاوی لێدەچـێ و چـورە چوڕی لێوە دێ .. مـەلا هەڵناسـتێ و وا دەزانـێ ئـەو چوڕچـوڕە دەنگـی میـزی خۆیەتی .. یەكێك لە دەرەوە زۆر تەنگاو دەبێ .. لە ناكاو هاوار دەكا و دەڵێ :

ئەی ماڵت بە قوڕ ئەگیرێ ئەوە چییە تۆ لە ژوورەوە خەوت لێكەوتووە؟

مەلا دێتە دەرەوە بە ئەسپایی دەڵێ :

- قوربان میزم تەواو نەبوو بوو!

## ﴿ لە نێوان گەنم و جۆ .. جیاوازی نییە ﴾

رۆژێك هەندێ لە هاوڕێیەكانی مەلا مەشهوور دەیانەوێ شاهێدی بـە درۆی پـێ بدەن . یەكێكیان داوای گەنم لەوی دیكە دەكاتەوە كە گوایە ماوەیـەك پێـشتر چەند تەلیس گەنمی بە قەرز داوەتێ .. مەلایان هێنا شـاهێدی بـۆ داواكـاری گەنمەكە بدا، مەلا گوتی :

- بەڵێ، من شاهێدم ئەم كابرایە جۆ قەرزارە . لە پاشان پێیان گوت : مەلا تۆ دەبووایە بڵێی ئەم كابرایە گەنم قەرزارە . ئەویش گوتی :

- ئەی نەزانینە، ئێوە نازانن كە شـاهێدی بـە درۆ دەدرێ جیـاوازی نێـوان گەنم و جۆ نامینێ!



Scanned by CamScanner

## ﴿ بە مردنی دایکیان غەمبارن ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور مریشکێکی لێ دەدزرێت .. جووجەڵـەکان دێـنێ و پـەڕۆی ڕەشیان لە مل دەکا . پێی دەڵێن : مەلا ئەمە مانای چییە ؟
لە وەڵامدا دەڵێ :

- بە دزینی دایکلیان غەمبارن !

## ﴿ ئەو جلوبەرگانە شایستەی تۆیە ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لەگەڵ – حەمادی – ی قوتـابییەکەی خۆی بە ڕێگاوە دەبن و دەیانەوێ بۆ شاری – سیوری حەسار – بچن سەیر دەکەن قـازیی ئەو شارە، لە دەرەوەی شار مەی خواردووەتەوە و تەواو سەرخۆشە .. جوبەو عەمامەی فڕێداوە .. لە سەر پشت ڕاکشاوە .. مەلا کە دەبینێ قـازی سەرخۆشـە و توانـای هیـچی نەماوە، جلوبەرگە کۆنەکانی خۆی دادەکەنی و جوبەو عەمامەی قازی لـە بـەر دەکا .. دەگاتە شاری، بۆ بەیانی قازی بە دوایدا دەنێرێ کە بە خێـرا بگاتـە دادگە .. پێی دەڵێ کابرا تۆ ئەو جوبەو عەمامەیەت لە کوێ بوو ؟ دەڵێ :

- قوربـان، دوێـنێ لـە دەرەوەی شـار بـووم .. کابرایـەکم بـینی مـەی خواردبوومەوە، تەواو سەرخۆش بوو .. ئیتر جلوبـەرگی خـۆم فڕێـداو ئـەم جوبەو عەمامەیەی ئەوم لە بەر کرد .. بۆ ئەمەش شاهێدم هەیە و کابرای مەیخۆریش چاك دەناسێتەوە ... ئەگەر دەتەوێ ئێـستا بـانگی دەکـەم و پەنجە لە چاوی کابرای سەرخۆش بنێ .. قـازی سـەیری خـەڵکی ئـەملا وئەولای خۆی دەکا، پێی دەڵێ :
- دەستت خۆش بێ، ئەم جلانە شایستەی تۆیە .. بڕۆ خوات لەگەڵ .

## ﴿ ماوەیەك بوو فێری وەرزش ببوو ... ﴾

ساڵێك باران کەم دەبارێت و دەبێتــە گرانــی .. مــەلا مەشـهوور بـیر لـە جـۆی گوێدرێژەکەی خۆیان دەکاتەوە کە دەبێ بـۆ رۆژی رەش هـەڵیبگرن .. لـە بـەر ئەمە جۆ لە گوێدرێژەکە دەبڕێ و رۆژ لە دوای رۆژ ئالیکی بۆ کـەم دەکاتــەوە . ئیتر رۆژێك لە ناکاو گوێدرێژەکە دەمرێ .. ئەویش دەڵێ :

- بەخوا گوێدرێژەکە ماوەیەك بوو چاك فێری وەرزش ببو، بەڵام مـردن وازی لێنەهێنا !

## ﴿ بەرەکەتی خـــــوا ... ﴾

رۆژێك باران بە خوڕ دەبارێت، مەلا سـەیر دەکـا دراوسـێیەکی خـۆی لـە سـەر شەقام غاردەدا . پێی دەڵێ : هاورێ چۆن خەڵك لە بەرەکـەتی خـوا رادەکـا ؟ کابرا لە شەرمەزارییان بە هێدی دەڕوا و هەموو گیانی تەڕ دەبێ . ئەمە چـەند رۆژی پێدەچێ و ئەمجارە مەلا لە بەر باران غار دەدا و دراوسێیەکە دەیبینێ .. پێی دەڵێ : مەلا چۆن خەڵك لە بەرەکەتی خوا غاردەدا ؟ ئەویش دەڵێ :

- قوربان من بۆیە غار دەدەم تاکو پێ لە بەرەکەتی خوا نەنێم !



Scanned by CamScanner

## ﴿ ئاگریش لە ژن دەترسێ ... ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور چەند کۆلکە دارێك دەخاتە نێو ئاگردان و دەیەوێ ئاگردانەکە هەلگیرسێنێ .. پفە پفێکی زۆر لە ئاگرەکە دەکا .. بەلام دارەکان داناگیرسێن . دەچێ چەفیەی خێزانی خۆی دەخاتە سەر سەری خۆی و ئینجا دەست بە پفە پفی ئاگرەکە دەکاەوە .. ئاگرەکە یەکسەر دادەگیرسێت .. بە خۆی دەڵێ :

- ئای ئەو دنیایە چەند سەیرە .. فەرموو ئاگریش لە ژن دەترسێ !

## ﴿ لەو مردووە بپرسن ... ﴾

رۆژێك بە مەلا مەشهوور دەڵێن : مەلا تۆ زانای، حەز دەکەین شتێکت لێ بپرسین . ئەویش دەڵێ : فەرموون، دەڵێن : دنیا چەند مەتر دەبێت ؟ لەو کاتە بە دارەبازە مردووەکیان بۆ گۆڕستان دەبرد . مەلا بە دەستی هێما بۆ دارەبازەی مردووەکە دەکا .. پێیان دەڵێ :

- لەوە بپرسن دنیای پێواوە و دەڕوا !

## ﴿ کلاوەکەم چوو یاری بکا ... ﴾

جارێك مەلا مەشهوور لە رۆژێکی جەژندا سەیر دەکا کۆمەلە مندالێك پێکەوە یاری دەکەن . ئەویش بە دیاریانەوە دەوەستێ، یادی رۆژانی منداڵێتی خۆی بە بیر دێتەوە . لە ناکاو مندالێکیان بەرەو لای غار دەدا و کلاوەکەی دەرفێنێ .. منداڵەکان هەر یەکەو بەلایەکدا غار دەدەن .. مەلا بە دوایان دەکەوێ و هەر زوو پەشیمانیش دەبێتەوە . بە سەری رووتی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە .. لە رێگا



Scanned by CamScanner

هاوڕێیەکی خۆی چاوی پێدەکەوێ، پێی دەڵێ : مەلا چۆن دەبێ پیاوێکی وەکو تۆ سەری رووت بێ ؟ ئەی کڵاوەکەت چی بە سەر هاتووە ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :
- کڵاوەکەم بە یادی منداڵێتی خۆی چوو لەگەڵ منداڵان یاری بکا !

## « نەدادوەری و نەستەمکـــــار ... »

دەگێڕنەوە و دەڵێن کاتێ تەیموورلەنگی خوێنڕێژ وڵاتی ئەنادۆڵی داگیر کرد، بەدوای زانایانی ئەو وڵاتەی دەنــارد و لێــی دەپرسـین، ئایـا مـن دادوەرم یـا ستەمکار ؟ ئەوەی بە دادوەر وەڵامی دەدایەوە بە شمشێر لە ملی دەدا .. ئـەوەی بەستەمکاریش وەڵامی دەدایەوە هەمدیسان بـە شمـشێر ورگـی دەدڕی .. ئـیتر خەڵکەکە بێـزار بــوون و هانایـان بـۆ مـەلا مەشـهوور بـرد کـە بـەڵکو لـەو چەمەسەرییە رزگاریان بکا .. مەلا چووە نێو دیوەخانی تەیموورلـەنگ، پێـی گوت، تۆ پاشایەکی دادوەرنیت، هەروا تـۆ سـتەمکاریش نیـت ! بـەڵکو ئێمـە خۆمان ستەمکارین خـوای پـەروەردگار تـۆی لـە سـەر ملـی ئێمـە کردووەتـە شمشێرێکی تێژ .. ئەو میللەتەی خۆی خراپ بێ خوای تاکوتەنیا بەم شـێوەیە سزای دەدا .. ئیتر تەیموورلەنگ دوای ئەوەی گـوێی لـەو وەڵامـە دەبـێ، لـەو کردەوە خراپە دەوەستێ و سەربڕین و کوشتنی زانایان رادەگرێ .

# ﴿ تۆ بلێی هەندێك مەلەوانی نەزانی ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور خاوەنی دوو ژن دەبێ . ژنێکیان دێ و دەڵێ : مەلا منت پتر خۆش دەوێ یا ئەو ؟ ئەوی دیکەش هەمان پرسیاری لێدەکا . ئەو پرسیارە هەموو رۆژێك لە مەلا دەکرێ و مەلاش هەر جارێك بە شێوە وەلامێکی ناماقول مەسەلەکە دەگۆڕێ و خۆی لە راستی وەڵامەکە دوور دەکاتەوە . ئیتر رۆژێك هەرسێکیان پێکەوە دادەنیشن، ژنە بچووکەکەی رووی تێدەکا و دەڵێ : مەلا پێم بڵێ ئەگەر هەموومان کەوتینە نێو رووبارێکەوە تۆ کامەمان پێشتر رزگار دەکەی ؟ مەلا لەو هەڵوێستە ناچار دەبێ شتێك دەربڕێ ... دەمێك بێ دەنگ دەبێ، ئینجا سەیری ژنە گەورەکەی خۆی دەکا، دەڵێ :

- وا بزانم تۆ نەختێك مەلەوانی دەزانی .. خۆشەویستەکەم وانییە !

# ﴿ ئایا شەڕیان لە سەر تەمەن بوو ؟ ﴾

رۆژێك کابرایەك بە تەنگاوی دێتە لای مەلا مەشهوور، پێی دەڵێ : قوربان ژنەکەم لەگەڵ خوشکی خۆی شەڕیانە و خەریکن یەکدی دەخنکێنن، حەز دەکەم لە گەڵم بێیت بەڵکو شەرم لە ردێنی تۆ بکەن و یێخەی یەکدی بەر بدەن . مەلا پێی دەڵێ : شەڕەکەیان لە سەر تەمەنی خۆیانە ! کابرا دەڵێ : نەخێر، هیچ لە سەر تەمەنی خۆیان نییە . مەلا پێی دەڵێ :

- کەواتە پێی ناوێ خۆت وا تەنگاو بکەی، بگەڕێوە ماڵەوە ئێستا دەیانبینیت ئاشت بوونەتەوە .

# «بۆ سەیری دەکەیت و نایخۆی ؟»

رۆژێك مەلا مەشهوور بۆ شاری – سیوری حەسار– دەچێت بەرێگاوە ماندوو و برسی دەبێ . پارەوپووڵیشی پێنابێ . دەگاتە دوکانی نانەوایەك، سەیر دەکا چەند کولێرەیەك لە سەر مێزی پێش دوکانەکە دانراون .. مەلا لە مێزەکە نزیك دەبێتەوە و دەمێك لە کولێرەکان رادەمینێ .. ئنجا بە کابرا دەڵێ : ئەمە کولێرەی تۆیە ؟ دوکاندارەکە دەڵێ : بەڵێ، پێی دەڵێتەوە : باشە، ئەم کولێرە جوانانە هەموو کولێرەی تۆیە ؟ نانەواچییەکە تووڕە دەبێ، دەڵێ :

دەبرۆ بێزارمان مەکە .. هەموو کولێرەی منە ! مەلا دەڵێ :

- ئەگەر وایە بۆ سەیریان دەکەیت و نایا نخۆیت ؟



چۆن سەگی گەورە راوە ئاسکی پێ دەکرێ

## ﴿ هێندە باریکی مەکەوە کە شت ببڕێ ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە شاری – سیوری حەسار – قــازی دەبــێ . دوو ئـافرەتی زۆر جوان لێی دێنە ژوورەوە، یەکێکیان پێی دەڵێ قوربان مـن بـەم ئافرەتـەم گوتووە قژی من بکاتە داو داوی ئەستوور، کەچی هەموو قژی مـنی کردووەتـە داوداوی باریــك، ژنەکــە بــۆ ســەلماندنی قــسەکە پۆشمــەی ســەری خــۆی هەڵدەداتەوە و قژی نەرم و خاوو گەردنی جوانی بەدیار دەکەوێ .. مەلا دەڵێ :
– سبحان الله – ژنەکەی دیکەیان پێی دەڵێ : بەخوا قــازی ئـەم ئافرەتـە درۆ دەکا و بەمنی گوت لە شێوەی نێو قەدم بێ نەك وەکو بازووم ... عــەبای خــۆی بۆ لادەدا و قۆڵ و باسکی سپیی چەشنی کافووری بۆ دەردەخا ... مەلا دەڵێ :
- تــوخوا بەسیەتی زۆر چاکم بینی، کچی خۆم قژەکــەی نەهێنــدە ئەســتوور بکەو نەهێندەش باریکی بکەوە کە دڵی قازیتان ببڕێ !

## ﴿ دەنگەکە بۆ تۆو، درهەمەکانیش بۆ ئەو ﴾

ڕۆژێکیان مەلا مەشهوور لە شارێك قازی دەبێ . دوو کەس لێــی دێنــە ژوورەوە، یەکێکیان ڕوو لە ئەوی دی دەکا و، بە مەلا دەڵێ : گەورەم ئەم کابرایــە چــەند درهەمم قەرزارە، پێش ئەوەی بیدەمێ درهەمەکانم بۆ ژمارد و بە خۆیشی گوێی لە زرینگەی درهەمەکان بوو . مەلا لەو داواکارییە ئەختێ سەری سوڕ دەمینێ .. بە کابرای داواکراو دەڵێ بۆ بەیانی چەند درهــەمێك لەگــەڵ خۆیــدا بــێنێ و هەردووکیان ئامادە ببنەوە . بۆ بەیانی مەلا درهەمەکان وەردەگرێ و ئەو دەست

و ئەو دەستی خۆی پێدەکا و زرینەگەیان لێوە دێنێ . ئینجا دەڵێ : فەرموو دەنگەکان بۆ تۆ و درهەمەکانیش دەداتەوە دەست داواکراوەکە و پێی دەڵێ :

- فەرموو، ئەوەش بۆ تۆو، جارێکی دیکە دەستدرێژی بۆ سەر ماڵی یەکدی نەکەنەوە !

## ﴿ شوورەییە بۆ پێنج درهەم رسوام بکەیتەوە ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور ٥٣ درهەم قەرزاری سەوزە فرۆشێك دەبێ، ماوەیەکی پێ دەچێ، رۆژێك مەلا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی لە بازاڕدا دەبێ، لە ناکاو سەوزە فرۆشەکە روو بە رووی دەبێتەوە، کابرا چاوی لێ سوور دەکاتەوە، بە شێوەیەك هەڕەشەی لێدەکا کە ئەگەر قەرزەکەی نەداتەوە لە بەر چاوی هاوڕێیەکانی ئابرووی دەبا . مەلا چەند جار بە هێما تێی دەگەیێنێ کە ئێستا پارەی لە گیرفاندا نییە، بەڵام کابرا لە سەر هەڕەشەی خۆی رشت دەبێ و مەلا بە ناچاری پێی دەڵێ : هۆ کابرا من ٥٣ درهەمی تۆ قەرزارم وا نییە !

کابرا دەڵێ : بەڵێ . مەلا دەڵێ : بەیانی ٢٨ و دوو بەنیانیش ٢٠ درهەمت دەدەمەوە ئەمە دەکاتە ٤٨ درهەم وانییە !

سەوزە فرۆش دەڵێ : بەڵێ وایە . بەڵام ٥ درهەم دەمێنێتەوە . مەلا پێی دەڵێ :

- ئەی بێ رەوشت، شەرم و حەیا ناکەی لە پێش ئەو دۆست و دوژمنانەم بۆ ( ٥ ) درهەم سووك و رسوام دەکەیتەوە !

## « دەنگەکەی دەشاریتەوە ئەی چ لە بۆنەکەی دەکەی ؟ »

ڕۆژێك یەکێك دەچێتە لای مەلا مەشهوور پاش ئەوەی لە سەر مێزێك لە تەنیشت یەکدی دادەنیشن کابرا باسی مەسەلەیەکی بۆ دەکا، لە ناکاو بایەکی لێبەر دەبێ، ئیتر بۆ ئەوەی وا بکا مەلا گوێی لە دەنگی بایەکە نەبێ بە پەنجەی شادە لە مێزی پێش خۆی دەدا و دەنگی لێوە دێنێ، مەلا پێی دەڵێ :

- قەیناکە، ئەوە زانیمان دەنگەکەت شاردەوە، ئەی چ لە بۆنەکە دەکەی ؟

## « مزگێنی مێیەکــــەی »

دەگێڕنەوە و دەڵێن لە کاتی خۆیدا کە سوپای تەیموورلەنگ هات و وڵاتی ئەنادۆڵی داگیر کرد، لەگەڵ خۆیدا زۆر فیلی هێنابوو . یەکێك لەو فیلانەیان ڕەوانەی دێیەکەی مەلا مەشهوور کرد . ئیدی هێندەی پێنەچوو فیلەکە لەو گوندە ئەوەی شینایی بوو دەمی پێوەنا و خواردی .. خەڵکەکە بێزار بوون، هانایان بۆ مەلا مەشهوور برد کە لەو مەرگەساتە ڕزگاریان بکات . مەلا یەکسەر چووە دیوەخانەی تەیموورلەنگ ، پێی گوت : گەورەم هاتوومە بەخێر هاتنی گەرمی خەڵکی دێیەکەی خۆمانت پێ ڕابگەیێنم جەماوەری دێیەکەی ئێمە بە خزمەتکردنی ئەو فیلەی بەڕێزتان زۆر سەر بەرزن، بەلام ئەم فیلە نارەزووی مێیەکەی خۆی دەکاو حاڵی پەرێشانە ! تەیموورلەنگ ناهێڵێ مەلا قسەکە تەواو بکا و بەو هێندە قسانەش زۆر دڵخۆش دەبێ و یەکسەر بڕیاردەدا فیلێکی مێیەیان بۆ ڕەوانە بکا، مەلا دەگەڕێتەوە و خەڵکی گوندەکە بە گشتی بە دەوریدا کۆ دەبنەوە، پێی دەڵێن : دەی مەلا مزگێنییەکمان بدێ . مەلا دەڵێ:

- مزگێنیتان بدەمێ کە لەو ڕۆژانە مێیەکەشی دەگاتە جێ !



Scanned by CamScanner

# ﴿ کەموکورِی لە عەقڵی قازییە ﴾

ڕۆژێك قازییەکی بەرتیل خۆر لە شاری – قۆنیە – دادەمەزرێ . دەیانگوت ئـەو کابرایە هیچ کارێکی رەسمی بەبێ بەرتیل وەرگرتن ئەنجام نەدەدا . جارێکیان مەلا مەشهوور کارێکی رەسمی دەبێ و ماوەیەکی زۆر هاتوچۆی لای ئـەو قازییـە دەکا و مۆر لە موعامەلەکەی نادرێ .. ئیتر ناچار دەبێ گۆسکەیەك هەنگوین بۆ قازی دێنێ و کارەکەی جێبەجێ دەکرێ .. لە دوای چەند رۆژێك خەڵك دەزانـن قازی هەنگوینی بۆ هاتووە و هەندێ کەسی دیکەش قەیماغی بۆ بـە بـەرتیل دێنن .. قازی سەری گۆسکەکە دەکاتـەوە و گوایـە هەنـدێ هـەنگوینی لێـدەر بهێنێ سەیر دەکا گۆسکەکە تـاکو گـەرووی قـورِی تێکـراوە .. بـە دوای مـەلا دەنێرێ .. کابرا لە مەلا دەگەرِێ و لە بازار چاوی پێدەکەوێ، پێـی دەڵـێ کـە قازی لە سەر مەسەلەی موعامەلەکەی دەیەوێ بیبینێ چـونکە ئـەو مـۆرەی لـە موعامەلەکەی دراوە تەواو نییە . مەلا پێی دەڵێ :

- سڵاو لە عەقڵی قازی .. پێی بڵێ ئیش و کاری مـن جێبـەجێ بـوو و هـیچ کەموکورِی نەبوو .. بەڵام کەموکورِی لە عەقڵی قازییە !

# ﴿ من دەیناسم چەند کەللە رەقە ... ﴾

رۆژێك خەسووی مەلا مەشهوور لە سەر رووبارێك خەریکی جل شۆرین دەبێ .. لە ناکاو قاچێکی هەڵدەخلیسکێ، دەکەوێتـە نێـو رووبارەکـەوە و ئـاو دەیبـا . خەڵکەکە بەرەو خوار دەرۆن تا لاشەکەی بدۆزنەوە، سەیر دەکەن مـەلا بـەرەو ژوور هەڵدەکشێ .. پێی دەڵێن : مەلا تۆ بە پێچەوانەی تەوژمی ئاوەکـە دەرِۆی .. دەڵێ :

- ئێوە ئەو خەسووەم ناناسن، من ئەتواری خەسووی خـۆم دەناسـم کـە زۆر کەللە رەق بوو .. لە وانەیە لاشەکەی بەرەو ژوور هەڵکشابێ !

# ﴿ روو لە جلوبەرگەکان دەکا ﴾

رۆژێك یەکێك لە سەر دەریاچەی – ئاق شەهر – جلوبەرگی خۆی دەشۆرێت، مەلا مەشهوور بەلایدا تێدەپەرێ، بە مەلا دەڵێ : ئەگەر پیاو جلوبەرگی خۆی بشۆرێت روو لە کام لا دەکا ؟
مەلا پێی دەڵێ :
- ئەو لایەی جلوبەرگەکانی تێدایە !

# ﴿ تۆش راست دەکەی .. ! ﴾

رۆژێك دوو دراوسێی ماڵی مەلا مەشهوور نەختێ دەمەقاڵێیان دەبێ، یەکێکیان دێتە ماڵی مەلا، مەسەلەکەی تێدەگەیێنێ .. ئینجا دەڵێ : مەلا توخوا ئەمە راست نییە ! ئەویش دەڵێ : بەڵێ تۆ راست دەکەی ! رۆژێکی دی دراوسێیەکەی دیکە ئەویش دێتە ماڵیان و بە درێژی مەسەلەی دەمەقاڵێیەکەی بۆ دەگێرێتەوە و ئینجا دەڵێ : مەلا توخوا ئەمە راست نییە ! مەلا دیسان دەڵێ : بەڵێ تۆ راست دەکەی ! ژنەکەی خۆی لە قسەی مەلا پەست دەبێ ، پێی دەڵێ: مەلا بۆ بەو کابرایە دەڵێی تۆ راست دەکەی ؟ ئەی ئەوێ رۆژێ بە کابرای دیکەشت نەگوت تۆ راست دەکەی ؟ پێم ناڵێی کامیان راست دەکەن ! مەلا بە ساردی وەڵامی دەداتەوە، دەڵێ :
- خانم تۆش راست دەکەی !



Scanned by CamScanner

## « نووستنی پیاوی ردێن گەورە ! »

ئەوێك منداڵێکی ساوای مەلا مەشهوور دەست بە گریان دەکا، دایکەکەی وەڕس دەکا .. ژنەکە هاواری مەلا دەکا و پێی دەڵێ : پیاوەکە دەهەڵسە نەختێ ئەم منداڵە بحەوێنەوە .. یا دوعایەکی بۆ بخوێنە بەڵکو خەوی لێبکەوێ ! مەلا لە لای خۆیەوە دەست بۆ کتێبێکی گەورە درێژ دەکا، پەڕەکان یەك یەك هەڵدەداتەوە . ئەمجارە منداڵەکە پتر دەقیژێنێ، ژنەکە دەڵێ : واز لەم کتێبە بێنە، منداڵەکە کڕ بکەوە، ئەویش پێی دەڵێ :

- ئەی ماڵت نەڕمێ، ئەمە کتێبی قەدووریيە، ئەم کتێبە کە لە مزگەوت بۆ خەڵك دەیخوێنمەوە، زەلامی ردێن گەورەی پێ دەنوێ ئەی منداڵ چۆن نانوێ ؟

## « هەڵم فرۆش »

رۆژێك لە شاری – ئاق شەهر – هەژارێك پارەی پێنابێ، لە بەر چێشتخانەیەك راوەدەستێ، نانێکی رەق لە گیرفانی خۆی دەردەێنێ و ناکە بەسەر هەڵمی چێشتەکان دادێنێ و دەیخوا . کابرای هەژار دەیەوێ بڕوا .. خاوەن چێشتخانەکە رێگای لێدەگرێ و داوای پارەی لێدەکا گوایە نانی بە هەڵمی چێشتەکان خواردووە، لێیان دەبێتە دەمەقاڵێ وئیتر مەسەلەکەیان دەگاتە دادگە، وا رێکدەکەوێ ئەو کاتە مەلا مەشهوور لە شارەکە قازی دەبێ . هەردووکیان دێنە ژوورەوە، یەکێکیان دەڵێ : قوربان تەنیا نانم بە هەڵم خواردووە ! ئەوی دیکە دەڵێ . قوربان نانی بە هەڵمی چێشتی من خواردووە و پارەم لێدەوێ !

مەلا نەختێك بیر دەکاتە، یەکسەر چەند درهەمێك لە گیرفانی خۆی دەردێنێ و لە نێو دەستی خۆی زرینگەیان لێوە دێنێ، بەکابرای خاوەن هەڵم دەڵێ : گوێت



Scanned by CamScanner

بینە پێش .. گوێت لە زرینگەی ئەم درهەمانەیە .. دەڵێ : بـەڵێ .. ئەمـە لـە جیاتی نان خواردنەکەیە .. کابرا دڵگران دەبێ و دەڵێ : قازیی بەڕێز ئەمـە چ جۆرە دادوەرییەکە ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :

- دادوەری لەمە دروست تر نابێ، ئـەوەی هـەڵم بفرۆشــێ تـەنیا زرینگـەی پارەی بەر دەکەوێ !

## ﴿ ( هیچ ) ەکەی خۆت ببەوە و تەواو .. ! ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور لە شارێك قازی دەبێ، لـە دادگـە دوو کـەس لێــی دێنـە ژوورەوە، یەکێکیان روو لە مەلا دەکا و پێی دەڵێ : قوربـــان ئـەم زەلامـە بـارە دارێکی لێ کەوتە خوارەوە، داوای لێکردم یارمەتی بدەم .. بارەکەم بۆ لە سـەر پشتی گوێدرێژەکەی خۆی بارکردەوە، بەڵام پێش ئـەوەی بارەکـەی بـۆ قـایم بکەمەوە پێم گوت بەرانبەر ئەو ماندووبوونەی مـن چـیم دەدەیــێ، گـوتی : ( هیچ ) ... من ئێستا ئەم ( هیچ )ەم دەوێ .. مەلا بێ ئەوەی خۆی بـشێوێنێ لـە شوێنی خۆی هەڵسا، وەکو بڵێی گە نجینەیەك بە کابرا نیشان بدا، پێی گوت : وەرە لە ژێر ئەم مافوورە حەقی خـۆت ببـەوە ! کـابرا بـە دڵخۆشـییەوە چـوو مافوورەکەی هەڵدایەوە و یەکسەر دڵـسارد بـووەوە، مـەلا پێــی گـوت : چـیت دۆزییەوە ؟

کابرا گوتی ( هیچ ) !

ئەویش گوتی :

- دە برۆ ( هیچ )ەکەی خۆت ببەوە و تەواو !



Scanned by CamScanner

## ﴿ من كاروباری دەرەوە بەڕێوە دەبەم ژنەكەشم كاروباری ناوخۆ ... ﴾

ڕۆژێك ماڵی مەلا مەشهوور ئاگر دەگرێ، وا ڕێكدەكەوێ ئەو كاتە مەلا لە بازار دەبێ، هاوڕێیەكی خۆی بە تاو دەیگاتێ و پێی دەڵێ : مەلا ئاگر لە ماڵت بەربووە ! زۆر لە دەرگاتانم دا كەس دەرگای لێنەكردمەوە، مەلا دەزانێ ئەگەر وابێ چوونەوەی ئەویش سوودی نابێ، بۆیە بە كابرا دەڵێ :

- كاكی خۆم، من تەنیا ئیش و كاری دەرەوەم لە ئەستۆیە، ژنەكەشم كاروباری ناوخۆ !

## ﴿ ماڵی خۆم لە بەر چاوی خۆم .. ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور و چەند هاوڕێیەكی خۆی لە ماڵی یەكێك لە هاوڕێیەكانی خۆیان داوەت دەبن . مەلا وردە وردە بنێشت دەجوێ، كاتێ چێشتیان بۆ لە سەر خوان دادەنرێ، مەلا بنێشتی دەمی دەردێنێ و لە سەر لووتی خۆی قایم دەكا ..

پێی دەڵێن، مەلا ئەوە چییە ؟

مەلا دەڵێ :

- براینە، ماڵی خۆم، لە بەر چاوی خۆم ... !



Scanned by CamScanner

## ﴿ بەو پلیکانەی پێغەمبەرتان بەسەرکەوت ! ﴾

ڕۆژێك چەند قەشەیەك دێن و بە مەلا مەشهوور دەڵێن : مەلا دەمانەوێ ئەو کێشەیەمان بۆ چارە بکەیت ؟ ئەویش دەڵێ : فەرموون . پێی دەڵێن : پێغەمبەرتان چۆن چووە ئاسمان و بەچی بەسەرکەوت ؟
ئەویش دەڵێ :

- بەو ڕێگایەدا چوو کە پێغەمبەری ئێوە پێیدا چووە ئاسمانی چوارەم .. !

## ﴿ پارەم پێداوە دەبێ بیخۆم ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور هەندێ خورما دەکڕێ، کاتێك لەگەڵ ژنەکەی خۆی دادەنیشن و خورماکە دەخۆن، ژنەکە سەیر دەکا مەلا خورماکە بە دەنکەوە دەخوا . زۆر سەیری پێ دێ، پێی دەڵێ : مەلا چۆن خورما وا دەخورێ ؟ پێی دەڵێ :

- ئافرەت، ئەی پارەم بەو دەنکانەش نەداوە !!

## ﴿ نووستن بە چاویلکەوە ... ﴾

شەوێك مەلا مەشهوور لە خەو رادەپەڕێ و بە ژنەکەی خۆی دەڵێ ئافرەت زووکە ئەو چاویلکەیەم بۆ بێنە تاکو خەوەکەم نەچووە . ژنەکە چاویلەکەی دەداتێ، پێی دەڵێ : بەم شەوە چاویلکەت بۆ چییە ئەی نەخەوتوویت ؟ پێی دەڵێ :

- شتی زۆر خۆش دەبینم دەمەوێ بە چاویلەکەوە باشتر بیانبینم !



Scanned by CamScanner

## ﴿ ببوورە ئەم شێوە کۆکردنەوەیەم نەخوێندووە .. ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور ژن دێنێ، لە دوای ٣ مانگ ژنەکە خەریك دەبێ مندالی ببێ .. مامان دێت و کۆرپەیەکی جوانی دەبێ .. مەلا سەری سوڕ دەمینێ، پێی دەڵێ : ئافرەت، من زانیوەمە ژن بە ٩ مانگ مندالی دەبێ .. من ٣ مانگ دەبێ تۆم هێناوە، پێم بلێ ئەم سکەت چۆن بووەتە ٩ مانگ .. پێی دەڵێ : گوێ بگرە، من ٣ مانگە هاتووم وا نییە ! مەلا دەڵێ : بەڵێ وایە، دیسان دەڵێ : ئەی ٣ مانگ نییە تۆش ژنت هێناوە ؟ مەلا دەڵێ : بەڵێ ئەمەش وایە، ئەی کۆرپەکەی سکیشم ٣ مانگان نەبوو ؟ مەلا دیسان دەڵێ : بەڵێ . ئەمجارە بە توورەیی بە مەلا دەڵێ : ئەی ئەمە ناکاتە ٩ مانگ!

مەلا لە وەڵامدا دەڵێ :

- بەڵێ، قوربان ببوورە . وا دیارە لە کاتی خۆیدا مامۆستای بیرکاری ئەم شێوە کۆکردنەوەیەی فێر نەکردووم !!

## ﴿ توخوا لە سەر قەرۆیلەیەك جێی چوار کەس دەبێتەوە ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور ژنی دەمرێ، لە دوای ماومیەك بێوەژنێك دێنێ . بێوەژنەکە هەموو دەمێك باسی چاکەیی پیاوە پێشووەکەی خۆی بۆ دەکا . مەلاش هەر جارێك کە ژنەکە دەست بەو بەزمە دەکا ئەویش باسی ژنە مردووەکەی خۆی بۆ دەکا .. شەو دادێ و دەیانەوێ لە سەر قەرویلە پاڵ بدەنەوە .. مەلا ژنەکەی خۆی پاڵدەداو دەکەوێتە سەر زەوی و دەستێکی دەشکێ . بۆ ڕۆژی پاشتر خەزووری دێتە مالیان، ژنەکە لە لای باوکی خۆی گلەیی لە

مەلا دەکا، کە ئەو لە سەر قەرەوێڵە پاڵی پێوە ناوەو بەر بووەتەوەو دەستی شکاوە .. مەلا ناهێڵێ خەزووری قسە بکا، پێی دەڵێ : من و ژنە مردووەکەم ئەمە دوو کەس . لەگەڵ ئەو ژنەم دەبینە سێ . ئینجا لەگەڵ مێردە مردووەکەی ئەویش دەبینە چوار، ئینجا ئەی خەزووری بەڕێزم تو خوا پێم بڵێ چۆن چوار کەس لە سەر ئەم قەرەوێڵەیە جێگامان دەبێتەوە !!

## ﴿ بۆ لەمن نا پرسیت چ دەخۆی ؟ چ ناخۆی ؟ ﴾

ڕۆژێک مەلا مەشهوور لە مزگەوتی گوندێک باسی عیسا پێغەمبەر دەکا کە چۆن هەڵکشاوە و چووەتە ئاسمانی چوارەم . کاتێ دێتە دەرەوە پیرێژنێک ڕێگای لێدەگرێ و پێی دەڵێ : مەلا بەراستی لەو ئامۆژگارییەت واقم وڕما .. پێم بڵێ عیسا ( د.خ ) لە ئاسمانی چوارەم چ دەخوا ؟ چ ناخوا ؟

ئەویش بە نیمچە تووڕەییەوە، وەڵامی دەداتەوە، پێی دەڵێ :

- ئەی پیرێژنی بێ عەقڵ، بۆ لە عیسا دەپرسیت، بۆ لەمن نا پرسیت ئەوە دوو مانگە هاتوومەتە ئەم گوێرە گوندە لە برسان مردووەی ئێوە هێشتا یەکێکیان نەتانگوتووە دەبێ ئەم مەلایە چ بخوا ؟ چ نەخوا ؟



Scanned by CamScanner

## ﴿ دەتەوێ دوو کەڕەت بێ عەقڵ بم ؟ ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور گەنم دەباتە ئاش . ئاشەوان سەیر دەکا مەلا گەنم لە جواڵی خەڵکی دەردێنێ و لە جواڵی خۆی دەکا .. ئاشەوان پێی دەڵێ : مەلا ئەوە چ دەکەی ؟ ئەویش دەڵێ : با پێت بڵێم ئاگاداری خۆت بە، من کابرایەکی بێ عەقڵم ئەوەی بمەوێ دەیکەم . ئاشەوان پێی دەڵێ : باشە ئەگەر بێ عەقڵیت بۆ گەنمی جواڵی خۆت ناخەیتە سەر گەنمی خەڵکی ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :

- بەخوا ئاشەوانێکی بێ عەقڵی، دەتەوێ دووجار بێ عەقڵ بم !!

## ﴿ نەخێر تۆ هەنجیرەکەت لە بیرکرد .. ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە ماڵی دادوەرێکدا داوەت دەبێ ، پێکەوە لە سەر خوان دادەنیشن، بەر لەوەی دەست بە نانخواردن بکەن دادوەرەکە بە خزمەتکارەکەی خۆیان دەڵێ : هەنجیرەکان لە سەر سینییەك دانێ کەی پێم گوتی، بۆمان بیهێنە حەز دەکەم مەلا هەنجیریش بخوا چونکە بۆم بە دیاری هاتووە و هەنجیری چاکن . نان دەخۆن و لێدەبنەوە، شەو زۆر درەنگ دەبێ و کاتی هەڵسان دێ . دادوەرەکە بە مەلا دەڵێ، مەلا حەز دەکەم چەند ئایەتێکی خۆشمان بۆ بخوێنی . مەلا لە دڵی خۆی دەیەوێ هەنجیرەکەی بە بیر بینێتەوە .. بۆیە دەڵێ بسم الله الرحمان الرحیم، و الزیتون و گور سنین...دادوەرەکە ناهێڵێ چی دی درێژە بە ئایەتەکە بدا، یەکسەر دەڵێ، مەلا وشەی هەنجیرت لە بیرکرد . مەلا پێی دەڵێ :

- نەخێر، تۆ هەنجیرەکەت لە بیرکرد !



Scanned by CamScanner

# « تەنیا من مێردتم .. ! »

ڕۆژێک مەلا مەشهوور بە دوای ژن هێناندا عەودالّ دەبێ، باسی ئافرەتێکی بۆ دەکەن ئەگەر چی زۆریش خێل دەبێ بەڵام لە جوانیدا هاوتای نابێ . ئیتر هەر چۆنێک بێ دەیخوازێ .. ئێوارەیەک مەلا لەگەڵ خۆیدا سێنییەک کەباب دێنێتەوە .. بۆ نانخواردن پێکەوە دادەنیشن . ژنەکە پێی دەڵێ : مەلا تۆ نابێ هێندە دەست بڵاو بیت، ئەم زیادە مەسرەفییە چییە دوو سێنی کەبابت هێناوە ؟ مەلا دەزانی ئەوەی خێل بێ هەموو شتێک بە دوو شت دەبینێ . بەراستی وەڵامی ناداتەوەو تێی دەگەیێنێ کە ئەو هێشتا بووکە و کەباب بۆ ئەو نەکڕێ ئەی بۆ کێ بکڕێ ؟ هێندەی پێناچێ ژنەکە دیسان ڕوو لە مەلا دەکاتەوە، دەڵێ : مەلا لە ڕووتدا نەبێ دەزانم ئەوەی بێتە ماڵی ئێمە خزمە و بێگانە نییە، بەڵام حەز دەکەم بزانم ئەو جوبە لە بەرو مێزەر لە سەرەی تەنیشتت کێیە؟ مەلا لەم قسەیە زۆر دڵگران دەبێ، دەزانێ ئەویشی بە دوو پیاو هاتووەتە بەرچاو .. پێی دەڵێ :

- ئافرەت بۆ خاتری خوا ئەمەم لەگەڵ نەکەی .. لەم ماڵە تەنیا من مێردتم کەسێکی دیکەم لەگەڵدا نییە !



Scanned by CamScanner

## ﴿ خوا دەزانێ ئێستا هەناوی کامەمان دەسووتێ .. ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور بە وەختی ناوەختە لا دەداتە ماڵی هاوڕێیەکی خۆی، ئەوانیش ئەو کاتە چێشتیان نابێ، ناچار دەبن قاپێك هەنگوێن بۆ مەلا دێنن، تێر نان و هەنگوێن دەخوا.. بەمە ناوەستێ و کەوچکێك داوا دەکا، خەریك دەبێ هەنگوێنەکە تەواو بکا .. کابرا دەزانێ مەلا نیازی وایە هەموو هەنگوێنەکە بخوا، ڕووی تێدەکا و پێی دەڵێ : مەلا هەنگوێن بە کەوچك ناخورێ، هەناوت دەسووتێنێ . لە وەڵامدا دەڵێ :

- خوا دەزانێ ئێستا هەناوی کامەمان دەسووتێ !

## ﴿ بەخوا زۆر بە پەلە بووم نەمتوانی بینووسم، دەبێ ببووری ! ﴾

ڕۆژێك دراوسێیەکی ماڵی مەلا مەشهوور شایی و زەماوەندیان دەبێ، مەلا داوەت نامەیەك بە دەستەوە دەگرێت و دەچێتە ئەوێ، پاش ئەوەی داوەت نامەکە دەداتە دەست یەکێك لە خزمەکانی زاوا، یەکسەر لە سەرخوان دادەنیشێ و دەست بە نانخواردن دەکا .. خاوەن شایی سەیر دەکا نامەکە بە تاڵە و مەلا داوەت نەکراوە، دێتە لای مەلا، پێی دەڵێ : قوربان نامەکەت بە تاڵە ! ئەویش بەدەم خواردنەوە سەری بۆ بەرز دەکاتەوە و، پێی دەڵێ :

- بە خوا زۆر بە پەلە بووم نەمتوانی بینووسم، دەبێ ببووری !



Scanned by CamScanner

## ﴿ چ بکەم خۆت حەز لە قەستەقولی ماکەر دەکەی ! ﴾

مەلا مەشهوور هەموو جارێک کە سواری گوێدرێژەکەی خۆی دەبوو، گوێدرێژەکەی لە ڕێگادا ناوە ناوە دەڕۆیشت و دەسەنگرییەوە و بۆنی کۆنە قەستەقولی ماکەری پێش خۆی دەکرد .. ئەویش بۆ ئەوەی گوێدرێژەکە هێندە لووت بە زەوییەوە نەنێت، توورەکەیەک پڕ لە قەستەقولی ماکەر دەکا و بە مل گوێدرێژەکەوە شۆڕ دەکاتەوە .. گوێدرێژەکە سەری خۆی دەلەقێنێتەوە و دەغەزری .. مەلا ناچار دەبێ توورەکەکەی لە مل دەکاتەوە، پێی دەڵێ :

- چ بکەم خۆت حەز لە قەستەقولی ماکەر دەکەی .. !

## ﴿ ئەگەر عەقڵت هەبێ ... ! ﴾

ڕۆژێک مەلا مەشهوور لە نێو قەرسیلێکدا بارە پووشێک دەکا و لە پشت گوێدرێژەکەی خۆی بار دەکا .. بەرەو ماڵەوە دەگەڕێتەوە، لە دڵی خۆیدا دەڵێ وا باشە ئاگرێک لەو پووشە بەر بدەم بزانم گوێدرێژەکەم چی بەسەر دێ، لەو ناوە ئاگرێک دەکاتەوە و وردە وردە گوێدرێژەکەی لێ نزیک دەکاتەوە، بایەکی بەتین هەڵدەکا، پووشی سەرپشتی گوێدرێژەکە گڕ دەگرێ، ئاگر دەگاتە پشتی و گوێدرێژی بەسەزمان دەست بە غاردان دەکا، بە ڕێکەوت ئەو ناوە گۆمە ئاوێکی لێدەبێ، مەلا هاواری گوێدرێژەکە دەکا و، پێی دەڵێ :

- ئەگەر عەقڵت هەبێ خۆت هەڵدەدەیتە نێو ئەم گۆمە ئاوە !



Scanned by CamScanner

## ﴿ خۆشبـــــــزۆك ﴾

رۆژێك ئافرەتێك بە بووك دەبردرێ و لە دوای سێ مانگ کورێکی دەبێ . ژنـــانی گەڕەك لێی کۆ دەبنەوە و دەیانەوێ ناوێکی لێبنێن . لە نێو خۆیانـدا لـە سـەر هیچ ناوێك ڕێکناکـەون .. دەچــنە لای مـەلا مەشـهوور وتێـی دەگـەیێنن کـە منداڵەکە بە سێ مانگ لە دایك بووە و داوای لێدەکەن ناوێکیان بۆ بدۆزێتـەوە . مەلا یەکسەر دەڵێ : خۆشبزۆك . دەڵێن : توخوا مەلا ، کەی ئەمە نـاوە ؟ لـە وەلامدا دەڵێ :

- ئەو منداڵەی بە سێ مانگ لە دایك ببێ ، دەبێ (( خۆشبزۆك )) بێ !

## ﴿ دەمەوێ بزانم دەنگم دەگاتە کوێ ... ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور بەغاردان بانگ دەدا ، پێی دەڵێن :

مەلا بە غاردان بانگدان بۆ چییە ؟ ئەویش دەڵێ :

- دەمەوێ بزانم دەنگم دەگاتە کوێ !

## ﴿ ئەگەر چیا نەڕوا ، کەشتی دەڕوا .. ! ﴾

رۆژێك هەندێ لە هاوڕێیەکانی مەلا مەشهوور بۆ رابواردن پێـی دەڵـێن ، مـەلا بەچی بزانین تۆ پیاو چـاکی ؟ پێیـان دەڵـێ : ئەگـەر مـن داوای بـەرد بکـەم بەردەکە بە خۆی دێتە نێو دەستم ، دەنگی هەر رووەکێکش بـدەم رووەکەکـە بـۆ لای من دێ . پێی دەڵێن ، فەرموو ئەگەر وایە بانگی ئەو درەختە گەورەیـە بکـە با بێتە لامان .. مەلا سێ کەڕەت بـانگی درەختەکـە دەکـات .. درەختەکـە لـە



Scanned by CamScanner

شوێنی خۆی ناجووڵێتەوە .. مەلا ناچار دەبێ بە خۆی بۆ لای درەختەکە دەچێ ، پێی دەڵێن : مەلا ئەوە چییە؟ پێیان دەڵێ :

- ئەی ئێوە نازانن ئەوەی پیاو چاك بێ، نابێ بە فیزو لە خۆبایی بێ، ئەگەر چیا نەڕوا کەشتی دەڕوا !

## ﴿ ئەی بێ ویژدان، ئەمە پشیلەکەیە یا گۆشتەکەیە .. ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور سێ کیلۆ گۆشت دەباتەوە ماڵەوە، دوای ئەوەی دەچێتە دەرەوە، ژنەکەی چەند ئافرەتێکی دراوسێیان بانگ دەکا و، .. هەموو گۆوشتەکە دەکەنە تکەوو کەباب و دەیخۆن . بۆ ئێوارێ مەلا دێتەوە ماڵەوە، سەیر دەکا شۆربایەکی رووتی بۆ دێنن، بە ژنەکەی خۆی دەڵێ، ئافرەت بۆ هەندێك لەو گۆشتەت نەکولاند تا دوو پشکی لێ بخۆین ؟ پێی دەڵێ : ئەو پشیلەیەی تۆ ماڵی کاول کردووین هەر سێ کیلۆ گۆشتی خوارد .. ئیتر مەلا خۆی پێناگیرێ و تاو دەداتە پشیلەکە و دەیگرێ .. تەرازوویەك دێنێ و لە بەر چاوی ژنەکەی خۆی پشیلەکە دەکێشێ، سەیر دەکا کێشی پشیلەکە بە گشتی سێ کیلۆیە . روو لە ژنەکەی خۆی دەکا و پێی دەڵێ :

- ئەی بێ ویژدان، پشیلەی بە سەزمان بە خۆی سێ کیلۆیە .. ئەگەر کێشەکە گۆشتەکە بێ ،ئەی پشیلەکە کوانێ، ئەگەر پشیلەکەش بێ، گۆشتەکە کوانێ ؟



Scanned by CamScanner

## ﴿ ئەوەی دەڵێ تلیاك پیاو سەرخۆش دەكا درۆیە .. ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور گوێی لێدەبێ كە تلیاك پیاو سەرخۆش دەكا .. ئەویش بۆ ئەوەی بزانێ ئەمە ڕاستە یا نا، لە دوكانی عەتارێك هەندێ تلیاك دەكڕێ و دەیخاتە گیرفانی خۆیەوە .. ئیتر دەچێتە گەرماو لە كاتی خۆشۆریندا لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیەكانی خۆی باسی تلیاك دەكەن .. تلیاكەكەی خۆی بە بیر دێتەوە و یەكسەر دەچێ تلیاكەكە دەخاتە و نێو جگەرەیەك و دەیكێشێ .. ماوەیەكی چاك دوو كەڵی جگەرەكە هەڵدەمژێ .. وا بە خەیاڵی دادێ سەرخۆش نەبووە و عەتارەكە فێڵی لێكردووە .. بە ڕووتی لە گەرما و دەردەچێ .. بە نێو شەقامدا دەڕوا و بەلادا دەچێ .. هەندێ ناسیاو و لێی كۆدەبنەوە و، پێی دەڵێن : مەلا ئەوە چ بووە ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :

- نەخێر، هیچ نەبووە، ئەو عەتارە فێڵی لێكردووم !

## ﴿ چۆن بە سەگی گەورە ڕاوە ئاسك دەكرێ .. ؟ ﴾

ڕۆژێك دادوەرێكی ڕەزیل بە مەلا مەشهوور دەڵێ، تۆ لە بارەی ڕاوشكاردا چاك دەزانی و هەڵبەتە شارەزایی چاكیشت لە مەر سەگی ڕاوكردندا هەیە، دەمەوێ بەیانی سەگێكم بۆ بهێنی لەشولاری سووك بێ، گوێیەكانی وەكو كەروێشك قیت بێ، ڕەنگیشی لە ڕەنگی مێروولە بێ . مەلا بۆ بەیانی سەگێكی گەورەی بەر مێگەلی مەڕی شوانانی بۆ دێنێ، كاتێ دادوەرە ڕەزیلەكە چاوی بە سەگە سك گەورەكە دەكەوێ، دەزانێ ئەو سەگە زۆر خۆرە، یەكسەر بە مەلا دەڵێ : مەلا ئەم سەگە گەورەیە دەڵێی هێسترە، ئەمە چۆن ڕاوی پێدەكرێ ؟



Scanned by CamScanner

له وه‌ڵامدا پێی ده‌ڵێ :

- گه‌وره‌م دڵ له دڵ مه‌ده‌، با مانگێك له‌و ماڵه‌ی ئێوه بمێنێته‌وه وا لاوازو سووك و باریك ده‌بێته‌وه هه‌موو ئاسكی ئه‌م ده‌شت و كێوه‌ت بۆ راو ده‌كا !

## ﴿ ئێستا مه‌سه‌له‌كه‌م لێ ئاڵۆز بوو ﴾

رۆژێك مه‌لا مه‌شهوور له شارێك قازی ده‌بێ، كابرایه‌ك دێ و پێی ده‌ڵێ : مانگایه‌كی به‌ڵه‌ك وابزانم مانگایه‌كه‌ی ئێوه بوو قۆچێكی له سكی مانگاكه‌ی ئێمه داوه و كوشتوویه‌تی، مه‌لا پێی ده‌ڵێ، باشه ئه‌مه مه‌سه‌له‌ی خوێنه، خاوه‌نی مانگا چ پێوه‌ندی به ئه‌مه‌وه هه‌یه ؟ كابرا ده‌ڵێ : مه‌لا ببووره ده‌ڵێم مانگاكه‌ی ئێمه قۆچی له سكی مانگای ئێوه داوه و كوشتوویه‌تی .. مه‌لا یه‌كسه‌ر پێی ده‌ڵێ :

- ئێستا مه‌سه‌له‌كه‌م لێ ئاڵۆز بوو، ئه‌گه‌ر زه‌حمه‌ت نه‌بێ ئه‌و كتێبه به‌رگ ره‌شه‌ی سه‌ر ئه‌م ره‌فه‌یه‌م بۆ بێنه با سه‌یرێكی بكه‌م !

## ﴿ نه‌خێر تۆ له شایی ئه‌و ماڵه‌ی دراوسێمان بوویت ﴾

رۆژێك مه‌لا مه‌شهوور پیره، ژنه‌كه‌یشی جحێڵه و ته‌مه‌نی ده‌وروبه‌ری ٢٠ ساڵه. ده‌چێته‌وه ماڵه‌وه سه‌یر ده‌كا ژنه‌كه‌ی زۆر تووڕه‌یه ، پێی ده‌ڵێ : ئافره‌ت خوا هه‌ڵناگرێ من له به‌یانییه‌وه بۆ تۆ ئیش ده‌كه‌م، ئه‌و ماندووبوونه‌ی من بۆچی له به‌رچاو ناگریت و به‌و خراپییه هه‌ڵسوكه‌وتم له‌گه‌ڵدا ده‌كه‌یت ؟ ژنه‌كه‌ی پێی ده‌ڵێ : بۆ چ بووه ؟ مه‌لا ده‌ڵێ، بۆچی وا غه‌مباری ؟ ژنه‌كه‌ی ده‌ڵێ : له‌و ماڵه‌ی دراوسێمان بووم كوڕێكیان مردبوو، ئێستا زانیت بۆچی غه‌مبارم !

مه‌لا ده‌ڵێ :

- نه‌خێر تۆ له شایی ئه‌و ماڵه‌ی دراوسێمان بوویت !



Scanned by CamScanner

## ﴿ نەخێر، پێش ئەوەی بگەمە ئێرە زۆر نووستووم، خەوم نایێت ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور دەگاتە گوندێك و لە ماڵی مەلای گوندەکە میوان دەبـێ .. کابرا بەخێر هاتنی دەکا و لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێ برسیتە یـا نـا، پێـی دەڵێ : برای ئازیزم بەخوا وا دیارە ماندوویت و نەنووسـتوویت .. مـەلا برسـی دەبێ، پێی دەڵێ :

- نەخێر، پێش ئەوەی بگەمە ئێرە زۆر نووستووم، خەوم نایێت !

## ﴿ چاوەڕوانـم تـاکو بەسەر ئـاو بکەوێتەوە و بیگرمەوە ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور گۆزەیەك دەباتە سەر ڕووبارێك دەیەوێ گۆزەکە پڕ لە ئاو بکا .. لە ناکاو دەسکی گۆزەکە لە دەستی بەردەبێت و گۆزەکـە لـە ئـاو نقـووم دەبێ، دەمێك سەیری ئاوەکە دەکات و لە شـوێنی نقـووم بوونەکـە رادەمـینێ، یەکێك دەیبینێ و پێی دەڵێ : مەلا ئەوە چ دەکەی ؟ بۆ لەم ئاوە رامـای ؟ مـەلا لە وەڵامدا دەڵێ :

- گۆزەکەم لێرە نقووم بووە، چـاوەڕێ دەکـەم بکەوێتـەوە سـەر ئـاو تـاکو بیگرمەوە !



Scanned by CamScanner

# ﴿ ئەم كابرایە چ بلێت دەیكا .. ! ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور دەچێتە شارێك، یەكێك لە خەڵكی ئەوێ پێی دەڵێ : مەلا من ماوەیەكە دەنگوباسی تۆم بیستووە و حەز دەكەم خزمەتت بكەم، فەرموو بـا بچینەماڵەوە نان و خوێیەك پێكەوە بخۆین، مەلا مانـدووەو زۆر برسـییەتی، بە دوای كابرا دەكەوێ بەڵكو پاروەە نانێكی گـەرم بخـوا . هەركـە دەگەنـەوە ماڵەوە كابرا نان و خوێ لە بەر دەم مەلا دادەنێ، لەو كاتەش سواڵكەرێك لە دەرگا دەدا، داوای لەتە نانێك دەكا . پیاوەكە لە سـواڵكەرەكە دەخورێتـەوە . سواڵكەرەكە دەمێك دەوەستێ دووبـارە داوای لەتە نـانێك دەكاتـەوە، پیـاوەكـە هاوار دەكا و بە سواڵكەرەكە دەڵێ، برۆ هەی كەری كەرباوك ئێستا بێمە دەرەوە هەموو گیانت دەشكێنم .. سواڵكەرەكە نارِوا، خاوەن ماڵەكە تـاوی دەداتـێ .. مەلا دەكەوێتە نێوانیان، روو لە سواڵكەرەكە دەكا، پێی دەڵێ :

- برۆ هەی باوكی باوكم، ئەم كابرایە چ بلێت دەیكا !

# ﴿ بەو حسێبە بێ ئەمساڵ هەردووكمان یەك تەمەنین ! ﴾

كاتێ مەلا مەشهوور منداڵ دەبێ، لێی دەپرسن : تۆ گەورە تری یا براكەت ؟ لە وەڵامدا دەڵێ : پارەكە دایكم گوتی برات ساڵێك لە تۆ گـەورەترە ئەگـەر بـەو حسێبە بێ ئەمساڵ هەردووكمان یەك تەمەنین !



Scanned by CamScanner

# ﴿ ئەگەر گۆزەکەی شکاند لێدان بۆ چییە ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور گۆزەیەك دەداتە دەست کچەکەی خۆی و داوای لێدەکا بچێ لە سەر ڕووبار گۆزەیەك لە ئاو بێنێ و، لە گەڵیشیدا شە پازللەیەك لە بن گوێی قایم دەکا .. یەکێك دەیبینێ، پێی دەڵێ : ئای مەلا ئەم کچە هیچی نەکردووە، بۆ بە ناهەق لێی دەدەی ؟ خۆ گۆزەکەی نەشکاندووە ! مەلا دەڵێ :

- ئەگەر گۆزەکەی شکاند لێدان بۆ چییە !



منیش بیـــر لەم وەڵامە دەکەمـــــەوە

## ﴿ ژن هێنان لە خەوندا ﴾

رۆژێك مەلا مەشهوور نووستووە و خەون دەبینێ، سەیر دەکا هەنـدێ ئـافرەتی دراوسێیان خەریکن بە زۆرە ملێ ژنی بۆ دێنن، مەلا هوشیار دەبێتەوە، یەکـسەر بـانگی ژنەکەی خۆی دەکا و پێ دەڵێ :

ئافرەت هەڵسە ئاگاداری خۆت بە، هەندێ ئافرەتی دراوسێمان خەریکن بە زۆرە ملێ ژنم بۆ دێنن، ئینجا نەڵێی مەلا پێی نەگوتم !

## ﴿ جحێڵێکی بۆ بدۆزەوە ﴾

رۆژێك ئافرەتێکی دراوسێی ماڵی مەلا مەشهوور لەگەڵ کچێکی جحێڵـی خۆیـدا دێتە ماڵی مەلا، پێی دەڵێ : ئەی شێخی گەورە، تـۆ کابرایـەکی زۆر پـیرۆزی، ئەم کچەم خەریکە شێت دەبێ، بزانە دوعایەکی بۆ ناکـەی ! مـەلا بـە ژنەکـە دەڵێ :

- پیرێژن، دوعای من کار لەم کچەی تۆ ناکا .. برۆ جحێڵێکی بۆ بدۆزەوە!

## ﴿ ئەگەر خوێندن و نووسین بە جوبە و عەمامە بێ .. ! ﴾

رۆژێك یەکێکی خەڵکی ئازەربێجان نامەیەکی بـە زوبـانی فارسـی بـۆ دێـت . ئەویش رێگا لە مەلا مەشهوور دەگرێ، پێی دەڵێ : مەلا ئەم نامەیەم بە زوبانی فارسی بۆ هاتووە بۆم بخوێنەوە، مەلا زوبانی فارسی نازانێ، پێی دەڵێ : بـرا گیان بە خوا ئیمرۆ لەگەڵ ژنەکەی خۆم دەمەقاڵێم بووە ئێستا نـاتوانم ئـەم نامەیە بخوێنمەوە .. پیاوکە دەڵێ : وا دیارە فارسی نازانیت، ئەی ئەم جوبـە و عەمامەیەت بۆ لە بەر کردووە و خۆت لە ئێمە کردووەتـە شـێخی سـەنعان ..

مەلا تووڕە دەبێ .. جوبەو عەمامەکەی خۆی دادەکەنێ و لە بەردەم کابرا دادەنێ، دەڵێ :

- فەرموو، ئەگەر خوێندن و نووسین بە جوبەو عەمامە بێ ئەمانە لە بەر بکە، ئینجا با بزانم یەك دێڕێ ئەم نامەیەت پێ دەخوێندرێتەوە .. !

## ﴿ سەرەو ژێریان کردووەتەوە تاکو ژێرەکەی وشك بێتەوە ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە شاری (( ئەفیون قەرە حەسار )) دەبێ، میوانێکی لادێی دێ و وا دیارە میوانەکە پێشتر شاری نەبینیوە .. ئیتر مەلا و میوانەکە بەڕێوە دەبن و بۆماڵەوە دەگەڕێنەوە، لە ڕێگا میوانەکە چاوی بە منارەی مزگەوتێك دەکەوێ، سەری سوڕ دەمێنێ، بە مەلا دەڵێ : مەلا ئەم شتە بڵندە چییە ؟ مەلا دەڵێ برا گیان ئەوە بیرە . میوانەکە دیسان دەڵێ : ئەی چۆن بیر ژێرەوەی لە سەرەوە دەبێ؟ مەلا لە وەڵامدا پێی دەڵێ :

- بە خوا کابرایەکی بێ عەقلی، وا دیارە شارت نەبینیوە، ئەمە بیرە سەرەوژێریان کردووتەوە تاکو ژێرەکەی وشك بێتەوە !

## ﴿ مەلایەکان مانای – بێنە – نازانن .. ! ﴾

ڕۆژێك مەلایەك دەکەوێتە نێو گۆمە ئاوێکی قووڵ، هاوڕێیەکانی هاوار دەکەن و پێی دەڵێن : دەستت بێنە، دەستت بێنە . مەلا گوێیان ناداتێ و دەستی خۆی بۆیان درێژ ناکا .. مەلا مەشهوور دەگاتە ئەوێ و ئەختێ تێیان رادەمێنێ ،ئینجا دەستی خۆی بۆ مەلایەکە درێژە دەکا و پێی دەڵێ : فەرموو، بگرە . مەلایەکە یەکسەر دەستی دەگرێ و دێتە دەرەوە، خەڵکەکە سەیریان پێدێ و بە مەلا دەڵێن : ئەم کابرایەت چۆن رزگار کرد ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :

- براینە مەلایەکان تەنیا – بگرە – یان خوێندووە، هێشتا مانای – بێنە – نازانن .. !



Scanned by CamScanner

## « پەلە مەکە بەیانی دەنگی لێوە دێ .. ! »

شەوێك مەلا مەشهوور لەگەڵ میوانێکی خۆی بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوە، لە دوورەوە چەند دزێك دەبینێ کە خەریکن کلیلی دەرگای ماڵەکەیان دەشکێنن . ئیتر دەترسێ چی دی بچێتە پێشەوە نەوەك لەگەڵ دزەکاندا تووشی گێچەڵ ببێتەوە و سەر و گوێلاکی بشکێنن یا خود بیکوژن . لەگەڵ کابرای میوان خۆیان لە پەنایەك دەشارنەوە . میوانەکە پێی دەڵێ : مەلا ئەوانە چ دەکەن ؟ مەلا دەڵێ : بۆ نابینی – کەمان – لێدەدەن ! میوانەکە دیسان دەڵێ : ئەی باشە، بۆ دەنگی نایێ ؟

مەلا لە وەڵامدا پێی دەڵێ :

- پەلە مەکە، بەیانی دەنگی لێوە دێ .. !

## « قوربان، ئەگەر ئێوە گەورەن ئێمەش بچووکین ! »

ڕۆژێك مەلا مەشهوور بە نوێنەرایەتی خەڵکی شارەکەی خۆی دەچێتە دیوەخانەی تەیموورلەنگ، لە بەردەم وەزیرەکانیدا ڕوو لە تەیموورلەنگ دەکا و داوای چەند شتێکی لێدەکا . تەیموورلەنگ تووڕە دەبێ و بە مەلا دەڵێ : پێم بڵێ تۆ کێی ؟ چۆن ئەم شتانە داوا دەکەی ؟ ئەی نازانی من خاوەنی هەموو دنیام و گەورەی ئەم هەموو خەڵکەم ؟

مەلا بە زەردەخەنەییەکەوە، پێی دەڵێ :

- قوربان، ئەگەر ئێوە گەورەن ئێمەش بچووکین !

## ﴿ ئەگەر جوتیار گەنم نەدا، سوڵتان لە برسان دەمریٚ ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور لە ماڵی گەورە پیاوێکی دێیەکەی خۆیان میوان دەبێ، .. پیاوەکە لە کاتی نانخواردندا لێی دەپرسی، دەڵێ : مەلا بەرای تۆ جوتیار گەورە ترە یا سوڵتان ؟

مەلا یەکسەر، دەڵێ :

- هەڵبەتە جوتیار، ئەگەر ئەو گەنم نەدا، سوڵتان لە برسان دەمرێ !

## ﴿تەندروستی چـــاك﴾

ڕۆژێك زستان دەبێ و کابرایەکی هەژار و برسی و پێ خواس و نەخۆش لە مەلا مەشهوور دەپرسێت و پێی دەڵێ : مەلا تەندروستی چاك چییە ؟ مەلا دەڵێ :

- قاچەکانت گەرم بکەیتەوە، سەرت سارد بکەیتەوە، خواردنت چاك بکەیتەوە، زۆریش بیر لە ژیان نەکەیتەوە .. !

## ﴿ میوانی خوا، دەچێتە ماڵی خوا ! ﴾

ڕۆژێك یەکێك لە گوندنشینەکان، هەموو ڕۆژێك فێر ببوو سەری بە ماڵێکدا دەگرت و نانی لێدەخوارد، لە ماڵێکی دی جلوبەرگ و پارەی وەردەگرت، لە هەندێ ماڵی دیکەش شەوان لێی پاڵدەدایەوە، بە کورتی ببووە سواڵکەرێك بە زۆرە ملێ خۆی بە سەر خەڵکی هەژاری دێیەکە سەپاندبوو . ڕۆژێکیان لە دەرگای ماڵی مەلا مەشهوور دەدا، مەلاژن دەرگای لێدەکاتەوە و پێی دەڵێ: چیت دەوێ ؟ کابرای سواڵکەر پێی دەڵێ : مەلاژن ببوورە، نیشم بە ماموستایە، دەمەوێ ببینم ! مەلا خێرا دەچێتە دەرەوە پێی دەڵێ : چیت دەوێ، کابرا لە

وەڵامدا دەڵێ، من میوانی خوام ! ئەویش ناگەڕێتەووە ژوورەوە، یەکسەر پێی دەڵێ : فەرموو ،بەدوامکەوە، کابرای سواڵکەر بەدوای دەکەوێ تا دەگەنە بەر دەرگای مزگەوتێك . مەلا بە دەستی خۆی هێما بۆ مزگەتەکە دەکا و، پێی دەڵێ :

- ئەوەی میوانی خوا بێت، دەچێتە ماڵی خوا !

## ﴿ لێبگەڕێن ئەو جلوبەرگە نانی بڕی ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور بۆ مەلایەتی دەچێتە گوندێك، ئەوانیش زۆر بە خێر هاتنی دەکەن، بەڵام پێی دەڵێن مەلامان هەیە دەبێ ببووری، ناچار لەوێ دەروا سەر بە دەیان گوندی دیکە دەکا و خەڵکی هیچ گوندێك ڕایناگرن . لە درێژەی ئەو گەڕانەدا ڕۆژێك تووشی ڕووداوێك دێ و سەیر دەکا خەڵکی گوندێك ڕێوییەکیان بە تەڵە گرتووە و بە دەوریدا کۆبوونەتەوە، مەلا پێیان دەڵێ، ئەوە چ بووە ؟ پێی دەڵێن، ئەم ڕێوییە عەجمانی لێ نەهێشتووین، هەموو مریشك و کەڵەشێری لێ خواردووین، لەو دوا دواییەش فێر بووە جلوبەرگ و پێڵاوەکانیشمانی دەدزی . وا دیارە تۆ پیاو چاکی، حەز دەکەین پێشتر تەمبێ خواردی بکەیت و ئینجا بیکوژین . مەلا پێیان دەڵێ، لێبگەڕێن ئێستا من وانەیەکی فێر دەکەم هەرگیز لە بیر نەکا . دەسبەجێ جوبەی خۆی دادەکەنێت و لە بەر ڕێوییەکە دەکا .. نێو قەدی بە پەتێك دەبەستێ، مێزەرەکەیشی لە سەر ڕێوییەکە دەنێ و ئەویش توند دەبەستێ ئینجا ڕێوییەکە بەڕەڵا دەکا .. خەڵکەکە واقی وڕ دەمینێن، دەڵێن کابرا بۆ خاتر خوا ئەمە چیت کرد ؟ مەلا دەڵێ :

- لێبگەڕێن ئەم جلوبەرگە نانی بڕی !



Scanned by CamScanner

# ﴿ ماڵەکەت ببە نێو بیستانەکەت ! ﴾

ڕۆژێك بیستانەوانێك گلەیی ئەوە دەکا کە ڕۆژ لە خانووەکەی نادا . ڕوو لە مەلا مەشهوور دەکا و داوای چارەیەکی لێدەکا . مەلا دەڵێ : برای بەڕێز خۆر لە بیستانەکەت دەدا ، کابرا زوو دەڵێ : بەڵێ . مەلا دووبارە دەڵێ : کەواتە زۆر ئاسانە !

کابرا دەڵێ : چۆن ؟ مەلا یەکسەر دەڵێ :

- ماڵەکەت ببە نێو بیستانەکەت !



ئەگەر جووتیار گەنم نەدا سوڵتان لە برسان دەمرێ



Scanned by CamScanner

# ﴿ ئەگەر ئەو بەڕەڵلا ببێ لەوی دیکە خرا پتر دەکا ! ﴾

ڕۆژێك مەلا مەشهوور پەتی دوو گوێدرێژی گرتووە و بە نێو شاردا دەڕوا . لە ناکاو یەکێکیان لە دەستی بەڕەڵلا دەبێ و هەموو نێو بازاڕی بەدوادا دەکا و نایدۆزێتەوە .. دەگەڕێتەوە لای گوێدرێژەکەی دیکە .. دەست دەکاتە دارێکی ئەستوور و سەرو گوێلاکی دەکوتێتەوە ... خەڵکی بازاڕ لێی کۆدەبنەوە، پێی دەڵێن : مەلا بۆ خاتری خوا واز لەم بەسەزمانە بێنە، ئەوی دیکە هەڵاتووە تۆ بێخەی ئەمەت گرتووە . مەلا دەڵێ :

- ئێوە نازانن، ئەگەر ئەمە بەڕەڵلا ببێ لەوی دیکە خرا پتر دەکا !

- تەواو -

- ١٩٩٨ -

# موحسین چینی بە پێنووسی خۆی

لە ١٩٤٩/١٠/١٥ لە گەڕەکی سێتاقان لە دایکبوومەو، بەر لەوەی بە دنیا شادبوم بە پێنج مانگ لە گوندی شەوگێڕی ناوچەی کۆیێ باوکم بە نەخۆشییەکی سووک کۆچی دوایی کردووە و هەر لە گۆڕستانی ئەوێش نێژراوە.

باوکم قەساب بووە، لە دێهاتەکانی ناوچەی کۆیێ و خۆشناوەتی ڕەشەوڵاغی کڕیوە و بۆ هەولێر هێناویەتی و فرۆشتوویەتی، سێ برا و سێ خۆشکی لە خۆم گەورەترم هەیە. لە بنەماڵەیەکی نیمچە گوزەران مام ناوەندی پەروەردەکراوم.. لە هەندێ حاڵەتان کە بە بیریان هێناومەتەوە ئەگینا هەستم بە بێ باوکی خۆم نەکردووە.. برای گەورەم قەساب بووە، هەموو دەمێك خاوەن دوکان و موڵکی خۆمان بووین..

لە تەمەنی پێنج ساڵی چوومەتە قوتابخانە و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن زیرەك بووم.. هاوینی ١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی هەولێرم تەواوکردووە. سێ ساڵم مابوو ماوەی یاسایی ڕاژەی مامۆستایەتی تەواو بکەم لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ لەبەر ئیشوکاری نووسین خۆم خانەنشین کردووە و ئێستا نووسینم کردووەتە پیشە و بە نیازم لە جاران پتر خۆم بە بواری وەرگێڕان خەریك بکەم..

ناوی تەواوم - موحسین ئەحمەد محەمەد- ە، نازناوم چینییە، ماوەیەکی دووردرێژە بە کاری نووسین و وەرگێڕان خەریکم.. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێش ڕاپەڕین لە یەك کاتدا بە حەوت نازناو بابەتم بڵاو کردووەتەوە.

دوای راپەڕین کاتێ گرانی دەستیپێکرد نیمچە کارگەیەکی بەرگی مۆتەم دانا و بژێوی ژیانم تاڕادەیەك دابەزی..

لە ساڵی ١٩٧٥ ژنم هێناوە، خێزانم –فەوزیە وەلی مام وسو– خانمە مامۆستابوو و ئێستا خانەنشینە، دوو کوڕ و دوو کچم هەبوو، نۆبەرەکەم –نەبەز– کە هێشتا دوو مانگی مابوو تەمەنی بیست ساڵی تەواو بکات لە ململانێی سیاسی نێوان بەرە سیاسییەکانی کوردستان –شەهید– بوو، کچی گەورەم –هەرمێن– کۆلیژی پەروەردەی بەشی زمانی ئینگلیزی تەواو کردووە، شووی کردووە و خاوەن دوو کچی بچووکە، لە وەرگێڕانی ئینگلیزی یارمەتیم دەدات و ناوی لەسەر نزیکەی ١٥ کتێبدا هەیە..

کچی دواترم –تابان– کۆلیژی هونەرە جوانەکان –بەشی موزیکی– تەواوکردووە و ئێستا توێژەری پێشکەوتووە لە هەمان کۆلیژ، لە چەندین کاری هونەری بەشداری کردووە، چەند بەرهەمێکی نووسراوی موزیکی هەیە. کوڕی بچووکم –جێمس– ئەویش هەم مامۆستایە و هەمیش لە قۆناغی سێیەمی کۆلیژی هونەرەجوانەکان –بەشی دیزاین–ە، ژنی هێناوە و کچێکی ساوای هەیە، ئەگەر چی جێمس هێشتا بە تەمەن بچووکە کەچی رۆژانە لە رۆژنامەی هەولێر لاپەڕەی فەرهەنگ دەردەکات و خوێنەر بە ئەدیبە گەورەکانی سەرتاپای جیهان دەناسێنێت.

قۆناغی خوێندنم بە گشتی بە زمانی عەرەبی بووە، ئەو کاتە خوێندن لە قوتابخانەکان بە زمانی عەرەبی بووە.. لە ساڵی ١٩٦٣ پەرتووکخانەی حیزبی شیوعی عێراق لە ماڵی ئێمە بووە ئەو کاتە تەمەنم سیانزە ساڵان بوو کە ئەم کتێبانەم هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد هەڵبەتە دوو وشەی تێدا فێربووم..



Scanned by CamScanner

هەر لەم تەمەنە بچووکە دەستم بە خوێندنەوەی کتێب کردووە و دەتوانم بڵێم خوێندنەوەی ئەم کتێبانە رایکێشامە نێو خوێندنەوەی بابەتی دی، نیوی ژیانی گەنجێتیم لە پەرتووکخانەی گشتی هەولێر بەسەر بردووە..

لەساڵی ١٩٦٤ و دواتر لە هەولێر پەرتووکخانەیەك هەبوو بە ناوی – أربيل– خاوەنەکەی کاك عەبدولرەزاقی رەواندوزی بوو.. کەوتبووە شەقامی ئاشتی و نزیك چایخانەی قەردارانی ئێستا.. تەنیا ئەو پەرتووکخانەیە رۆژنامەیەکی کوردی دەهێنا ئەویش سێ دانەی لێدەهێنا.. رۆژنامەیەکی بەناو رۆژنامەبوو کەچی مانگانەبوو و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ناونیشانی –کوردستان– دەریدەکرد هەموو جارێك کاك عەبدولرەزاق دانەیەکی بۆ هەڵدەگرتم.. رۆژنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا بابەتی زۆر پێشکەوتنخوازی بلاو دەکردەوە. هەر لەو باوەڕەشم کە کاك عەبدولرەزاق ئەم دانەیەی بۆ مەرامی سوودی گشتی بۆمن هەڵدەگرت، رۆژنامەی کوردستان ئەو سەردەمی زۆر بە تەوژم جێی خۆی لە ناخی هۆشی گەنجی کورد دەکردەوە، کەچی رۆژگار، یاخود کۆنەپەرستان لە هەموو لایەن لە پیلان بوون و دەوروبەر کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر ئەم بیرو بۆچوون و شیکردنەوەکانی رۆژنامەکە هەبوو لە هەموو لایەك گەمارۆیان دا و شەپۆلی پێشکەوتنخوازی ئەو کۆمەڵەیەیان سست کردەوە ئەگەر نەڵێم لە چاڵی رەوتی بۆرژوا زیندە بەچاڵیان کرد.

هەر لەو ساڵی لە پەرتووکخانەی گشتی هەولێر لەگەڵ فەرمانبەرێك ئاشنابووم کە ناوی –مەجید هێرش– بوو.. چەندین جار لەسەر مەسەلەی کوردایەتی گفتوگۆمان دەکرد و لە دەرەوە دوای دەوام درێژەمان بە



Scanned by CamScanner

گفتوگۆیەکانی سەر هەندێ مەسەلەی خەبات دەدا. هەر لە نێوان ئەم باسانە ڕۆژێکیان هاتینە سەر باسی ئەوەی کە پەرتووکخانەی گشتی هەولێر کتێبی کوردی تێدا نییە، ڕۆژێکیان کاك مەجید هێرش بە –نازم– ئاغای گوت کە بەڕێوەبەری پەرتووکخانەی گشتی بوو، پێی گوت کە خوێندەواران داوای کتێبی کوردی دەکەن، ئەویش وەکو مەردان پێنج دیناری لە مست مەجید هێرش نا کە چەند کتێبێکی کوردی پێ بکڕێت، ئەوەبوو پێکەوە چووینە لای –پەرتووکخانەی مام گیوی– یەك ئامێز کتێبی کوردیمان بە پێنج دینارەکە کڕی و پێکەوە گەیاندمانەوە پەرتووکخانەی گشتی.

ناخۆشترین سەردەمی ژیانم قۆناغی خوێندنی ئەو سێ ساڵەی ناوەندی بوو کە وەکو بەرنامە کۆمەڵێك کتێبم بەدەستەوە بوو بۆ خوێندنەوە، لە هەمان کاتیش دەبوایە کتێبەکانی قوتابخانە بخوێنمەوە و ئەرکەکانی نووسین و بابەتی دی ئامادە بکەم..

هەر لەو سێ ساڵەی قۆناغی خوێندنی ناوەندی سەرتاپای کتێبە بڵاوکراوەکانی کوردیم خوێندەوە و لە مانەش –شۆڕشەکانی کورد–ی مامۆستا عەلائەدین سەجادی.. ئەم کتێبەم دوو کەڕەت خوێندەوە و هەندێ بابەتی نێو کتێبەکەشم لە کاغەز نووسییەوە تاکو بتوانم لە نێو برادەران باسیان بکەم.. خوێندنەوەی ئەو کتێبە و نووسینەوەی هەندێ بابەتەکانی نێو کتێبەکە کەسێتی منی لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا کە دەکاتە ٤٥ ساڵ لێکترازاند و لە هەموو هەڵسوکەوت و، بۆچوون و، بیر و لێکدانەوە و، گفتوگۆ و کاری ڕۆژانەی خەباتی سیاسی کردە دوو کەسێتی و تاکو ئێستاش ئەو دوو کەسێتییە لە ژیانی ڕۆژانەم ڕەنگ دەدەنەوە..



Scanned by CamScanner

## نوکتەکانی مەلا مەشهوور

ساڵ و نیوێك لە ئامادەیی -أربیل-م خوێندووە کە ئەوکاتی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی دوو ساڵ بوو بە مانای پۆلی چوارەم و پۆلی پێنجەمی دەبوو، ئەم قۆناغە لە ساڵیخوێندنی ١٩٦٦-١٩٦٧ گۆڕا و خوێندنی ئامادەیی بووە سێ ساڵ. من لە سەردەمی قۆناغی ئامادەیی لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەی ئێمە بە پیاو و ئافرەتەوە سەرقاڵی سیاسەت بوون و هەموو رۆژێك لەگەڵ دەرەبەگەکان.. لە ململانێی چەکداریدا بووین، ناچار پۆلی پێنجەمی ئامادەیی -بەشی زانستی-م بەجێ هێشت و چوومە خانەی مامۆستایان کە ئەویش ماوەی خوێندنی تێدا سێ ساڵ بوو..

ساڵی ١٩٦٩ خانەی مامۆستایانم تەواو کرد و هەر دوای سێ چوار مانگ ئێمەیان بۆ خزمەتی سەربازی راکێشا و رەوانەی شاری عیمارەی باشووری عێراقیان کردین، ئەو ساڵی ١٩٧٠/١/١ یەکەمین ساڵ بوو لە مێژووی عێراق کە دەبووایە ئەندازیار و دکتۆر ومامۆستاش سەربازی بکەن.

لە ساڵی ١٩٧١ بوومەتە مامۆستا و دوای ئەم بەرواره بە چەند ساڵێك لە رۆژنامەی هاوکاری بابەتی ئەدەبی و چیرۆك و شتی وەرگێڕدراوم بڵاو دەکردەوە..

پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆ ماوەی نزیکەی هەشت ساڵ لە زۆربەی ژمارەکانی - هاوکاری - عێراق - ئاسۆ- بابەتم بە ناوی _محسن أحمد محمد_ بڵاو کردووەتەوە، دوای راپەڕین ماوەی پێنج ساڵ لە بواری رۆژنامەگەری دوور کەوتمەوە، لە ساڵی ١٩٩٦ دەستم بە نووسین کردەوە و لە زۆربەی رۆژنامەکان بابەتی سیاسی بە تایبەتی مەسەلەی تیمەکانی پشکنین و حکومەتی مەرکەزی -بەغدا-م بڵاو دەکردەوە.. هەر لەو ماوەیە ماوەی ساڵ و نیوێك لە گۆڤاری گوڵان -- وەکو نووسەری بابەتی



Scanned by CamScanner

سیاسی کارم کردووه و جگه له گۆڤارەکەش ماوەیەك ڕۆژنامەی گوڵانی ئێوارانمان دەرکرد..

ئیدی له دوای ساڵی ٢٠٠٠ به یەکجاری وازم له بڵاوکردنەوەی نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان هێنا و دەستم به وەرگێڕان کرد.. له ساڵی ٢٠٠٣ بەغدا رووخا و حکومەتی نوێ دامەزرا و مووچەی فەرمانبەران زیادی کرد و مۆڵەتی چاپخانەیەکم به ناوی -چاپخانەی چینی- وەرگرت، له چاپخانەکەی خۆم نزیکەی بیست کتێبم به چاپ گەیاند.. کەچی سەیرم کرد ئیشوکاری چاپخانه و چوونه دەوام، ماوەی بەچاپگەیاندنی کتێبه وەرگێڕدراوەکانم زۆر دوا دەخات.. لەم دوو ساڵی دوایی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ ئیشوکارەکانی خۆم برده دەرەوە، بەرگی کتێبەکانم له وڵاتی سووریا چاپ دەکرد و ناوەڕۆکەکانیشم له چاپخانەی -شەهاب- که بەڕێوەبەرەکەی کاك -سۆران-ە چاپ دەکرد.

جگه له وەرگێڕانەکانی خۆم سوودم له بەهرەی هەندێ کەسی دیکەش وەرگرتووە بۆ نموونه کتێبێکی ئینگلیزیم به کاك کاوە شێروانی وەرگێڕاوە و نزیکەی ١٠ کتێبم به دکتۆر فەیسەڵ عارەب بلباس وەرگێڕاوە و ١٥ کتێبیشم به -هەرمێن-ی کچی خۆم وەرگێڕاوە.. ئەمانه گشتیان کوردییەکانیانم چاککردووە.

ئەمساڵیش ٢٠١٠ لەبەر ئەوەی چاپخانەکەی کاك -سۆران- سەرقاڵی بڵاوکراوە و رێکلامەکانی هەڵبژاردن بوو نەمتوانی بۆ پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کتێب که له ٢٠١٠/٤/٢ کرایەوە خۆم به چاکی ئامادە بکەم، بەڵام به هەرحاڵ له دوای نەورۆز و له ماوەی ٦ رۆژ و به ئیشوکاری شەوو رۆژی کارمەندانی چاپخانەکە توانیم ١٢ کتێبی گەورە چاپ بکەم.



Scanned by CamScanner

سەرجەم بەرهەمەکانم کە لە دواوەی هەندێ کتێبەکانی خۆم خشتەم بۆ کردوون دەگەنە نزیکەی ٧٣ کتێب.. ئەم ئومێدە گەورەیە و، وەرگێڕانە زۆرە، بە چاپگەیاندنە و غاردانەی شەوو ڕۆژ، پێشبڕکێیە پیرۆزە، دیسان سەیرم کرد ماوەیەکی زۆری ژیانی ڕۆژانەی منی دەوێت و ماندووبوون و شەونخوونییەکی زۆری دەوێت و ئەمە لەگەڵ دەوام کردنی قوتابخانە ناگونجێت، بۆیە هێشتا سێ ساڵی یاساییم مابوو، خۆم خانەنشین کرد و خۆم بۆ بڵاوکردنەوە یەکلاکردەوە.. بۆ ساڵی داهاتوو ٢٠١١، ئەگەر خودای گەورە بواری تەمەنم بدات، ٣٠ کتێبی کورتە چیرۆکی گیرفان و ٢٥ کتێبی فێرکاری ئینگلیزی و کوردی ٥ بەرگی – کێ ملیۆن دەباتەوە– و بەشی دووەمی پەندی ئینگلیزی و چەند کتێبێکی دیکە کە ئێستا بە دەستمەوەن چاپیان بکەم.

زۆر حەزم لە ڕاستگۆییە، لە ڕێکوپێکی مرۆڤە، مرۆڤ بە کار و کردەوە مرۆڤە.. بە نووسین و بەرهەم.. بە بابەتی چاك و فێرکردنی خەڵکی دی، ئەگەرنا ژیان بە قسەی گەورە و لووتبەرزی تەواو نابێت، مرۆڤی ڕاست و دروست ئەو کەسەیە بەرهەمی هەبێت، دانیشتن و باسکردنی کەموکوڕی خەڵکی دی مرۆڤی پێ بەرز نابێتەوە، بە پێچەوانەوە وەرگێڕانی شاکارێکی گەورەی نووسەرێکی ناودار هەزار و یەك شەوی خواردنەوەی نێو یانەکان دێنێت.

سەرەڕای ئەمانەش دروشمم لە ژیاندا ئەوەیە کە –هەموو ڕاستییەکان ناگوترێن–.

ژیان تەنیا هێندەیە کە سەربەرزیت و لە هەموو بوارێکی ژیان قەرزاری کەس نیت.. من ئەم هەموو کتێبانەم بە پارەی خۆم چاپکردووە و تاکو ئێستا یەك دەرهەمی قەڵەمم لە هیچ کەس و دەزگا و ڕێکخراوێك

وەرنەگرتووە و هەمیشە ئومێدی ئەوەش ناکەم رۆژێـک لـە رۆژان کەسـێك، دەزگایەك یا رێکخراوێك یارمەتیم بدات.. نووسەر یا وەرگێڕ یا هەر ناوێکی لێدەنێن ئەو کەسەیە کە بە خۆی خۆی پێدەگەیـەنێت. ئەگـەر بـەهرەدار بـوو، ئەگـەر بـەهرەداریش نـەبوو ئـەوا ملیـۆنێریش بێـت ناتوانێـت دێـرە شیعرێك، پەخشانێك یا کورتە چیرۆکێك بنووسێت.

موحسین چینی

هەولێر ٢٠١٠






Scanned by CamScanner



نرخی 2500 دیناره

Scanned by CamScanner